## پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

### دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا      لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن


2017


### سەرپەرشتیارانی پرۆژە

د. لوقمان ڕەئوف

بابان ئەنوەر


# کلۆد لیڤی شتراوس

## وەرگێڕانی: کۆمەڵێك نوسەر

بەشی چوارەم

69

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

# کلۆد لیڤی شتراوس

وەرگێڕانی : کۆمەڵێک نوسەر
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال- زریان ڕەحیم
ساڵی چاپ: 2017
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
تیراژ: 750 دانە
چاپخانە: حەمدی
نرخ: 2000 دینار
سەرپەرشتیاری چاپ: ژیار عەلادین - حسێن سەعید
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07701955044 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 193 )



# کلۆد لیڤی شتراوس

## وەرگێڕانی: کۆمەڵێک نوسەر

بەشی چوارەم

69

## خوێنەری بەڕێز:

ئەم نامیلکانەی لەبەردەستدایە، بریتییە لەو پرۆژە فکری و فەلسەفیەی، کە دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە بە پرۆژەی (100) نامیلکەی فکری و فەلسەفی رایگەیاندبوو، ئەم بەشەش بریتییە لە بەشی چوارەم، بەم پێیەش تاوەکو ئێستا لەم پرۆژەیەدا (80) نامیلکەمان چاپکردوە.

بەشی یەکەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە بێرکلی، ئاشنابوون بە باشلار، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە هایدگەر، ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 بەرگ، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، ئاشنابوون بە هیگڵ، ئاشنابوون بە سارتەر، ئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر، ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەک، ئاشنابوون بە مارکس (8) بەرگ).

بەشی دووەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە فیورباخ، ئاشنابوون بە تۆماس مۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە گرامشی 1،2، ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە دیموکراسی، ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەرکون، ئاشنابوون بە فۆکۆ، ئاشنابوون بە ئەکیونی، ئاشنابوون بە ئەنگلس، ئاشنابوون بە جۆن ستوارت میل 3 بەرگ، ئاشنابوون بە جاک لاکان، ئاشنابوون بە لایبنتز، ئاشنابوون بە میکاڤیلی).

بەشی سێیەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر، ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە پۆپەر، ئاشنابوون بە دۆرکهایم، ئاشنابوون بە دریدا،

ئاشنابوون بە لیوتار، ئاشنابوون بە لینین 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ترۆتسکی، ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ، ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست)

بەشی چوارەم بریتییە لە (کۆنفۆشیۆس، جۆن دیۆی، پیەربۆردیۆ، مارتن لوسەر، ئالان بادیۆ، ویتگنشتاین، ماوتسی تۆنگ، لیڤی شتراوس، چۆمسکی، والتەر بنیامین، مارتین بوبەر، مۆنتیسکۆ ،سپێنوزا، جولیا کریستیڤا، رولان بارت، رۆدۆلف کارناب، جۆرج باتای، فۆکۆیاما، دیڤد هارڤی، سان سیمۆن).

خوێنەری بەڕێز: بەدەرلەم پرۆژەیەو لەساڵی (2011)دوو بەشی تر بە شێوەی تاک تاک و وەک پاشکۆی گۆڤاری ئایدیا بڵاوکراونەتەوە، بەشی یەکەمیان (16)فەیلەسوفن کە بریتیین لە ( ویتگنشتاین، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین ،میشێل فۆکۆ، لۆژیک ئەپستۆمۆلۆژیا، میتافیزیک، لە دیدی فەلسەفیەوە، کۆمەڵگەو دەوڵەت، دیموکراسی ئازادی تاک و کۆمەڵگە،بزوتنەوەی فێمێنیزم، سوقرات، سۆسیال دیموکرات فرۆید، وێنەی ژیان لە بۆچوونی بیرمەنداندا، ئیخوان موسلیمین داینەمۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی، نیچە، ئاشنابوون بە هیوم، ئاشنابوون بە بێرتراند راسل).

بەشی دووەم (25) نامیلکە و بریتین لە (ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە کیرگە

گۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە کارل پۆپەر، ئاشنابوون بە ئالان تۆرین، ئاشنابوون بە سوقرات ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین، ئاشنابوون بە جان جاک رۆسۆ، ئاشنابوون بە دیڤد هیومئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە فرۆید، ئاشنابوون بە جۆن لۆک، ئاشنابوون بە لینین، ئاشنابوون بە ئەریک فرۆم، ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم، بلیمەتی و شێتی، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف، ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس، ئاشنابوون بە دریدا)

لە ئایندەیەکی نزیکیشدا بەشی پێنجەم کە خۆی لە کۆمەڵێک فەیلەسوف و چەمکی نوێ، کە ئەمڕۆ لە دونیای فکری و فەلسەفیدا هەن بڵاودەکەینەوە.

ئەم پرۆژەیەش لە ساڵی (2018)دا بە شێوازێکی نوێ و بە ناساندنێکی تر درێژەی دەبێت، چونکە بە پلەی یەکەم کار لەسەر بیرو هزری فەلسەفەی فەیلەسوفە نوێ و هاوچەرخەکانی دنیای بیریاری دەکات.

ئامانج لەم پرۆژەیەش مەبەستمانە ئەو کردارە بیری و عەقڵی و توانستە بیریانەی، کە بیرمەندو فەیلەسوفەکان بەدرێژایی مێژووی بیری مرۆڤایەتی ناویانە، بەئاسانترین رێگە بگەیەنینە خوێنەر، چونکە بیر هۆکارێکە مرۆڤ لەپێناو هێنانەدی خواست و دیوە شاراوەکانی مێشکدا لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاریدەهێنێت، تاوەکو لەو رێگەیەوە داهێنان

و توانست و گەشەسەندنەکان بناسێنێت، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم شەپۆلە بیرییارییە نەبوایە، ئێستا ژیان و پێشکەوتن بەم شێوازە نەدەبوو.

هەروەها دەمانەوێت لەم رێگەیەوە خوێنەر هەست بە بیرو ئایدیا جیاوازەکان و گرنگی بیرکردنەوەکان بکات، لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتەکان و روانین لە جیهان بەو شێوازەی کە پێویستە لێیبڕوانێت، تاوەکو بگاتە ئەو کردارەی کە دیکارت لەسەرەتای رێنیسانسدا رایگەیاند» من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم»، واتە بخوێنەرەوە، بۆئەوەی بتوانیت بیربکەیتەوەو بوونیەتی خۆی بسەلمێنێت.

بۆیە ئەگەر بمانەوێت بیربکەینەوە، پێویستە بەر لە هەر شتێک، هۆکاری بیرکردنەوەکە دەستەبەربکەین، خوێندنەوەش یەکێکە لە هۆکارەکان و بەهۆشیەوە، بیرکردنەوەکان بەرئەنجامی دەبن، چونکە پرۆسەی بیرکردنەوە، لەپێناو هێنانەدی داهێنان و گەشەو پێشکەوتنە، ئەم گەشەکردنەی تەکنۆلۆژیای ئەمرۆش، بەرهەمی ئەم پرۆسەیەیە.

بۆیە نابێت پرۆسەی خوێندنەوەو بەرۆشنبیریکردن، نەک تاک، بەڵکو کۆمەڵگەش خۆی لێ نەبوێرێت، چونکە تەنها بیرەکان دەتوانن ژیان بگۆڕن، بۆیە پێویستە بەردەوام عەقڵەکان کراوەبن، لەپێناو بەرهەمهێنانی بیری نوێ و بنیادنانی ئایندەیەک، جیاوازتر لەرابردو.

**د. لوقمان رەئوف**

2017

# بایۆگڕافیای
# کلود لیڤی شتراوس

د. لوقمان ڕەئوف

- شتراوس زانای کۆمەڵناسی فەرەنسی لە 28 نۆڤەمبەری 1908 لەشاری برۆکسلی بەلجیکا لەدایکبووە.

- بەیەکێک لە زانا بونیاگەرەکان دادەنرێت.

-لە کەشێکی پڕ لە ئەدەب و هونەردا گەورە بووە، چونکە کوڕی هونەرمەندو نەوەی حاخام بووە.

- لەساڵی 1914و لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا لەگەڵ باوکی چووە بۆ فرسای.

- کەسێک بووە هەر لە منداڵییەوە حەزی لە بیرکردنەوەو تێڕامان و خوێندنەوە بووە.

- لەساڵی1927-1932 خوێندکار بووە لە زانکۆی پاریس.

- ماوەیەک یاسا و فەلسەفەی لە پاریس خوێندوە.

-لەساڵی 1934 دەبێتە مامۆستای زانستی کۆمەڵناسی لە زانکۆی ساوپاولۆ و بەهۆی ئەمەشەوە گەشتی زۆری کردوە بۆ دارستانەکانی بەرازیل.

- لەساڵی 1939 لەسەر داوای حکومەتی فەرەنسی لە زانکۆی ساوپاولۆ دەستی

لەكاركێشایەوەو سەرقاڵی لێكۆڵینەوەیەک بوو لە بەرازیل و چەند لێكۆڵینەوەیەكی لەسەر چەند خێڵێک ئەنجامدا، ئەمەش بووە لانكەی بیری بۆ شتراوس، چەنكە دواتر ئەم كارەی فراوانتركرد.

– ساڵی 1940 گەڕایەوە فەرەنسا و خزمەتی سەربازی كرد.

– ساڵی 1941 پاش كەوتنی پاریس چوو بۆ ئەمریكا

– ساڵی 1943 بووە راگری كۆلێژێكی تازە، كە بۆ لێكۆڵینەوەی كۆمەڵناسی كرابوویەوەو هەر لەوێش نامەی دكتۆراكەی بەناونیشانی(بونیاتی سەرەتایی خزمایەتی) نوسی.

–لەساڵی 1945 لەگەڵ یاكۆبسن لێكۆڵینەوەی هاوبەشیان بەناوی(لێكدانەوەی بونیادگەری لە زانستی زمانی و ئەنسرۆپۆلۆژیا) لە گۆڤاری( زنجیرەی نیویۆرک) بڵاوكردەوە.

– لەساڵانی 1946-1947 لە پاشكۆی رۆشنبیری ئەمریكا كاریكردوە.

– لەدوای جەنگی جیهانی دووەم گەڕایەوە فەرەنسا

– لەساڵی 1950 بووە بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوە لە پەیمانگەی پراکتیکی خوێندنی باڵا لە زانکۆی پاریس

– لەهەمان ساڵدا بۆ لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی چوو بۆ پاکستان.

–لەساڵی 1959 دەستنیشانکراوە بۆ کورسی ئەنسرۆپۆلۆژی لە کۆلێجی دی فرانس.

– لەساڵی 1964 مەدالیای ڕێزلێنانی وەرگرت.

–کەسایەتیەکی چەپ بووە و لە تەمەنی بیست ساڵیدا بووەتە سکرتێری پەرلەمانی نوێنەرێکی سۆسیالستی.

– (35)ساڵ ئەندامێکی چالاکی ئەکادیمیای فەرەنسی بووە.

– خاوەنی چەندین کتێبی بەناوبانگە لەوانە( ژیانی خێزانی، کۆمەڵایەتی هندییەکانی نامبیکوارا1948، رەگەزو مێژو1952، ئەنسرۆپۆلۆژیای بونیادگەری1973،ئەفسانەو مانا1978، بینەر، بیسەر ، خوێنەر1993 )

– لە30 ئەکتۆبەری 2009 لەفەرەنسا کۆچی دوایی کردوە.

# ليڤی شتراوس و
# شیعرییەتی مەعریفە

وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

کلۆد لیڤی شتراوس لەبارەی دەستکەوتە زانستییە مەزنەکەیەوە کە بە ناوی «ئەفسانەناسی»یەوەیە، دەڵێت «شایەنی ئەو هەموو ماندووبوونە نەبوو کە تێیدا کردم». قسەکەی لەسەر بەرهەمێکە لە چوار بەرگ و هەزاران لاپەڕەدا، دەلیلی غرور، یان خاکەڕاییەکی درۆزنانە نییە، بەڵکو لەم قسەیەدا ئەو شتە بە روونی وتراوە کە بە ئاستەم دەوترێت، جگە لەمەش بە راستگۆییەکیشەوە دەربارەی حەقیقەتێک دواوە کە هێشتا ئاراستەکانی لێڵن. ئەم ئەنترۆپۆلۆژیستە بەناوبانگە کە ساڵی 1908 لە پاریس لەدایکبووە، لە ئاڵۆزی و ناڕوونی مەعریفە تێهەڵدەچێتەوە و تەنیا کەمێک پشت بە روونی دەبەستێت، لەبەرئەمە وا دەردەکەوێت کتێبە نایابەکەی «ناوچە کەمەرەییە غەمگینەکان» وێنەیەکی کتومت خۆی بێت، تێیدا شیعرییەتی مەعریفە، سنووردارێتی زانست رادەگەیەنێت، کە دەرگایەک دەکاتەوە و دەرگایەکی تر دادەخات، لە گەردووندا پرسیارێکی هێند بەرفراوان دەبینێت، کە هەرگیز ناگەینە ئەوسەری و بەتەواوەتی وەڵامنادرێتەوە.

«ناوچە کەمەرەییە غەمگینەکان» لە یەککاتدا هەم کتێبێکی پسپۆڕییە و هەم دوورە لە پسپۆڕێتی، تێیدا «ئەنترۆپۆلۆژیستەکە» دەست لە «مادەی غەریزە» دەدات، خوێنەریش دەکەوێت بەسەر ئەو شتانەدا کە ئاماژە بۆ هونەرەکان و سروشتەکانی مرۆڤ دەکەن، بە مەبەستیش ویستوویەتی قسەی درەوشاوە لەنێوان شیعر و تەسەوفدا بکات. ڕەنگە سروشتی کتێبەکە هەم لە کایەی پسپۆڕیدا و هەم سەر بە کایەکانی تریشە، هۆی ئەوە بووبێت، کە وای لە ناپسپۆڕەکانی ئەم کایە کرد، هەر لەگەڵ چاپکردنی لەساڵی 1955 ، پێشوازیی لێبکەن؛ لەمەیشدا هەر وەک ژۆرژ باتای، مۆریس بلانشۆ و ریمۆن ئارۆنە، ئەمەیش وای لە ئەکادیمیای گۆنکۆر کرد، کە ئاواتەخوازبن کتێبەکە ڕۆمانێک بووایە، تاوەکو خەڵاتە گەورەکەی دەزگاکەی وەربگرتایە، چونکە لە کتێبەکەدا پسپۆڕی و ناپسپۆڕییەک هەبوو، کە ناوەندە زانستییەکان زۆر بە وریاییەوە تووخنی دەکەوتن و بەرگرییان لە «زانستی پوخت»ی هەر پسپۆڕێتییەک دەکرد،

که بێبەریبوو لە ڕۆحی شیعر و تارماییەکانی تێڕامان. ئەو هەڵوێستە جیاوازانە تەنیا وێنەیەک بوون لە کتێبێک، کە نەیدەویست وەک کتێبەکانی تر بێت، چونکە بە نیگەرانی و پرسیارەوە یاداشتە ڕۆژانەییەکانی «مرۆڤایەتی»، زانیارییە «ئێتنۆلۆژی»یە نوێیەکانی لەخۆگرتبوو، ناونیشانێکی هەبوو، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم ئەنترۆپۆلۆژیستە گەورەیە لە شتێکی دیکەی نابوو، چونکە شتراوس لە سەردەمی گەنجیدا دەست بە نوسینی ڕۆمانێک دەکات بە ناوی «کەمەرە غەمگینەکان»، کە دوای نوسینی سی لاپەڕە دەستی لێهەڵدەگرێت.

شتراوس کەسێتییەکی پڕ لە پارادۆکسی بۆ خۆی دروستکردووە، هەم لە سەردەمی خۆیدا دەژی و هەم لە سەردەمێکی تردا، لە زەمەنەکەی خۆی دەربازدەبێت و گەشت بە هەرێمە چۆڵ و دوورەکاندا دەکات، ئەو لێکۆڵەری «گەلانی سەرەتایی»یە کە حەزی لە «گەشت و دۆزینەوەکان» نییە، لە گەشتی ناچارییشدا دڵخۆشییەک دەبینێت، کە پەیوەستە بە دڵتەنگییەوە، دووبارەکردنەوەی دڵخۆشیی

دووبـارەکـردنـەوەی ئـەو سـەفـەرەیـە، کـە لە تاقەت بەدەرە؛ ئەو زانایە کە زەمەنی نوێ بە بەڵگەنامە و دۆکیومێنتەکانی سەردەمە کۆنەکان دەخوێنێتەوە، پێیوایە هێشتا پردی نێوان تیرەی ئەو خێڵانەی کە بەرەو لەناوچوون رۆیشتوون، کۆمەڵگەکانی پاریس و نیویۆرکدا بە تەواوەتی نەڕووخاوە، بەڵام نەبوونی پردی مرۆیی رێ لە زانینی ئەمە دەگرێت. ئەو زانایەکی وردی ئینسکلۆپیدیایی بوو، کە بەسەر جۆری جیاوازی مەعریفەدا کرابوویەوە، لە یەقین و حوکمە بنجبڕەکان هەڵدەهات، هەستی بێبەربەستی دەخستە پاڵ پێدراوە زانستییەکانەوە. ئەو زانایەکی ئاوەدانکەرەوە بوو، چونکە قسەی زۆری دەربارەی زەمەنی دێرین و فەوتاو و خاپووربوو کردووە. داوا دەکات «مرۆڤی رێبوار» لە گەشتە رێکەوتەکەیدا بە رەحم بێت،و بە بێباکی و دڵڕەقییەوە مامەڵە لەگەڵ «زەوی»ـەکەیدا نەکات. ئەم سیفەتانە، کە شتێکن وەکو ناوازەیی و تاقانەیی، بۆچوونە مرۆییە دڵفراوانانەی خستۆتە کەسایەتی شتراوسەوە، کە بەر لەوەی لە فۆڕمێکی ئەخلاقی-تیۆریدا

شێوەبگرێت، کە ناونیشانەکەی: بەرگریکردن لە فرەیی کولتوری بوو، بڕوای بە لێکبووردن و مامەڵەی دیالۆگییانە هەیە و دەیەوێت بەرپەرچی دەمارگیری و راسیزم بداتەوە.

شتراوس لە بانگەشەکانی نەژاد و رەگەز و «دەسەڵاتی هێز» خۆی رزگاردەکات و بەرگری لە فرەیی کەلتوری مرۆیی و گەشەپێدانی و پاراستنی ئەم فرەییە دەکات، دەیەوێت لەمەوە ئەو کەرەستانە هەڵبژێرێت، کە بۆ تازەبوونەوە و بەردەوامبوون یارمەتییدەدەن، بێگومان ئەم بۆچوون و وێناکردنە، نکوڵی لە باوەڕەکانی «ئاستە ستوونییە مرۆییەکان» دەکات و بەرگری لە کەلتورە مرۆییە یەکسانەکان دەکات، کە جیاوازن، بەڵام یەکتر رەتناکەنەوە، نالێکچوون، بەڵام نکوڵی لەیەکتر ناکەن، گفتوگۆ دەکەن و یەکتر ناسڕنەوە. ئەم فرەیی و هەمەجۆرییە، کە بە زۆربەی ئەو ئەزموونانەدا درێژبۆتەوە، کە لە رووی هەلومەرج و سەردەمەوە لێکجیاوازبوون، ئەو شتەیە کەوای کردووە گفتوگۆ و دیالۆگ لەنێوان گەلە جیاوازەکاندا شتێکی زەروری بێت، ببێتە مایەی دەوڵەمەندبوونی کولتورە

دیالۆگکەرەکان، چونکە دیالۆگە هاوسەنگەکە گەیاندوونی بە پرسیاری نوێ، رەگەزی نوێی دەرەکی دەخاتە سەر رەگەزە بۆماوەیی و ناوەکییەکانی. دۆخی گشتی مرۆڤایەتی وەک دۆخی ئەو کولتورانەی کە تێیدان، بە فرەیی و هەمەجۆریی گەشەدەکات، ئەو تاکڕەوییەی تێدا نییە، کە بە «سەنترالیزم»ەوە دژایەتی ئەوانی تر دەکات و دەیانهاڕێت. لەبەرئەمە «هاوبەندیی کولتوریی مرۆڤایەتی» گوزارشتە لە نەبوونی کولتوری مرۆیی، چونکە ئەم تاک-کەلتورییە زەمەنێکی کەلتوری بە یەکێکی تر دەسڕێتەوە و، «کەلتورە سەرەتاییەکان» بەرەو لەنێوچوون دەبات. رەنگە خەیاڵی هەمەجۆریی کەلتوری وای لە شتراوس کردبێت، کە لە ساڵی 1952 دا کتێبە چکۆلەکەی «نەژاد و مێژوو»ی نووسیبێت، کە بۆتە یەکێک لەو دەقە کلاسیکییانەی، دژ بە دەرماگیرییە جیاوازەکان وەستاوەتەوە، دوای نزیکەی بیست ساڵ ئینجا کتێبی «نەژاد و کەلتوریش»ی بۆ زیادکرد، کە دووبارە دەچێتەوە سەر هەمان پرسیاری دەقی یەکەم و روونتریشی دەکاتەوە.

شتراوس دەڵێت «دەبێت ئەو کەلتورانەی کە پەیوەستن بە شێوازی ژیان و نەزمی بەهاکانەوە، تایبەتمەندیی خۆیان بپارێزن، ئەمەیش مامەڵەیەکی هەم چاک و هەمیش قبوڵنەکراوە... لەبەرئەوەی هەموو کەلتورێک بەهۆی ئاڵوگۆڕەکانییەوە لەگەڵ کەلتورەکانی تردا گەشە دەکات، بەڵام دەبێت هەر یەکێکیشیان بەرگری تایبەت بەخۆیان دابمەزرێنن، چونکە ئەگەر وا نەبێت، هەر بە زوویی هەموو ئەو شتانە لەنێودەچن، کە دەشێت ئاڵوگۆڕ بکرێن. هەموو نەبوونێکی پەیوەندی یان زێدەڕەویکردن لە پەیوەندیدا، بۆ کەلتورەکان مەترسی خۆیان هەیە». شتراوس داوای «گفتوگۆی کەلتورەکان» دەکات وەک مەرجی گەشەکردنیان، هاوکات داوای دروستکردنی بەرگرییە کەلتورییەکان دەکات، چونکە ئەو کەلتورەی کە خۆی بەدەست کەلتورێکی دیکەوە دەدات دەکوژێتەوە ، ئینجا لەناویش دەچێت. ڕەنگە هەر بەهۆی ئەم ئایدیای فرەیی کەلتورییەوە بووبێت، کە هەر لە سەردەمێکی زووەوە ئومێدی ئەوەی پێداوە لە «سەنترالیزمی کەلتوری ئەوروپایی» دەربچێت

و بەرەو ئەو کەلتورانە بچێت، کە خەریکە لەنێو دەچن و کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی بە کەرەستەکانی کوشتن و جینۆساید و هاوڕین مامەڵەی لەگەڵ کردوون، چونکە ئەم سێنترالێزمە لە خەڵکانی نا-ئەوروپییدا ،نگوناهێکی گەورە و هاوشێوەی شەیتانی دەبینی و بگرە ئێستایش هەر بەو جۆرە دەیبینێت. لە گەشتەکەیدا بۆ خێڵە «سەرەتاییەکان» لە چوارقوڕنەی بەرازیلدا، شتراوس، ئەخلاقییانە دان بەوەدا دەنێت، کە کەلتوری ئەم ناوچانە بۆ ئەو سەیر و نامۆ بوون، لە رووی زانستییشەوە دان بەوەدا دەنێت، کە «ئەویتر» بوونێکی بەرجەستە و بینراوی هەیە، کە لە قاڵبە گشتییە ئایدیۆلۆژییەکانەوە داناتاشرێت؛ لە هەردوو حاڵەتەکەیشدا، وەک لە «ناوچە کەمەرەییە غەمگینەکان»یشدا جەختی لەسەر کردۆتەوە، ئەخلاق رەگەزێکی ناوەکییە لە بەرهەمهێنانی مەعریفە و مەعریفەیش دەبێتە مەسەلەیەکی ئەخلاقی، دوور لەو هەوڵە «ئەکادیمیانە»ی کە تا ئێستا بەرهەمهێنراون و حەقیقەت لە هێزەوە دادەتاشن. بگرە پەیوەستبوونی شتراوس بە ئایدیای جیاوازیی

کەلتورییەوە، کە خوازیاری ئایدیای دانپێدانانە تاوەکو ببێتە تەواوکەر، وای لێکرد لە هەر روانگەیەکی فەلسەفی دووربکەوێتەوە، کە خوازیاری گشتێتییەکانە و گاڵتە بە هەلومەرجی بەرجەستە و دیار و بینراودەکات، وای لێکرد دوور بکەوێتەوە لە هەر روانگەیەک کە لە کەلتوری ئەوروپییەوە دەستپێدەکات و کۆتایی دێت. ئەمە تەفسیری هەڵوێستەکەی دەکات بەرامبەر میشێل فۆکۆ، چونکە بە گووتەی شتراوس، فۆکۆ بواری بایەخدانی خۆی لە کەلتوری ئەوروپیدا قەتیس کردووە، مامەڵەی لەگەڵ کەلتوری پەتیی ئەوروپیدا کردووە.

بە پشتبەستن بەوەی وتمان، چەمکی «گەلانی سەرەتایی»، کە شتراوس پشتی پێدەبەستێت و رەخنەشی لێدەگرێت، واتای بەها و هەڵسەنگاندن نییە، بەڵکو چەمکێکە کە بەکارهێنانە هەمەجۆرەکان پڕیانکردۆتەوە و هیچی تر، ئەم گەلانە بەو جۆرە ماونەتەوە کە ویستوویانە بمێننەوە، چونکە لە زەمەنە کۆنەکانیاندا، نموونەیەکی باڵای ئەوتۆ دەبیننەوە، کە دەبێت پارێزگاریی لێبکەن،

لەم نموونە خوازراوەیشدا درێژبوونەوەی ویستی خودا و ئیرادەی باوباپیران دەبیننەوە. بەم واتایە «سەرەتایی» «ئەوی تر»ە نەک «شارستان» و، ئەمەیش بە پێوەری تایبەتی خۆی هەڵدەسەنگێنرێت.

هەمان شت دەربارەی «فیکری کێوی»یش راستە، کە ناونیشانی کتێبێکی شتراوسە، ئەم جۆرە فیکرەیە، ئاماژە بۆ فۆرمێکی دیاریکراو لە فیکر دەکات، کە پێوەری تایبەت بەخۆی هەیە، هەرگیزیش خوزاریاری هیچ فیکرێک نییە کە بچێتە سەرووییەوە، جا رۆژئاوایی بێت، یان چینی. بەڵگەنەویستە، ئەم رێژەیی کەلتورییە، کە نکوڵی لە دووالیزمی بەرز و نزم دەکات، لە بنچینەدا ئایدیای هەمەجۆریی کەلتورییە، کە دەبێت ئەنترۆپۆلۆژیستی ئەخلاقی بانگەشەی بۆ بکات، ئەگەرچی هاوسۆزییەکی رۆمانسی بۆ زەمەنە بەسەرچووەکان لەم بانگەشە و داوایەیشدا هەبێت، کۆمەڵێک رەهەندی ئەخلاقیی هەبن، کە داوای مێژوویەکی گەڕۆکی مرۆیی دەکەن، بەهەر لایەکدا بیەوێت دەچێتە پێش.

کاتێکیش شتراوس بە زمانێکی ئاڵۆز

و تـەمـومـژاوی، لـەلایـەک بـاسـی «کۆمەڵگە ساردەکان» دەکات /کە ئێتنۆلۆژیست لێیان دەکۆڵـێـتـەوە نـەک مـێـژوونـووسـێـک، کـە لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتەدا هەڵەدەکات، لەلایەکی دیکە باسی «کۆمەڵگە گەرمەکان» دەکات کە پرسیار و وەڵامی پێویست دەخاتە بەردەستی مێژوونووس، مەسەلەکە زۆر جیاواز نییە لەو هەڵوێستانەی پێشتر باسمانکردن. کۆمەڵگەکانی سـەرەتـا، ئەگەرچی مێژوویشیان نییە، بەڵام نەیانتوانیووە خۆیان لە مێژوو بدزنەوە، بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری تایبەتەوە هەر وەک خۆیان ماونەتەوە، وەک بڵێی داهاتوویان لە رابردوویاندا دەبینن و پێشیانوایە گۆڕان و گۆڕانکاریش پووچی، یان گوناهێکە کە شیاوی پاکبوونەوە نییە، بە پێچەوانەی کۆمەڵگەکانی جۆری دووەمەوە، کە لەنێو میژوودا دەژین و تەفسیری پێدەکەن، لە مەعریفەی مێژووییدا ئامرازی پەرەسەندن و خوێندنەوە دەبینن. ئێتنۆلۆژیست لە «کۆمەڵگە ساردەکان»دا کۆمەڵێک بەڵگەنامەی مرۆیی دەبینێت، کە زیاتر لە بێدەنگییەکەوە نزیکترن و ئەمانەیش لە زەمەنێکی هاوبەندا میکانیکییانە

بەرهەمهێنراون، یاخود بەشێوەیەکی هاوبەند لەسەردەمێکدا پەیدابوون جیاوازی و لێکدژیی تێدا نەبووە، بەم هۆیەیشەوە، ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە «رێکخستن» و ریزبەندییەکی زۆر پتەویان هەیە و کەلتورەکەیشیان نەزمێکی کەم. وەک بڵێی لە کەلتورەکەیاندا فەوزایەک هەیە کە لە نەزم و رێکخستن دەترازێت، یان وەک بڵێی لە کۆمەڵگاکەدا، شتێک خوازیاریی جێگیری و ئارامییە و دەیپارێزێت. بە پێچەوانەی ئەمەوە، «کۆمەڵگە گەرمەکان» یان «کۆمەڵگە مێژووییەکان» بەوە دەناسرێنەوە کە کەلتورێکی زۆر نەزمداریان هەیە، نیشانەکانیشیان ئامێر و بەرهەمە پیشاسازییەکان و پسپۆڕیی دیسپلینکراوە لە دابەشکردنی کاردا، بەڵام فۆڕمێکی کۆمەڵایەتی هەیە مەیلی لە فەوزا و بێ نەزمییە، کە بوارەکەی ململانێ کۆمەڵایەتییەکان و ناکۆکییە سیاسییەکانن، واتە بزاووتێکی کۆمەڵایەتیی کراوە، کە دژ بە جێگریی و وەستان و هاوبەندییە. بەم واتایە، شارستانییەت بە دوو رەگەز دیاریی دەکرێت، یەکەمیان کولتوور، کە پەیوەندیی مرۆڤ بە جیهانەوە رێدەخات

و بەرێوەی دەبات، دووەمیان کۆمەڵگە کە پەیوەندی مرۆڤەکان بە یەکترییەوە دیاریی دەکات. وێرای ئەو مێژووەی کە لە «کۆمەڵگە شارنشینییەکان»ەوە شتی نوێ هەڵدەقوڵێنێت، بە پشت بەستن بە کەڵەکەبوونێک کە بەردەوام تازە دەبێتەوە لە ئێستاوە داهاتوویەکی پێشکەوتووتر دروستدەکات، شتراوس دوورە لە بانگەشە بۆ مێژوو و دوورتریشە لە «گەشبینیی مێژوویی»یەوە کە زەمەنێکی باشتر لە داهاتوو چاوەڕواندەکات، لەبەرئەمە لەقسەکانیدا ئاماژە بە دوو خاڵ دەکات، کە زۆر ستایشی ئایدیای پێشکەوتن ناکەن: یەکەم خواستی یەکسانی لای «گەلانی سەرەتایی» کە فەرمان بە «پێشەوا» دەدات، لەگەڵ ئەوانی تر یەکسان بێت و رێگری لە خواستی جیاوازیی لای ئەوانی تر بکات، دووەم پەیوەندیی پێکەوەبەستراوی نێوان پێشکەوتن و چەوساندنەوە، کە بەشێک لە کۆمەڵگە دەخاتە خزمەتی بەشەکەی تریانەوە، وەک بڵێی پێشکەوتن بە ناچاری پێویستی بە پەیوەندیی باڵادەستی و ملکەچی هەیە. رەنگە چەمکی پێشکەوتن، لە پرسیارە تەمومژاوییەکەیدا، وای

لە شتراوس کردبێت، کە پەیدابوونی نوسین و کۆمەڵگە هیرارشییەکان، کە لە گروپی نایەکسان پێکهاتووە، پێکەوە ببەستێتەوە، کە لەوێدا دەبێت ملکەچکراوان مەرجەعە باڵادەستەکان بنوێننەوە، ئەگەرچی لە نوسیندا شتێک هەیە کە یادەوەرێکی جێگیر قەرەبووی یادەوەری تێپەڕی مرۆڤایەتی دەکاتەوە، کەچی بەر لە هەر شتێک ئەوەی تێدایە، کە ئاماژە بە دەسەڵاتێکی سیاسی دەکات، کە پێویستی بە سەرژمێری و وردەکاری و سەلماندن و جێگیرکردن هەیە، هەروەها ئاماژە بەو «ئەرشیف»ە قورسەیش دەکات، کە نهێنیی مردوو و زیندووان دەهێڵێتەوە.

شتراوس بە بێمتمانە و دڵنیایی لە واتای پێشکەوتن راماوە، بە پشتبەستن بە بۆچوونی تایبەتی، کە دوورە لە بۆچوونی بانگەشەکارانی «پۆست مۆدێرنیتی»، کە پێکهاتووە لە «خەونبینە داماوەکان» و فەیلەسوفە بچووکەکان، کە «داواکاری بازاڕ» تێردەکەن و کۆمەڵێک رستەی ناڕوون دەردەبڕن، لەیەک کاتدا هەموو شتێک دەڵێن و هیچیش ناڵێن. رەشبینیی نووسەری کتێبی «نەکوڵاو و

کولاّو» سەرچاوەی جیاوازی هەیە، لەلایەکەوە بۆچوونێکی رۆمانسیی هەیە، کە لێیەوە سەیری ئەو شارستانێتییە جیاوازانە دەکات، کە بۆ ئەبەد رۆیشتوون، لەلایەکی دیکەشەوە بۆچوونێکی نارۆمانسییانەی تێدایە، کە لێیەوە دەبینێت، کە شارستانێتییەکانی ئەمڕۆ ئەوانی تر هەڵدەلوشن، گاڵتەیان بە هەمەجۆری و دیالۆگ و دانپێدانانی دوولایەنەی نێوان «کۆمەڵگە ساردەکان» و «کۆمەڵگە گەرمەکان» دێت. ئەم ئاگاییە غەمگینە ئەوەیە کە وای لێدەکات لە «ناوچە کەمەرەییە غەمگینەکان»دا، کۆمەڵێک رستەی ئەسەفبارانە بۆ رابردوو و لەنێوچوو و نەماو بخاتە سەر قەڵەمەکەی، کۆمەڵێک رستەیش بۆ «ئێتنۆلۆژیست»ی داهاتوو، کە ئەو کۆمەڵگەیانە نابینێت، کە شتراوس ناسیوینی و بە رێزێکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، دەردەبڕێت.

بەرگریکردن لە فرەیی، گوزارشتە لە نادڵنیایی، وەک ئەوەی ئاگایی لەو تاکە لایەنە هاوبەند و لێکچووەدایە، کە خۆبەسێتیی هەیە و هەر لەویشەوە پرسیارەکان لەبارەی شتەکانەوە دەکرێن. تاکایەتی داخراو جێگیر و نەگۆڕان

بەرهەمدەهێنێت، فرەییش کراوەیی بەرهەمدێنێت و پڕیەتی لە جوڵە، لەبەرئەمە کەلتوری مرۆیی بە بڕشت لە کەلتورەکانەوە دێت، حەقیقەتیش لە حەقیقەتە بەشەکی و وردەکانەوە دێت، کە حەقیقەتە بنجبڕ و کۆتاییەکان دووردەخاتەوە. نادڵنیایی باوکی مەعریفەکانە کە مەعریفەیەکی لێ پاکدەبێتەوە وا تووشی خوێنبەربوون بووە، هانی مەعریفەیەکی نوێ دەدات، کە دیسان ئەویش شایەنی خوێنبەربوونە. شتراوس کە لە روونی پەتی دڵنیانییە، باوەڕی بە حەقیقەتە دواخراوەکان هەیە، کە کەرەستەکانی زانست وەردەگرن و لە سنوورەکانی ئەگەر و گوماندا دەوەستن. ئەمەیش وای لێدەکات پشتیوانی لە قسەکەی مارکس دەبارەی «ئەو ئاگاییە ساختەیەی کە خاوەنەکەیشی دەخەڵەتێنێت» بکات، کە لەوێدا ئاگایی رێگایەک پێشنیاردەکات، کە رێگایەکی تری لێدەبێتەوە. بەهۆی ئەمەوە «مۆدێلی تیۆری» پارچە پارچە بەدیدێت و ریالیزە دەبێت، لەبەرئەوەی پێشبینینەکراو مەکر لە پێشبینیکراو و چاوەڕوانکراو دەکات، پڕی دەکات لە سوپرایز و پێشهاتی چاوەڕواننەکراو.

له پراكتیزەكردندا، كە پێشبینینەكراوی لەخۆی گرتووە، شتێک هەیە كە «مۆدێلی تیۆریی» نیگەران دەكات و تووشی خوێنبەربوونی دەكات، ئەم بەشەش پەیامەكەی ئەوەیە، كە واقیع لەفیكر یاخی دەبێت و بەسەریدا هەڵدەگەڕێتەوە، فیكر دەست بەسەر واقیعدا ناگرێت و دەستەمۆی ناكات.

پنتێكی تاریک هەیە، كە هەمیشە لە ساتی تێڕامان و سەرنجداندا خۆی دەشارێتەوە و لە ساتی پراكتیزەكردندا خۆی دەردەخات. شتراوس دەڵێت «فیكر كۆمەڵێک كۆت و بەندی هەیە، كە بەسەر واقیعێكدا دەیسەپێنێت، كە هەرگیز ناتوانێت بچێتە نێوییەوە، تەنیا لەڕێگەی ئەمەیشەوە دەركی پێدەكەین». ئەم رستەیە ئیجتیهادێكی گەورەی مەعریفی، گومانێكی بەردەوامی تێدایە كە خامۆش نابێت. راستییەكەی نوسەری «ناوچە كەمەرەییە غەمگینەكان» پرۆسەی مەعریفی لەسەر كۆمەڵێک رەگەزی هەمەجۆر بونیاددەنێت، كە نە دەتوانین بە تەواوەتی بەسەریدا باڵادەست بین ، نە دەتوانین هەمووی دیسپلینبكەین،

بەڵكو فرەیی ڕەگـەزە مەعریفییەكان، كە لە «مۆدێلی تیۆریی»دا هەن، لە بنەمادا گومانێكی پێویستن. ئەمەیش ئەو فرەییەیە كە زانستە مرۆڤایەتییەكان لە زانستە سروشتییە وردەكان جیـادەكـاتـەوە، چونكە هـەر وەك شـتـراوس دەڵـێـت» زانستە مرۆڤایەتییەكان پرۆسەی گومان و ڕەتـكـردنـەوەی بـەردەوامـە و كامڵ نابێت، بە پێچەوانەی زانستە سروشتییەكان، یان (حەقیقییەكان)ەوە، كە بڕوایان بە كامڵبوون و پڕبوون و دڵنیایی هەیە.

شـتـراوس دەڵـێـت «ڕووداوەكـــان پێشبینی نـەكـراون، چونكە هێشتا ڕوویـانـنـەداوە، بەڵام هـەر كـە ڕوودەدەن، دەتـوانـیـن لێیانتێبگەین و تـەفـسـیـریـان بـكـەیـن». ئەنترۆپۆلۆژیست تـوانـای پێشبینیكردن و پێشگۆییكردن ڕەتدەكاتەوە، چونكە ئەمە تایبەتمەندیی زانستە سروشتییەكانە، هەروەها تێگەیشتنی پوخت و ئامادە و كلێشەیی لە دیاردەكان قبوڵنییە، چونكە لە تێگەیشتندا پانتاییەكی بەرفراوان بۆ لێكدانەوە و تەفسیركردن هەیە، لەبەرئەمە جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە (مەحاڵە بگەینە واتای كۆتایی)،

چونکە هەلومەرجەکان گۆڕانکارییان تێدادەبێت و هەمەجۆرن، بەکارهێنەری واتاکانیش هەروا. دیاردەکان لە ئاسمانێکی تەمومژاویدا دەسوڕێننەوە، کە شاراوەیی و گۆڕان و تێپەڕین و ڕێکەوتی تێدایە، دەبێت مرۆڤیش لەو دۆخە بڕوانێت، کە تێیدا و لە بەیەکگەیشتنی خۆی و هەلومەرجەکە ورد ببێتەوە، ئەگەر بتوانێت بە چاوکراوەیی لەوە بڕوانێت کە ماوەتەوە. ئەم «نازانمگەرایی»ە، بە کۆمەڵێک دێڕی ئەسەفبارانە لە کتێبی «ساڵنامە غەمگینەکان»دا ئامادەیی هەیە، کە لە رستەکانیدا باس لە ئاڵۆزی گەردوون و بوون و بێتوانایی فیکری مرۆیی دەکەن ( کە ناتوانێت گەلاکان و گوڵەکان لە فرەییە ناکۆتاکانیاندا بناسێت). هەژاریی فیکری، کە هەمیشە هاوڕێی عەقڵی مرۆڤە، لەنێوان «من و گەردووندا پەیوەندییەکی نوێ دروستدەکات، وەک بڵێی ئەو سوبێکتە زانەرەی کە نوقسانە، گەردوون لەخۆیدا دەبینێتەوە، یان تێیدادەتوێتەوە. هەژاریی فیکری کە هەمیشە هەر هەیە (گەشتی دۆزینەوەکان دەگۆڕێت بە فیڵێک)، چونکە گەڕۆکەکان بەر لەوەی مەعریفەیەکی

نوێ بەدەستبهێنن، جەهلی خۆیان کەشفکردووە، بەڵام پێدەچێت ئەم دانپێدانانە غەمگینە تەنیا لە مەعریفەیەکی گۆڕاوی ناجێگیرەوە نەبێت، کە بەهۆی کۆمەڵێک پرسیاری سرک و سەختەوە رووبەرووی دوایین وەڵامی دڵنیاکەرانە دەبێتەوە، بەڵکو لە پێشانگای فەزانبوونێکی سامناکیشەوەیە، چونکە گەشتی مەعریفە و زانین لە چاوی زانینخوازەکەدا ئامانجی ئاشنابوونە بە گەلە هەڵوەشاو و پەژموردەکان (ئەو گیایانەی کە سووتاون و ئەو چاوانەی کە لمەکان دایانپۆشیون). دۆزەرەوە لە گەشتێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ و خۆداماڵیندا دەژی، مەعریفە لەسەر بنەمای ئەو مادە مرۆییانە دادەمەزرێنێت، کە خەریکە لەنێودەچن، بەبێ ئەوەی لەمەیشدا ئەو گەڕۆکانەی تر لە بیربکات، کە پێشتر بەوێدا تێپەڕیون و زیاتریان لەمیش بینیووە، یان رەنگە هیچیشیان نەبینیبێت. بەم واتایە «گەلانی سارد» دەبێتە بایەتێکی زانستی و شایەتحاڵێکی ترسێنەر لەسەر لەنێوچوون و فەنابوون، دەبێتە بەڵگەیەک لەسەر «پۆزلێدانی مرۆڤێک» کە پێیوایە گەشتە کورتەکەی ئەبەدییە.

(دوای چەند سەد ساڵێک، ڕێک لەم شوێنەدا، گەڕۆکێکی تر، یان موسافیرێکی تر بێرەدا دێت، کە نائومێدییەکەی لەوەی من کەمتر نییە، بەداخەوە بۆ ئەو شتەی کە من بینیوومە و لەنێوچووە. من قوربانیی دۆشدامانێکی دوولایەنەم، سەیری هەرچییەک دەکەم بریندار و خەمبارم دەکات، کەچی هەر سەرزەنشتی خۆم دەکەم ،کە ناتوانم زیاتر ببینم...). ئەم دێڕانە و ئەوانتریش، مەگەر تەنیا لە زاری کەسێکی ناوازەوە بەرببنەوە، کە لە سنووری مەعریفەکان و هەرێمەکانی تردا وەستاوە، ڕەگەز و کەرەستەکانی، هەستکردن و بینین ڕاستەوخۆیی ناوەوەیە. سەیرنییە کە شتراوس بە تیژبینییەکانی حەکیمانە لە هونەرەکان رابمێنێت، دەستکەوت و بەرهەمێکی مرۆیی ناوازەی ئەوتۆیان تێدابیبنێت، کە هیچ شتێکی تر ناگەنە ئاستی، بۆ نموونە دەڵێت» ئەگەر بە ڕێکەوت دە، یان بیست سەدەی مێژوو بسڕدرێتەوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر زانین و شارەزاییمان لەبارەی مرۆڤەوە نابێت. ئەو تاکە خەسارەتەی کە ناتوانین قەرەبووی بکەینەوە، ئەو بەرهەمە هونەرییانەیە کە لەم

سەدانەدا پەیدابوون..). رەنگە گرنگیدانی ئەو بە هونەرەکان ئەو شتە بێت، کە پەیوەندی ئەو لەگەڵ ڤالێری و گۆتە و کانتدا بەرپادەکات، کە لەوێدا شیعر بە مەعریفە و خەیاڵکراو بە زانست دەگات و هەر لەوێشدا «نادیار» لەنێو هەموو مەعریفەکاندا نیشتەجێدەبێت.

شتراوس هەم سەر بە بونیادگەرییە و هەمیش سەر بە بونیادگەریی نییە، چونکە سەر بە هەوڵێکی تایبەت بە خۆیەتی و بە شێوەیەکی تایبەتیش واتای بونیاد و بیناکراو و گۆڕان دیاریدەکات... فرۆید و مارکس ئیلهامدەری (ئەگەر ئەم وشەیە دروستبێت) «مۆدێلی تیۆری» ئەو بوون. کاریگەری فیکرەکانی کانت و هۆسرێل و لایبێنتز و کەسانی دیکەیشی بەسەرەوەوە بوو. بە شێوازێک زانیارییەکانی دادەڕشت، کە بەرلەوەی بیانخاتە بەردەستی ئەوانی تر ،خۆی پێیدا دەچوویەوە، لەبەرئەمە بە بێ ئاگایی خۆی بونیادگەرا بوو، وەک ئەوەی جارێکیان خۆی لەبارەی یاکۆبسنەوە، کە هاوکاریی یەکتریانکردووە، وتی. لەم حاڵەتەدا، ئەوە سەیرنییە کە نزیکییەک لەنێوان ئەو و «بونیادگەرە» هاوچەرخەکانی تری

ببینرێت، ئەمەیش ئەو شتەیە، کە لە کتێبی «دوور و نزیک»دا بە ڕاشکاوی باسیکردووە. شتراوس لەمەسەلەی مەعریفەدا هاوبەشی ڕوانگەی فۆکۆ ناکات، قەناعەت بە گریمانەکانی لاکان ناکات، بە سەرسوڕمانێکی زۆریشەوە تەماشای بەرهەمەکانی بارت ناکات. خۆ ئەگەر خۆی بداتە پاڵ کەسێک، ئەوا باسی لە ناوی ئیمانوێل کانتی ئەڵمانی دەکرد، کە دان بەوەدا دەنێت «کانتییەکی ئاستنزم» بووە. ئەو کاتێک سەرنج لە ڕەخنەیی ئەدەبی بونیادگەری دەدات، ناتوانێت وشەی تووند و تووڕە و تێکەڵ بە ڕق بەکارنەهێنێت، وەک ئەوەی باس لە «دزیی فیکری» و «خراپ بەکارهێنان»ی وشەی «بونیاد» دەکات، یان کاتێک دەڵێت»ئەو بونیادگەریەی باسدەکرێت، لە واقیعدا هیچ نییە، جگە لە پاساوێک بۆ ئاستنزمی». ڕاستییەکەی شتراوس جیاوازی دەخاتە نێوان زانستە مرۆڤایەتییەکان و زانستە ڕاستەقینەکانەوە، لەو جۆرە بونیادگەرییە بەختەوەرە دوورکەوتەوە، کە باسی لە «زانستی ئەدەب» دەکرد و سیفەتی زانستیبوونی دەدا بە وشە پەرشوبڵاو و پچڕپچڕەکان.

کاتێک شتراوس لە «ناوچە کەمەرەییە غەمگینەکان»دا باس لە «کێوییە نامۆکان» دەکات کە بینیونی، دەڵێت »لێم نزیکبوون وەک وێنەیەک لە ئاوێنەدا، دەمتوانی دەستیانلێبدەم، نەک لێیانتێبگەم). دیوارێکی نەبینراو «ئێتنۆلۆژیست»ە نامۆکە لە «سەرەتاییە» نامۆترەکە جیادەکاتەوە، هەردووکیان دەخاتە نێو بازنەیەکی دڵڕەقانەوە، کە ناتوانن لێی بچنە دەرەوە، لە پشتی ئاوێنەکانەوە تەنیا بێدەنگی و بەتاڵی هەیە و هیچی تر.

«ناوچە کەمەرەییە غەمگینەکان» کتێبێکی ئۆرستۆکراتە، کە تێیدا ناسراو نەناس و نادیار دیار دەدوێنێت، پێشبینیکراو پرسیار لە پێشبینەکراو دەکات، شیعر زانست دەخاتە وەسوەسەوە، نیگا و بینینیش هاوڕێی هەموو زانستەکانە. کتێبێکە دەربارەی «گەلانی سەرەتایی»، کە تێیدا پسپۆڕێتی شوێنی خۆی هەیە، بەڵام دەبارەی غەمێکی بەرفرانی مرۆییانە، کە لە هەموو زانستە تایبەت و پسپۆڕییەکان دەترازێت و دووتر دەڕوات.

**سەرچاوە:**

ئەم وتارەی فەیسەڵ دەڕاج، پێشەکییەکە نوسەر بۆ وەرگێڕدراوە عەرەبییەکەی کتێبی «ناوچە کەمەرەییە غەمگینەکان»ی نووسیوە، ئەمە ناونیشانی تەواوی سەرچاوەکەیە:

-کلود لیڤی شتراوی، المداریات الحزینه، ترجمه: محمد صبح، مقدمه: د. فیصل دراج، دار کنعان للدراسات و النشر و الخدمات الاعلامیه، دمشق، 2003، ص5-14.

# فرەیی کەلتورەکان و ئێتنۆ-سەنتەریزم

کود لیڤی شتراوس

وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

بۆئەوەی لەوە تێبگەین، کە کەلتورە مرۆییەکان چۆن و تا چ ڕادەیەک لەیەک جیاواز و هەمەجۆرن، ئایا ئەم جیاوازییانە یەکتر دەسڕنەوەو لەگەڵ یەکتر لێکدژ دەبن یان نا، یاخود چۆن لەگەڵ یەکتر مامەڵەدەکەن، یەکتر دەگرن و کۆمەڵێکی سیستەماتیکی دروستدەکەن، دەبێت یەکەمجار هەوڵبدەین کە هەژماریانبکەین، بەڵام بەربەست و کێشەکانییش هەر لێرەوە دروستدەبن، چونکە دەبێت ئەوە بە زەینی خۆماندا بهێنین، کە کەلتورە مرۆییەکان، بە هەمان شێواز و ڕێگا و لەسەر هەمان ئاست و بە هەمان ڕادە لە یەکتر جیاواز نین. لە سەرەتادا ئێمە دەزانین چەندین کۆمەڵگە هەن، کە بە شوێنەکاندا پەرش و بڵاوبوونەتەوە، هەندێکیان نزیکن و هەندێکیان دوور. لەگەڵ ئەوەیشدا هاوچەرخ و هاوزەمەنی یەکترن، پاشان دەبێت ئەو فۆرمانەی ژیانی کۆمەڵایەتی بە زەینی خۆماندا بهێنین، کە لە زەمەندا بەدوای یەکتردا دروستبوون و ناتوانین بە ئەزموونی ڕاستەوخۆ بیانناسین. هەموو کەسێک دەتوانێت ببێتە زانای ڕەگەزناس و ئەنترۆپۆلۆیست و

بچێتە نێو ئەو کۆمەڵگەیانەوە کە بەلایەوە گرنگ و بایەخدارن و لەوێدا ژیانیان لەگەڵدا بەش دەکات، بەڵام بە پێچەوانەوە تەنانەت ئەم کەسە ئەگەر ببێتە مێژوونووس یان شوێنەوارناسیش، هەرگیز ناتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیی لەگەڵ شارستانێتییەکی لەنێوچوودا بگرێت، بەڵام لەڕێگەی دیکۆمێنتە نووسراوەکان و شوێنەوارە ماوەکانەوە کە لەم کۆمەڵگە جیاوازە لەنێوچووانە ماونەتەوە، دەتوانێت پەیوەندی دروست بکات. دواجار دەبێت ئەوەیش لەبیر نەکەین کۆمەڵگە هاوچەرخەکانی ئەو سەردەمەی کە نووسین نەبووە، وەک ئەوانەی پێیان دەڵێین کۆمەڵگەی «کێوی»ی و «سەرەتایی»، چەند فۆڕمێکی تری کۆمەڵگا لەپێشییانەوە بوونیان هەبووە کە مەحاڵە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە و دروست بیانناسین، تەنانەت بە ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆیش.

خۆ ئەگەر بمانویستایە هەژماردنێکی ڕاستگۆیانە بکەین، ئەوا بێگومان دەبوو ژمارەی خانە سپییەکانمان لەو خانانە زۆرتربێت، کە هەستدەکەین دەبێت شتێکیان تێدا تۆماربکەین.

لێرەدا یەکەم حەقیقەت خۆی دەسەپێنێت، ئەویش ئەوەیە فرەیی کەلتورە مرۆییەکان لە واقیعی ئێستا و واقیع و یاسای ڕابردوویشدا، زۆر لە توانا و ئامادەیی ئێمە زیاتر و گەورەتر و دەوڵەمەندترە بۆ زانین و ناسینی هەموویان.

بەڵام تەنانەت ئەگەر هەستیش بەم توانا خاکەڕا و سنووردارەی خۆمان بکەین و مل بەم سنوورانە بدەین، ئەوا ڕووبەڕووی کێشەی دیکە دەبینەوە. کەلتورە جیاوازەکان بۆ ئێمە چ مانایەکیان هەیە؟ خۆ وا دەردەکەون لە یەکتر جیاوازن، بەڵام ئەگەر هەموویشیان لەیەک ڕەگی هاوبەشەوە هاتبن، ئەوا هێشتا لەو دوو کۆمەڵگەیە لێکنزیکترن، کە هەرگیز هیچ پەیوەندییەک لە نێوانیاندا نەبووە. بەم جۆرە ئیمپراتۆریەتی ئینکا Incas لە پیرۆ و داهۆمی لە ئەفریقا بەشێوەیەکی ڕوونتر و دڵنیاکەرانەتر لە جیاوازی نێوان ئینگلتەرا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ئەمڕۆ، جیاوازی لەنێوانیاندا هەبووە. وێڕای ئەوەی دەبێت وەک دوو کۆمەڵگەی جیاواز مامەڵە لەگەڵ ئەم دوو کۆمەڵگەیەدا بکەین. لە

بەرامبەردا وا پێدەچێت ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بەم دواییانە سەریانهەڵدا، پەیوەندییەکی توندوتۆڵی ئەوتۆ لەنێوانیاندا هەیە، کە وێنەی یەک شارستانێتیمان دەخەنەبەردەست، کەچی هەر یەکەیان لە شوێنی جیاواز و بە ڕێگای جیاواز پەیدابوون و گەشەیانکردووە، ئێمەیش هەقی ئەوەمان نییە ئەم جیاوازییانە فەرامۆشبکەین، لە هەمانکاتدا لە کۆمەڵگە مرۆییەکاندا، هێزگەلێک هەن، کە بە ئاراستەی دژبەیەک و پێچەوانە کاردەکەن، هەندێکیان خوازیاری پارێزگاریکردنن لە خاسییەتە تایبەتەکانیان و بگرە جەختکردنەوەو سووربوون لەسەر زەقکردنەوەی زیاتریان، هەندێکی دیکەیان بە ئاراستەی تەبایی و لێکنزیکبوونەوەدا کاردەکەن. توێژینەوە لە زمان نموونەیەکی ڕۆشنی ئەم جۆرە دیاردەیەمان پێدەدات؛ بەم جۆرە، ئەو زمانانەی هاوڕەگەزن و یەک ڕیشەی هاوبەشیان هەیە، مەیلیان لە جیاوازی لەگەڵ یەکتردا هەیە (وەکو زمانی ڕوسی و فەرەنسی و ئینگلزیزی)، کەچی هاوکات ئەو زمانانەی ڕەگەزیان یەک نییە

و ڕیشەیان جیاوازە، کە لە هەرێمە پێکەوە نووساو و لێکنزیکەکاندا قسەیان پێدەکرێت، خاسیەتی هاوبەش پیشاندەدەن و لێکنزیکیی لەنێوانیاندا هەیە، وەکو زمانی ڕوسی کە لە هەندێک ڕووەوە لە زمانە سلاڤییەکانی تر جیاوازە، بەڵام لایەنیکەم لە ڕووی گۆکردنەوە، لە هەردوو زمانی فینلەندی-هەنگاری ]فینۆ-هەنگاری [Finno-ougrienne و تورکییەوە، کە ڕاستەوخۆ لە ناوچە جوگرافییە دراوسێ و نزیکەکانی قسەیان پێدەکرێت، نزیک و لێکچووە.

کاتێک لەم جۆرە ڕاستییانە دەکۆڵینەوە -هەڵبەت کایەگەلێکی تری شارستانی وەکو دامەزراوە کۆمەڵایەتی و هونەری و ئایینییەکان، هەمان واقیعی لێکچوو پیشاندەدەن- ئەو پرسیارەمان دێتەپێش کە تۆبلێی کۆمەڵگە مرۆییەکان، لە پەیوەندییە دوولایەنە و ئاڵوگۆڕییەکەیاندا، نەگەیشتبێتە ڕادەیەکی ئەوەندە بەرزی هەمەجۆریی، کە ناتوانین تێیپەڕێنین و دوورتر بڕۆین، هەروەک ناشتوانێت بە بێ مەترسی دابەزێتە سەر ئاستێکی خوارتر. ئەم سنوورە دوورەدەستە، بە هۆی

ژمارە و بایەخی چەند کۆمەڵگەیەکەوە، لەڕووی چڕێتی دانیشتوان و دوورییە جوگرافییەکەی و ئامرازەکانی پەیوەندیگیرییەکەیەوە (ماتریالی و کەلتوری)، گۆڕانی بەسەردا دێت. هەر بە ڕاستیش وایە، مەسەلەی هەجۆری و فرەیی کەلتورەکان، تەنیا بۆ ئەو کەلتورانە مەبەست نییە، کە لە پەیوەندیی دوولایەنە و ئاڵوگۆڕدان، بەڵکو لەنێو هەر کۆمەڵگەیەکیشدا ئامادەیی هەیە، لەنێو هەموو ئەو کۆمیونیتییانەدا کە کۆمەڵگە پێکدێنن، لەنێو گروپ و چینەکاندا، لەنێو ناوەندە پیشەیی و خێڵەکییەکاندا و..هتد، بوونی هەیە و هەندێک جیاوازیی دەردەکەون، کە هەر یەکەیان بایەخێکی ئێجگار گەورەیان هەیە. دەتوانین پرسیاریش دەربارەی ئەوە بکەین، کە تۆ بڵێی ئەم فرەییە ناوەکییە زیاتر گەشەنەکات و زەقتر دەرنەکەوێت کاتێک کۆمەڵگە، لەژێر کاریگەری پەیوەندییەکانی تردا، گەورەتر و هاوبەندتر دەبێت. وا دەردەکەوێت ئەمە حاڵەتی هیندستانی کۆن بووە، لەگەڵ سیستەمە کاستییەکەی کە بەهۆی گەڕانەوەی هەژموونی ئارییاییەوە، زیندووبوویەوە.

کەواتە هەمەجۆریی کەلتورە مرۆییەکان نابێت بەشێوەیەکی جێگیر لێیتێبگەین. ئەم فرەیی و هەمەجۆرییە، نموونەیەکی چەقبەستوو یان ئاماژەیەکی وشک نییە. گومانی تێدا نییە کە مرۆڤەکان بەهۆی کارکردی جوگرافی و خاسیەتە جیاوازەکانی ژینگە و بێ ئاگاییان لە گروپ و کۆمەڵگە مرۆییەکانی دیکەوە، کەلتورە جیاوازەکانیان بەرهەمهێناوە، بەڵام ئەمە تەنیا ئەو کاتە زۆر جێگای متمانەیە، کە هەموو کەلتورێک یان هەموو کۆمەڵگەیەک لەخۆیدا پەیوەندیدار بێت و لە کۆمەڵگەکانی تر دوورەپەرێز بووبێت، بەڵام ئەمە تەنیا لە چەند حاڵەتی ئاوارتەو دەگمەندا ڕوویداوە و ڕەنگە تسمانییەکان (تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم)، نموونەیەکی لەم جۆرە بن. کۆمەڵگە مرۆییەکان هەرگیز یەک کۆمەڵگە نین، کاتێکیش لەوپەڕی ڕادەی دابڕان و لێکجیاییدان، ئەوا ئەمە فۆڕمی کوتلە، یان کۆمیونیتییەکان وەردەگرێت. بەم جۆرە زیادەڕەوی نییە ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین، کەلتورەکانی هەردوو ئەمریکای باکور و باشور لە ماوەی قۆناغێکی زەمەنیدا ،کە لەنێوان

دە هەزار بۆ پانزە هەزار ساڵی خایاندووە، هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان لەگەڵ تەواوی جیهاندا نەبووە، بەڵام ئەم بەشە مرۆییە دابڕاو و دوورە دەستە، خۆیشی لە چەندین کۆمەڵگە پێکهاتووە، کە هەندێکیان گەورە و هەندێکیان بچووک بوون و پەیوەندیی پتەو لەنێوانیاندا هەبووە. لەپاڵ ئەو جیاوازییانەدا، کە بەهۆی دوورە پەرێزییەوە دروستبوون، جیاوازیی دیکە بوونیان هەیە، کە بە هەمان ڕادە گرنگ و بایەخدارن و ئەمانەیان بەهۆی دراوسێیەتی و لێکنزیکییەوە پەیدابوون، وەکو ئارەزووی دژایەتی و تایبەتمەندی و خۆ بەدیهێنان. زۆرێک لە نەریتەکان بەهۆی پێداویستیی ناوەکی و ڕووداوی گونجاوەوە پەیدانەبوون، بەڵکو لە ئەنجامی ئیرادەیەکەوە دروستبوون، لەپێناو نەمانەوە لە بۆشاییدا لە بەرامبەر کۆمەڵەکەی دراوسێدا، کە بە شێوەیەکی سنووردار یەکتریان بەکارهێناوە، ئەمەیش بوارێک بووە هەرگیز بە بیری کەسدا نەهاتووە ڕیسای بۆ دابنێت. پاشانیش فرەیی کەلتورە مرۆییەکان، نابێت وامانلێبکات کە نیگا و ڕوانگەیەکی بەشەکی و پارچە پارچەمان بۆ

خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە لەم کولتورانە هەبێت، چونکە لە ئاکامی ئەو پەیوەندییانەوە کە لە نێوان کۆمەڵگەکاندا بوونیان هەیە، بواری هاوبەشبوون و لێکچوون زیاترە لەوەی کە لە یەکیان دادەبڕێنێت ، یان دووریاندەخاتەوە.

لەگەڵ ئەوەیشدا فرەیی کەلتورەکان، بە دەگمەن وەک حەقیقەتی خۆیان و، وەک دیاردەیەکی سروشتی، کە لە ئەنجامی پەیوەندییە ڕاستەوخۆکان، یان ناڕاستەوخۆکانی نێوان کۆمەڵگەکانەوە پەیدابوون، بۆ خەڵکی دەرکەوتوون، بەڵکو جۆرێک لە نامۆیی و ناکامییان تێدا بینیووە. پێشکەوتنی مەعریفەیش لەم بوارەدا، نەبۆتە هۆی ڕەواندنەوەی ئەم وەهمە، تاوەکو تێڕوانینێکی وردتر بێتە کایەوە کە ئەم فرەییە قەبووڵبکرێت، یان لایەنیکەم ئامرازی ڕامکردنی ئەم وەهمەی بۆ بدۆزێتەوە.

هەڵوێستی کۆنتر، کە بێگومان پشت بە کۆمەڵێک بناغەی پتەوی دەروونی دەبەستێت، بەو پێیەی کە لە شوێن و کاتێکی چاوەڕواننەکراودا، خولیای دووبارە دەرکەوتنەوەی لای هەریەکێکمان هەیە،

بەڵام هەموو فۆڕمە کەلتوری و ئاکاری و ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئێستاتیکییەکان ڕەتدەکاتەوە، زۆر دوورە لەو بەهایانەوە، کە ئێمە پەیڕەوییانلێدەکەین. گوزارشتەکانی وەکو «نەریتی کێوییەکان» و «ئێمە ئەم شتەمان نییە» و «نابێت ڕێ بەمە بدەین» و..هتد و، زۆرێک لەو پەرچەکردارە نەشیاوانەن، کە دەربڕی هەمان چەقبەستووی و هەمان بێزلێهاتنەوەن ،لەبەرامبەر ئەو شێوازانەی ژیان و بیرکردنەوە، کە دوورن لە ئێمەوە و پێمان نامۆن. بەم جۆرە هەموو سەردەمە کۆنەکان و هەموو ئەو شتانەی کە لەگەڵ کەلتوری یۆنانیدا (ئینجا کەلتوری یۆنانی-ڕۆمانی) یەکناگرنەوە، لەژێر ناوی «بەربەرییەت»دا پێکەوە کۆدەکرێنەوە، دواتریش شارستانێتی ڕۆژئاوا دەستەواژەی کێویی و وەحشی بە هەمان واتا بەکارهێنا. ڕۆژئاوا لەپشتی هەموو ئەم سیفەتانەوە، هەمان حوکمی بەربەرییانەی شاردۆتەوە، چونکە وشەی بەربەری لە ڕووی زمانەوانییەوە، واتای ناڕوونی جریوە و گەروی ئاوازی باڵندەکانی دەگەیەنێت،

لەبەرامبەر بەها گوزارەییەکەی زمانی مرۆییدا، هەروەها وشەی کێوی ]وەحشی[یش، کە واتای ئەوەیە لە «دارستان»ەوە هاتووە، بیری جۆرێک ژیانی ئاژەڵیمان دەخاتەوە لەبەرامبەر کەلتوری مرۆییدا. لە هەردوو حاڵەتەکەیشدا، ئەوە ڕەتدەکەینەوە کە هەمان فرەیی کەلتوری قبوڵبکەین و، وامان پێباشترە هەر شتێک لەگەڵ ئەو ڕێسایانەدا کە ئێمە بۆ ژیانمان داناوە نەگونجێت، ئەوا فڕێی بدەینە دەرەوەی کەلتور و دەیخەینەوە نێو سروشت.

ئەم ڕوانگەیە سادە و ساکارە، بەڵام لای زۆرینەی خەڵکی بە قوڵی ڕەگی داکوتاوە. ئەوەندە بەسە لێرەدا سەرنج لە پارادۆکسێکی مانادار بدەین. ئەم هەڵوێستە فیکرییە کە لەژێر ناوەکەیدا «کوێیەکان» (یان هەموو ئەوانەی کە پێمانوایە کێوی و وەحشین) فڕێی دەدەینە دەرەوەی مرۆییبوون، کتومت هەمان هەڵوێستی زەق و تایبەتی ئەو خەڵکە کێوییانەیە. هەر بە ڕاستی ئێمە دەزانین ئایدیای مرۆیی کە بە بێ جیاوازی لە نەژاد و شارستانێتیدا، هەموو فۆرمەکانی جۆری مرۆیی دەگرێتەوە،

لەم دواییانەدا و زۆرنابێت دەرکەوتووە و لە سنوورێکی بەرتەسکدا بڵاوبۆتەوە. لەوێیشدا کە واپێدەچێت گەیشتبێتە باڵاترین ئاستەکانی پەرەسەندنەکەی، هەرگیز ئەوە جێگای دڵنیایی نییە -مێژوویەکی نزیک ئەمە دەسەلمێنێت- کە بە بێ ئاڵۆزی و پاشەکشە، جێگیرکرابێت و چەسپێنرابێت، بەڵام وا دەردەکەوێت، بەلای زۆرێک لە کەرتەکانی ڕەگەزی مرۆییەوە و بەدرێژایی دەیان هەزار ساڵ، ئەم بیرۆکەیە بە تەواوی نائامادەبووە و بەهیچ جۆرێک بوونی نەبووە. مرۆڤایەتی لە سنوورەکانی خێڵ یان کۆمەڵی زمانیدا و هەندێ جاریش لە سنوری گونددا دەوەستێت، تا ئەو ڕادەیەی کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ناوێک لەخۆیان دەنێن و بەخۆیان دەڵێن «خەڵکی» (هەندێجاریش زۆر بە متمانە و دڵنیاییەوە بەخۆیان دەڵێن خەڵکانی «باش»، «ناوازە»، «کامڵ»)، ئەمەیش واتای ئەوەیە خێڵەکانی تر، کۆمەڵە و گوندەکانی تر لە فەزیلەتەکانیاندا هاوبەش نین -بگرە لە سروشتی مرۆییشدا هاوبەش نین، بەڵکو بە زۆری خەڵکانی «خراپ» و «شەرەنگێز»

و «مەیمونەکانی زەمین» یان لە «گەرای ئەسپی»ن. زۆرجار بێگانەکان لە دوایین پلەی حەقیقەتیش بێبەشدەکەین و دەیانکەینە «تارمایی» یان «خەیاڵ». بەم جۆرە دۆخێکی سەیر دروستدەبێت، کە تێیدا بەدڵڕەقی و توندی وەڵامی یەکتر دەدەنەوە. لە وڵاتی گەورەی ئانتیل، دوای ساڵانێک لە دۆزینەوەی ئەمریکا، لەو کاتەدا کە ئیسپانیا نێردراوەکانی خۆی بۆ دۆزینەوە و لێکۆڵینەوە لەوە دەنارد، کە بزانن ئایا دانیشتوانە ڕەسەن و نەیتڤەکانی هەرێمە دۆزراوەکان ڕۆحیان هەیە یان نا، ئەوانیش لای خۆیانەوە زیندانییە سپی پێستەکانیان لە ئاوەکاندا نوقمدەکرد و دەخنکاند، تاوەکو ماوەیەکی دوورودرێژ چاویدێرییان بکەن و بزانن لاشەکانیان هەڵدەوەشێتەوە، یان نا.

ئەم قۆناغە نەفرەتبار و تراژیدییە، زۆر بە باشی پارادۆکسی ڕێژەگەرایی کەلتوری (کە دواتر بە فۆڕمی جیاواز دەیبینین)، دەردەخات و، چەندەیش بانگەشە بۆ لێکجیاکردنەوەی نێوان کەلتورەکان و نەریتەکان بکەین، ئەوەندەش زیاتر سەر بەو شتەین کە هەوڵدەدەین نکوڵی

لێبکەین. گەر سیفەتی مرۆیی لەوانە دابماڵین، کە لە هاوشێوەکانی تری جۆرە مرۆییەکەیان «کێویتر» و «بەربەریتر» دەردەکەون، ئەوا هەمان میتافۆرمان لە هەڵوێستە جیاواز و تایبەتییەکانیان وەگرتووە. واتە بەربەری بەر لە هەر شتێک ئەو مرۆڤەیە، کە بڕوای بە بوونی بەربەریزم [یان بڕوای بە بوونی کۆمەڵە مرۆڤی بەربەری] هەیە.

گومانی تێدا نییە کە سیستەمە مرۆییە گەورەکان، سیستەمە فەلسەفی و ئایینییەکان – جا بودیزم بێت، یان مەسیحییەت، یان ئیسلام و تیۆرە ڕەواقییەکان و کانتیزم و مارکسیزم، دژی ئەم تاریکییە وەستاون، بەڵام داواکارییەکی سادە و ساکاری یەکسانیی سروشتی لەنێوان هەموو خەڵکیدا و بانگەشەی برایەتی، کە دەبێت خەڵکی بە بێ جیاوازی نەژاد و کەلتورەکانیان لەگەڵ یەکدا کۆبکاتەوە، هەندێکی شتی لەخۆیدا هەڵگرتووە، کە نائومێدکەری فیکرە، چونکە هەمەجۆرییە واقیعییەکە، کە بە ناچاری دەبێت لەبەرچاوی بگرین، تاوەکو لەڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە لەبەردەستماندا بێت، وەلادەنێت

و فەرامۆشدەكات؛ ئەوەندەیش بەس نییە بڵێین ئەمە كاریگەری لەسەر جەوهەری مەسەلەكە نییە و دەبێت بە جۆرێک كاربكەین وەک ئـەوەی بوونی نییە. بـەم جـۆرە لـە پێشەكی ڕاگـەیـانـدنـی دووەمــی یونیسكۆدا، لـەبـارەی بابەتی نەژادەكانەوە باس لەوە كراوە، ئەوەی وا دەكات پیاوێكی سەرشەقام بڕوا بە بوونی نـەژادەكـان بكات «دڵنیاكاریی ڕاستەوخۆی هەستەكانییەتی، كاتێک كەسانێكی ئەفریقی و ئەوروپی و ئاسیایی و هیندی و ئەمریكی پێكەوە دەبینێت».

هـەروەهـا ڕاگەیاندنی گـەورەی مافەكانی مرۆڤ لەنێو پێچەكانیدا، هێز و لاوازیی خۆیی هەڵگرتووە، ئەویش بـەوەی نموونەیەكی باو ڕادەگەیەنێت، كە ئەو حەقیقەتە لەبیردەكات مرۆڤ سروشتەكەی لە مرۆڤایەتییە ئەبستراكتەكەیدا بەدیناهێنێت، بەڵكو لەو كەلتورە تەقلیدیانەشدا بەشێكی خۆی دەناسێت، كە تێیاندا گۆڕانە زیاتر شۆڕشگێڕییەكانیش، بە بێ بەردەوامبوونی تەواوی نەریتەكان سەرناگرێت و، لێرەدا مرۆڤ لەڕێگەی دۆخێكی زۆر ورد و دیاریكراوەوە لە

شوێن و کاتدا خۆی دەردەبڕێت. مرۆڤی مۆدێرن خۆی لەنێوان فریوێکی دوولایەنەدا بینییەوە، لەلایەک قەرزاری ئەو ئەزموونانە بوو، کە بەر هەستەکانی دەکەوت و لەلایەکی دیکە دەبوو نکوڵی لەو جیاوازییانە بکات، کە لە ڕووی کەلتورییەوە ناکرێت لەدەستبدرێن، ئیدی لەم کاتەدا خۆی دایە دەست زۆر تیۆرمانی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی، تاوەکو یەکسانییەکی بەتاڵ لەنێوان ئەم جەمسەرە لێکدژانەدا دروستبکات و، هەمەجۆریی کەلتورەکان لەگەڵ هەوڵی بێوچانیدا بۆ سڕینەوەی ئەو شتە بێزارکەر و وەڕزکەرانەی کە بۆی مابوونەوە، بخاتەڕوو.

بەڵام ئەم تیۆرمانانە هەرچەندە جیاواز و هەندێ کات سەیریش بن، کەچی هەموو جارێکیش دەگەنە هەمان دەرەنجام، کە تیۆری هەڵەی پەیدابوون و پەرەسەندن، گوزارشتی لێدەکات. ئەمە چی دەگرێتەوە؟ بە دیاریکراوی مەبەستەکە، هەوڵێکە بۆ سڕینەوەی هەمەجۆرییە کەلتورییەکان لەڕێگەی ئەوەی خۆی وا پیشانبدات، کە گوایە بەتەواوەتی دانیپێدادەنێت، چونکە ئەگەر بێتوو لەو حاڵەتە

جیاوازانە بکۆڵینەوە، کە کۆمەڵگە مرۆییەکان هەیانە، چ کۆن و دوور یان تازە، وەک قۆناغ و سەردەمەکانی یەک پەرەسەندن کە لە هەمان خاڵەوە دەستی پێکردووە و دەبێت بەرەو یەک ئامانجیش بڕوات، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە هەمەجۆرییەکە تەنیا ڕواڵەتییە و، مرۆڤایەتی دەبێتە یەک پارچەی هاوشێوە، بەڵام ئەم یەکێتی و هاوشێوەییە دەشێت تەنیا بەرەبەرە بەدیبێت، هەروەک ئەوەی کە هەمەجۆری کەلتورەکان ساتگەلێکی کردەیی و ڕاستەقینە پیشاندەدەن کە حەقیقەتە قووڵەکە دەشارنەوە، یان دەرکەوتنەکەی دوادەخەن.

ڕەنگە ئەم پێناسەیە پێشینەی هەبێت، چونکە لە زەینی دۆزینەوە گەورەکانی داروینداا ئامادەیی هەبووە، بەڵام ئێمە داوینمان مەبەست نییە، چونکە پەرەسەندگەرایی بایۆلۆژی و شێوە پەرەسەنگەراکان، دوو تیۆری زۆر لێکجیاوازن. یەکەمیان وەک گریمانیەکی بەرفراوانی کار دروستبووە و، پشت بە تێبینییەکان دەبەستێت لەوێدا کە بواری تەفسیرکردن زۆر بەرتەسکە. بەم جۆرە ئەو تەرزە جیاوازانەی کە ژینالۆژیای

ئەسپ دروستدەکات دەتوانین لە زنجیرەیەکی پەرەسەندنگەراییدا ڕیزی بکەین، لەبەر دوو هۆکار: یەکەمیان پێویستە ئەسپێک بوونی هەبێت تاوەکو ئەسپێکی تر لێیەوە لەدایک ببێت، بەڵام دووەمیان ئەوەیە کە چینە لەسەر یەک نیشتوەکانی زەمین، کە ئەوەی سەرەوەیان لەڕووی مێژووییەوە لەوی دیکەیان کۆنترە، کۆمەڵێک ئێسکە پەیکەری هەمەجۆریان تێدایە، کە بەشێوەی پلەبەندی، لە تازەترینییانەوە بۆ کۆنترۆنیان، ڕیزبوون. بەم جۆرە زۆر ڕێی تێدەچێت کە ئەسپی هیپاریۆ (کە ئێستا بە بەرد بووە) باپیرە گەورەی ڕاستەقینەی ئەسپ بێت.

بێگومان هەمان لۆژیک بەسەر ڕەگەزی مرۆڤ و نەژادەکانیشیدا دەچەسپێت، بەڵام کاتێک لە باسی بایۆلۆژییەوە دێینە سەر باسی کەلتور، مەسەلەکە بەشێوەیەکی تایبەتی ئاڵۆز دەبێت. دەتوانین لە زەمینەوە زۆر شتی مادی کۆبکەینەوە و بە گوێرەی قووڵایی چینە جیۆلۆژییەکان لەوە دڵنیا ببینەوە کە فۆڕم و تەکنیکی پەیڕەوکراو لە دروستکردنی جۆرێکی تایبەتی لەش و پەیکەر هێدی هێدی دەگۆڕێت،

بەڵام تەور لەڕووی فیزیاییەوە تەورێکی تری لێنابێت، وەک ئەوەی ئاژەڵێک لە ئاژەڵێکی دیکەوە پەیدادەبێت. لەم حاڵەتەی کۆتاییدا، تەورێک کە لە تەورێکی ترەوە پەرەی سەندووە، شێوازێکی مەجازیی و نزیکەیی وەردەگرێت، کە خاڵییە لە هەر حەقیقەتێکی زانستی، بەڵام هاوشێوەییەکی هەیە لەگەڵ دیاردە بایۆلۆژییەکاندا. ئەوەی بۆ شتە ماتریالییەکان ڕاستە کە بوونە ماتریالییەکەی خۆی لە نیشتووەکانی قۆناغێکی دیاریکراودا دەسەلمێنێت، بە هەمان شێوە بۆ دامەزراوەکان و بیرباوەڕەکان و حەز و خولیاکانیش، کە بەشێوەکی گشتی بۆ ئێمە ڕابردوویەکی نادیاریان هەیە، ڕاستە. ئایدیای پەرەسەندنی بایۆلۆژی پەیوەستە بە گریمانەیەکەوە کە زۆر ڕێی تێدەچێت ڕاست بێت و دەتوانین لە بواری زانستە سروشتییەکاندا لێی هەڵکەوین، لە کاتێکدا ئایدیای پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و کەلتوری تەنیا ڕێگەیەکی سەرنجڕاکێشە، بەڵام ئاسانییەکی زۆر مەترسیدارییشی هەیە، کە بۆ پێشکەشکردنی ڕاستییەکان لەم بوارەدا کورتدەهێنێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جیاوازییە فەرامۆشکراوە لەنێوان پەرەسەندنگەرایی ڕاست و هەڵەدا، بەهۆی مێژووی دەرکەوتنی تایبەت بە هەریەکێکیانەوە تەفسیر دەکرێت. گومانی تێدا نییە کە پەرەسەندنگەرایی کۆمەڵایەتی لەلایەن پەرەسەندنگەرایی بایۆلۆژییەوە پشتیوانییەکی بەهێز کراوە، بەڵام لەڕووی واقیعییەوە پێش ئەویش پەیدابووە. بە بێ گەڕانەوە بۆ ئەو هزرە کۆنانەی، کە پاسکال سوودی لێیانوەرگرتووە، کە مرۆڤی بە بوونەوەرێکی زیندوو چواندووە کە بە قۆناغگەلێکی دوابەدوایەکدا دەڕوات، لە منداڵییەوە بۆ گەنجێتی و لەویشەوە بۆ پێگەیشتن، سەدەی هەژدە کۆمەڵێک دایاگرامی سەرەکی بەرهەمهێنا، کە دواتر بوونە مایەی تێڕامانی زۆر: «ئیسپرینگییەکان» (ڤیکۆ)، «سێ قۆناغ بۆ سێ حاڵەت» (کۆنت)، «پەیژە» (کۆندۆرسێ). هەردوو دەزگاکەی پەرەسەندنگەرایی کۆمەڵایەتی تیۆریی خۆیان دامەزراند و بەر لە «ئەسلی جۆرەکان»، یان بە بێ ئەوەی ئەم کتێبەی داروینیان خوێندبێتەوە، بڵاویانکردەوە. پەرەسەندنگەرایی کۆمەڵایەتی،

ئەگەرچی بەر لە تیۆری پەرەسەندنی بایۆلۆژی پەیدابوو بوو، کەچی هیچ نییە، جگە لە وەهمێکی زانستیی درۆینە بۆ بابەتێکی کۆنی فەلسەفی، کە ئیتر لەمڕۆدا هەرگیز لەوە دڵنیانین تێبینی و بەڵگە کلیلێکی ئەوتۆمان بۆ تێگەیشتن لێی پێبدەن.

**سەرچاوە:**

-کلود لیفی شتراوس: العرق و التأريخ، ترجمه: د. سليم حداد، المؤسسه الجامعيه للدراسات و النشر و التوزيع، السلسله الإجتماعيه، د. س. گ.، ص 9-18.

# کاری فکر

وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

**دەمەوێت پرسیارێکی ئاسانت لێ بکەم: ئەفسانە چییە؟**

**شتراوس:** بە پێچەوانەوە، ئەم پرسیارە هەرگیز ئاسان نییە، چونکە دەکرێت بە چەندین رێگە وەڵام بدرێتەوە. ئەگەر پرسیار لە هیندۆ–ئەمەریکییەک بکەیت بەم جۆرە وەڵامت دەداتەوە: ئەفسانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێک کە هێشتا جیاوازی لەنێوان ئاژەڵ و مرۆڤدا نەبوو. من پێموایە ئەم پێناسەیە زۆر قووڵە. دۆخێکی مرۆیی کە لەسەر زەمین لەگەڵ جۆرە زیندووەکانی تردا بژی و چێژیان لەگەڵدا بەشبکات، بەبێ ئەوەی بتوانێت پەیوەندیگریی لەگەڵیاندا بکات و لەگەڵیاندا بەردەوام بێت، دۆخێکی تراژیدییە و پێشێلکردنی هەستەکان و فیکرە، ئەمە وێڕای ئەو دەریا مورەکەبەی کە میراتی یەهودی–مەسیحی بەسەریدا باراندوویەتی تاوەکو ئەم دۆخە داپۆشێت. لەو پێناسەی پێشووەوە ئەوە تێدەگەین، کە ئەفسانەکان ئەوە رەتدەکەنەوە ئەم نەنگی و کەموکورتییە لە خەلیقەتدا رەسەن و بنچینەیی بێت، بەڵکو بەپێی ئەم پێناسەیە دەرکەوتنی ئەم کەموکوڕییە رووداوێکی تاقانە و بنەڕەتییە بۆ هەلومەرجی مرۆیی و نوقسانییەکانی.

دەکرێت لە شوێنی دیکەیشدا بەدوای پێناسەی ئەفسانەدا بگەڕێین، بۆ نموونە لە لێکدژیی لەگەڵ فۆڕمەکانی تری میراتی زرارەکیدا: گێڕانەوە، حیکایەتەکان... بەڵام ئەم جیاکارییانە هەرگیز پەتیی نین. رەنگە ئەم فۆڕمانە لە کولتووورە جیاوازەکاندا هەمان رۆڵیان نەبێت، بەڵام خۆ بەرهەمی خودی فیکرن، هیچ شیکارییەکیش ناتوانێت رێگربێت لەبەردەم سوودوەرگرتن لە هەموویاندا. ئەم فیکرە پشت بە چی دەبەستێت؟ بە پێچەوانەی میتۆدی دیکارتییەوە، ئەوە رەتدەکاتەوە کە وەڵامە سەختەکە پارچەپارچە بکەین، بۆیە هەرگیز وەڵامێکی بەشەکی و ناتەواوی قبوڵ نییە، خۆی لەو تەفسیرانە دەئاڵێنێت کە گشتێتی دیاردەکان دەگرێتەوە.

تایبەتمەندی سەرەکی ئەفسانە ئەوەیە کاتێک رووبەرووی پرسێک دەبێتەوە، لەڕێگەی هاوشێوەکردنی لەگەڵ پرسگەلێکی دیکەدا کە لەسەر ئاستی تر خراونەتەڕوو، بیری لێدەکاتەوە: گەردوونی، فیزیایی، ئەخلاقی، یاسایی، مافداری، کۆمەڵایەتی و هتد... هەموو ئەمانەیش پێکەوە لەبەرچاودەگرێت.

**- هەر ئەمەیشە تەفسیری گەمەی لێکئاڵانەکان دەکات کە باستکردووە.**

**شتراوس:** ئەوەی ئەفسانەیەک بە زمان دەیڵێت وا دەردەکەوێت، کە تایبەتە بە کایەیەکی دیاریکراو، ئەم کایەیە بەهەموو ئەو کایانەی تردا پەخشدەبێتەوە، کە دەشێت تێیاندا کۆمەڵە پرسێک بە هەمان فۆڕمی رواڵەتیی تێیدا بخرێنەڕوو و باسبکرێن.

- ئەمە ئەو شتەیە کە لە کۆتایی «گڵێنەکاری پەرۆش»دا رەخنەی فرۆیدی پێدەکەیت: سەرنجی ئەو هەمووی لە کۆدی سێکسیدا قەتیس بووە.

شتراوس: دەتوانین تا ناکۆتا رەخنە لە فرۆید بگرین: دەقەکانی هەندێ کات تەمومژاوی و لێکدژن، بەڵام گومانی تێدا نییە کە پێگەیەکی دەروازەیی داوە بە کۆدە سێکسییەکان.

**- لەگەڵ ئەوەیشدا لەو ئەفسانانەدا کە شیکارییان دەکات، ئامادەیی گشتی سێکس و ئەو توندوتیژییەی کە هەمیشە هاوڕێیەتی و لەگەڵیدایە، وەك هەورەبروسکە لێمان دەدات.**

**شتراوس:** چونکە ئەم لایەنە پانتاییەکی بەرفراوانی لە نەزمی بەهاکانمان و ژیانی کۆمەڵایەتیمان داگیرکردووە. لەگەڵ ئەوەیشدا سەرنجی ئەوەی داوە کە ئەفسانە هەرگیز مەسەلەی پەیوەست بە سێکسی لەخۆیدا و بۆ خۆی، دابڕاو لە هەموو شتەکانی تر، تاوتوێ نەکردووە، بەڵکو هەر ئەوەندەی ویستووە دەری بخات ئەم مەسەلەیە لە رووی فۆڕمەوە هاوشێوەی کۆمەڵە مەسەلەیەکی دیکەیە، کە مرۆڤ لەبارەی تەنە ئاسمانییەکان، بەدوایەکداهاتنی شەو و رۆژ، بەدوایەکداهاتنی وەرزەکان، رێکخستنی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان گروپ و کۆمەڵە دراوسێکان.. خستوویەتییەڕوو. کاتێک فیکری ئەفسانەیی پرسێکی تایبەت باسدەکات تەریب بە کۆمەڵە پرسێکی دیکە باسیدەکات، کە لە هەمان کاتیشدا چەندین کۆد بەکاردەهێنێت.

**- ئەمە شرۆڤەیەکە لە رێگەی پرسە بەدوای یەکداهاتووەکانەوە.**

**شتراوس:** هەڵبەت، بەبێ ئەوەی هەرگیز هیچیان شیکاربکرێن. لێکچوون لەنێوان ئەم هەموو پرسەدا وەهمی ئەوەمان پێدەدات کە دەتوانین شیکارییان بکەین، ئەمەیش ئەوکاتەی کە پێمانوابێت ئەگەر تێبینیکردن و وردبوونەوە لە حاڵەتێک سەخت و ئەستەم بێت، ئەوا وردبوونەوە لە حاڵەتەکانی تر سەخت نییە، یان لایەنیکەم بەهەمان ئەو رادە سەخت و ئەستەم نییە. ئێمە زۆر بە کەمی بەم رێگایە ئەرگومێنت دەخەینەڕوو و شتێکی پێ دەسەلمێنین، کاتێک دەمانەوێت شرۆڤەی شتێک بکەین دەڵێین: «هەروەک لە...» یان «ئەمە وەکو....» ئەمە تەمبەڵییە لە ئێمەدا، بەڵام فیکری ئەفسانەیی ئەم رێگەیە بەشێوەیەکی چاوکراوە و سیستەماتیک بەکاردەهێنێت، تا ئەو رادەیەی کە جێگای بەڵگەی سەلماندن دەگرێتەوە...

**- پرسیارێکی دیکەی ئاسان:**

**ئەفسانە بە کەڵکی چی دێت؟ بۆچی باشە؟**

**شتراوس:** بۆ ئەوە باشە شرۆڤەی ئەوە بکات کە بۆچی شتەکان، وەک ئەوەی هەبوون، هەر لە سەرەتاوە لێک جیاواز بوون و بەم شێوەیە هەن،

بۆچی نەدەکرا ببنە شتێکی تر و بەشێوەیەکی تر هەبن، چونکە -بەدیاریکراوی- ئەگەر گۆڕانکاریی لە کایەیەکدا بکەیت هەموو نەزمی جیهان هەڵدەگەڕێتەوە، چونکە کایەکان هاوشێوەن.

**- ئەفسانە چۆن پەیدا دەبێت؟**

**دەبێت کەسێك بۆ یەکەمجار وتبێتی!**

**شتراوس:** بە دڵنیاییەوە، بەڵام ئەگەر پێتوابێت کە دێرینەناسەکان Paleontologists بنەڕەتی مرۆیی زیاتر و زیاتر بەرەو دواوە دەگەڕێننەوە، ئەوا تۆیش هاوڕای من دەبیت کە وەڵامدانەوەی پرسیارەکەت هەرگیز ئاسان نییە. ڕەنگە پێشینانی مرۆڤ -ملیۆنێک یان دوو ملیۆن ساڵ لەمەوبەر- زمانێکی گۆکردنیان هەبووبێت، هیچ شتێکیش ئەو ئەگەرە دوورناخاتەوە کە ئەوان ئەفسانەیان گێڕابێتەوە. ئەم ئەفسانانە بە درێژایی سەردەمەکان گوازراونەتەوە و گۆڕاون، هەندێکیان لەنێوچوون و هەندێکی تریان بوونەتە مایەی پەیدابوونی ئەفسانەی دیکە. لە چ هەلومەرجێکدا؟ دەشێت شتێک بووبێت وەک بەکتریا، هەرگیز نایبینین و بەڵام پەیدایش دەبێت و دەڕوێت! داهێنانی تاکەکەسی

بە تەنیا ناتوانێ ئەفسانە بئافرێنێت، بەڵکو دەبێت بەهۆی کیمیایەکی شاراوە و نەبینراوەوە بگۆڕدرێت و دەوڵەمەند بکرێت و گۆوپێکی کۆمەڵایەتی بینوێننەوە، چونکە لەگەڵ پێویستییە فیکری و ئەخلاقییەکانیاندا گونجاو و تەبابۆتەوە. چیرۆکەکان لە گەرووی تاکەکان دێنە دەرەوە، هەندێکیان سەرکەوتوودەبن و هەندێکی تریان شکستدێنن..

پرسی بنەڕەتی ئەفسانە لە پرسی بنەڕەتی زمان دەچێت، کە کۆمەڵەی زماننناسانی پاریس بەوپەڕی ڕێزەوە چیتر لێکۆڵینەوەی لێ ناکات و نایخاتە قسە و باسەوە، چونکە وەڵامەکان تەنیا دەتوانن مەزەندەکراو بن. رەنگە وەڵامی ئەم پرسیارە لە فیزیۆلۆژیای دەمارناسیی مێشکەوە وەڵام بدرێتەوە، کەچی هیچ کاتێک لە ئێتنۆلۆژیا و زماننناسییەوە وەڵام نادرێتەوە، بەڵام دەرهەق بە وێنا ئەفسانەییەکان، وەڵامدانەوەی پرسی بنەڕەتەکەی هەمان ئەو بایەخەی نییە کە توێژینەوەی ئەو هەڵوێستە فیکرییانەی خەڵکی بەرامبەر ئەفسانەکانیان دەیگرنەبەر، هەیەتی. ئەم ئەفسانانە گێڕانەوەی جیاوازیان هەیە، بەڵام

ناکرێت یەکێک لەم ئەفسانانە هەڵبژێرین، یان ڕەخنەیان لێ بگرین یان بڕیارێ ئەوە بدەین، کە تەنیا یەکێکیان راستە و لەوانی تر دروستترە: بەڵکو هاوزەمەن و پێکەوە قبوڵدەکرێن، بە بێ ئەوەی جیاوازییەکانیان ئاڵۆزی و شێواندنێک دروستبکەن. چەندین لێکۆڵینەوە لە پنتە جیاوازاکانی جیهاندا ئەنجامدراون کە جەخت لەسەر گشتێتی ئەم هەڵوێستە فیکرییە دەکەنەوە. پێویستە لە نزیکەوە توێژینەوە لەم هەڵوێستە بکەین، بەراوردی بکەین بە هەڵوێستی خۆمان لەبەرامبەر مێژوودا، کە لە کۆمەڵگاکانماندا و لەنێو یەک کۆمەڵگایشدا گێڕانەی جیاواز، بگرە جاروبار گێڕانەوەی دژیەکیشی بۆ دەکرێت.

**- کەواتە، بەلای تۆوە ئەفسانە کۆی هەمەجۆری و گێڕانەوە جیاوازەکانییەتی. ئەی هەوڵت نەداوە بۆ دیاریکردنی گێڕانەوە بنەڕەتی و ئۆرگیناڵییەکەی؟**

**شتراوس:** هیچ گێڕانەوەیەکی «باش» بوونی نییە، هیچ فۆڕمێکی بنەڕەتی و دەستپێک، یان ئۆرگیناڵی ئەفسانە بوونی نییە. دەبێت هەموو گێڕانەوەکان بە جددی وەربگرین.

**- لە کۆتایی «گڵێنەکاری پەرۆش»دا نووسیوتە ئەفسانە «ئاوێنەی گەورەکەر»ی ڕێگای هەمیشەیی ئێمەیە بۆ بیرکردنەوە. ئایا ئەمە ئەو کێشەیە کە لە کۆی ئەو زنجیرە کتێبەدا رایکێشاویت و بەدواداچوونت بۆ کردووە؟**

**شتراوس:** ئەمە هەمان کات کێشەی «بونیادی بەرایی خزمایەتی»یشە، بێجگە لەوەی کە واقیعە ئاینییەکان لە «ئەفسانەناسیدا» لە «بونیاد»دا جێگای واقیعە سۆسیۆلۆژییەکان دەگرنەوە، بەڵام پرسیارەکە نەگۆڕاوە: لەگەڵ بوونی گرێکوێرەیەک لە مومارەسە کۆمەڵایەتییەکان، یان بۆچوونە ئاینییەکاندا، ئایا چیتر دەتوانین بەدوای تەفسیر و لێکدانەوە بەشەکییە جیاوازەکاندا بە پێی هەر حاڵەت و دۆخێک بگەڕێین؟ یان وا باشترە هەوڵی دەرخستنی سیستەمە گشتییە شاراوەکەی و بونیادە قووڵەکەی بدەین بەهۆی شرۆڤەکردنی هەموو ئەم هەمەجۆرییە دیارانەوە و، لێکترازانیان و لێکجیاکردنەوەیان ڕەتبکەینەوە؟ هەروەک ئەوەی «بونیادەکان» و «ئەفسانەکان» کتومت لە کایە جیاوازەکاندا هەمان پرس دەخەنەڕوو و بە دوو ڕێڕەوی هاوشێوەیشدا دەڕۆن.

**- بەڵام ئەم گوزارشتە «ئاوێنەی گەورەکەر» پێویستی بە لەسەر وەستانە.**

**شتراوس:** لە هەموو ئەو شتانەدا کە لەبارەی میتۆلۆژیاوە نووسیومە، ویستوومە ئەوە دەربخەم مەحاڵە بگەینە واتای کۆتایی، یان دوایین واتا. ئایا ئەمە هەمان ئەو شتە نییە کە لە ژیاندا روودەدات؟ ئەو دەلالەتەی کە ئەفسانەیەک دەتوانێت بە من و ئەوانەیشی بدات، کە لە ساتێکدا و لە دۆخێکی دیاریکراودا دەیگێڕنەوە یان دەیبیستن، تەنیا لە پەیوەندیدا بە دەلالەتەکانی ترەوە بوونی هەیە کە ئەفسانە دەتوانێت لە سات و دۆخێکی دیکەدا،بە گێڕەرەوەکان و بیسەرەکانی دیکەی ببەخشێت.

ئەفسانە تۆڕێک دادەمەزرێنێت کە دەکرێت تەنیا لەڕێگەی ڕێساکانی بونیادەکەیەوە پێناسەی بکەین. ئەم تۆرە ریگە دەدات واتای لێوە دەربکێشین، نەک بۆ ئەفسانە خۆی، بەڵکو بۆ هەموو شتەکانی تریش: وێنەی جیهان، کۆمەڵگە، مێژووی کپکراو لەژێر سنووری ئاگاییدا، لەگەڵ ئەو پرسیارانەدا کە مرۆڤ لەبارەیەوە دەیانخاتەڕوو؛ ئینجا ئەو قاڵب و

چوارچێوەیەی کە ئەفسانە پێشکەشمانی دەکات وا دەکات لە یەک گشتی پێکەوەبەستراودا کۆیان بکەینەوە. ئەم ڕۆڵەی کە دەدرێتە پاڵ ئەفسانە هاوشێوەی ئەو ڕۆڵەیە کە بۆدلێر دەیداتە پاڵ مۆسیقا. بۆدلێر کە باس لە سەرەتا و دەستپێکی Lohengrin دەکات، لە ڕێگەی نموونەوە ئەوە پیشاندەدات کە هەموو سوبێکتێکی تاکەکەسی لە بەرهەمەکەدا ناوەڕۆکێکی جیاواز دەبینێت. ئەگەرچی هەموو ئەم ناوەڕۆکانە دەگەڕێنەوە بۆ ژمارەیەکی کەم لە پارچە جێگیرەکان .

کاتێک بەشێوەیەکی گشتی دەپرسین وشەی «دەلالەت لە... دەکات» واتای چییە، دەبینین هەمیشە واتای ئەوەیە لە کایەیەکی تردا هاوتایەکی فۆڕماڵ بۆ ئەو واتایەی بدۆزینەوە کە بەدوایدا دەگەڕێین. موعجەم و فەرهەنگ (قاموس) هیچ نییە جگە لە دەرخستنی ئەم بازنە لۆژیکییە. پێدانی دەلەلات بە وشەیەک، بەهۆی وشەکانی ترەوەیە کە خۆیشیان پێویستیان بەوەیە بە وشەکانی تر پێناسەبکرێن و ئیدی

بەم جۆرە. ئیتر، وێڕای هەوڵی بێوچانی دانەری قاموس و موعجەمەکان بۆ وەلانانی پێناسە بازنەییەکان، کەچی لایەنیکەم لە رووی تیۆرییەوە، دەگەڕێینەوە بۆ سەرەتا.

ئێمە پێمانوایە کاتێک لە نێو کایە سیمیۆلۆژییەکانی دیکەدا لە دۆزینەوەی هاوتا زۆر و فرە جۆرەکانی وشەیەک، یان ئایدیایەکدا سەرکەوتوو دەبین، مانای وایە واتای وشەکە یان ئایدیاکەمان دەرخستووە. دەلالەت هیچ نییە جگە لەم بەیەکگەیاندنە. ئەمە هەم بۆ وێنەکان و هەم بۆ وشەکانیش راستە، چونکە ئەفسانە وێنەکان و رووداوەکان -کە بابەتی گەورەن- بەکاردەهێنێت، ئەفسانە ئەم دیاردەیە بە روونییەکی زیاتر و بە چڕوپڕتر دەنوێنێتەوە، بەڵام مەرج و پێشمەرجی زۆر گشتی کاری فیکریش ئاوەژوو دەکاتەوە.

**پەراوێز:**

شارل بودلیر «ریشار فاغنر و تانهاور فی باریس» فی الاعمال الكاملە، باريس، بلياد، ص1211-1214.

**سەرچاوە:**

کلود لیڤی شتراوس: من قريب و من بعيد (الدوائر البـارده)، حـوارات مع دييه اريـبون، ترجمه: مـازن م. حمدان، دار كنعان للدراسات و النشر و التوزيع، دمشق، الگبعه الأولى، 2000، ص221-225.

# له سه‌به‌ته‌ی
# فه‌رامۆشكراوه‌كانی مێژوودا

له عه‌ره‌بییه‌وه: هاوار محه‌مه‌د

**- گفتوگۆ لەگەڵ سارتەردا تەنیا ڕووبەڕووبوونەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکان و فەلسەفە نەبوو، بەڵکو ڕەخنەی ئەوەیشت لێگرت، کە بایەخێکی زۆر بەرز بە مێژوو دەدات، لەبەرئەوە ئەم گفتوگۆیە مەسەلەی پەیوەندییەکانی نێوان فیکری ئێتنۆلۆژی و مێژووی هێنایەپێش. ئەمە پرسێکە کە لە کارەکانی تۆدا زۆر دووبارە دەبێتەوە. ساڵی 1949 وتارێکت بە ناونیشانی «مێژوو و ئێتنۆلۆژیا» بڵاوکردەوە، کە لە سەرەتای ئەنترۆپۆلۆژیای بونیادگەرییدا دەیبینینەوە.**

- ڕەخنەی من لە سارتەر ئەوە نەبوو کە ئیمتیازێکی بەرزی داوەتە پاڵ مێژوو، بەڵکو بنیاتنانی فەلسەفەیەکی مێژوو بوو، کە بەلای منەوە سەر بە جیهانی ئەفسانەییە. مێژوو لە هەر شتێک زیاتر و هەر زۆر لە زووەوە، بۆ من جێگای بایەخپێدان بووە.

بەڵام ئەو وتارەی کە باسیدەکەیت، ساڵی 1948 نووسیومە. باش بیرم نییە لەسەر داوای گۆڤاری «میتافیزیکا و ئەخلاق» بوو، یان هەر بە ویستی خۆم نووسیومە. بەهەرحاڵ، من لەو کاتەدا خەریکی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی لوسیان ڤیڤەر بووم، ئەو وتارەیش لەو نیگایەوە هەڵقوڵابوو کە ئەو بەرهەمانە پێیاندابووم.

**- تۆ ئەوت دەناسی؟**

- هـەر لـەو کـاتـەوەی لـە سـاڵـی 1948 گەڕامەوە بۆ فەرەنسا پەیوەندیمان دروستکرد، ئەو وتارەم سەرنجی ڕاکێشابوو، کە لە (گۆڤاری قوتابخانەی نوێ بۆ توێژینەوە لە نیویۆرک) بڵاوم کردبوویەوە بە ناونیشانی «لەتبوونی نواندنەوە لە هونەرەکانی ئاسیا و ئەمریکادا»، بگرە ئەم وتارە هەندێک ڕوانینی پێبەخشبوو[1]. هەر یەکسەر کە بەشی شەشەمی لە قوتابخانەی پراکتیکیی توێژینەوەی باڵا دامەزراند (کە دواتر دەبێتە قوتابخانەی توێژینەوەی باڵای زانستە کۆمەڵایەتییەکان)، بانگیکردم، بۆئەوەی بەشداریی تێدا بکەم.

**- لەم وتارەتدا بەر کۆمەڵێك ڕستەی سەرنجڕاکێش دەکەوین: »مێژوو هەموو شتێکە«، هەروەها »شتێکی کەم لە مێژوو باشترە لەوەی هەرگیز هیچ شتێك لە مێژوو بوونی نەبێت«.**

- هەڵوێستی مالینۆڤسکی و کۆمەڵێک ئەنترۆپۆلۆژیستی دیکەی ئەمریکی کە تێکەڵیان بووبوون، دەرهەق بە مێژوو تووشی شۆکی کردم. زۆرێک لەوان بڕوایانوابوو کە دەبێت بە بێ هیچ زانیارییەک لەسەر

دانیشتووان بچنە شوێنەکانی لێکۆڵینەوە، بۆچوونیان ئەوەبوو، کە لەگەڵ تێڕوانینی ناسینی ڕابـــردووی ئـەو کۆمـەڵگـەیـانـە تێکەڵ نەبن و توێژینەوە مەیدانییەکانی تر لەبارەیانەوە نەخوێننەوە. ئەوان پێیانوابوو بەم شێوەیە هەموو گـەرم و گوڕییەک بۆ تێبینیی ڕاستەوخۆ دەهێڵنەوە، بەڵام ئەوان لەوە تێنەدەگەیشتن کە ئەمە تەنیا دەبووە مایەی بێتواناییان. ئەمە ئاکامی ساویلکەیی و سەفسەتە بوو.

**- دوای چەند ساڵێك برۆدوێلیش هەمان ڕەخنەی لێگرتیت. لە کتێبەکانیدا لەبارەی مێژووەوە ئەم ڕستەیە لـە وتــاری «دیۆجینۆسی نوستو»ـی تۆ دەگوازێتەوە: »کاتژمێرێك کە لەگەڵ هاوسەردەمێکی ئەفلاتووندا دەیبەینە سەر، لە هەموو نووسین و بەرهەمی مێژوونووسەکانمان زیاتر فێرمان دەکات، تا چ ڕادەیەك شارستانێتی گریکی هەماهەنگ بووە، یان هەماهەنگ نەبووە«. کۆمێنتی برۆدوێل ئەمەیە »وایــە، ئەمە ڕاستە، بــەڵام لەبەرئەوەیە کە ئەم گەشتە لەڕێگەی خوێندنەوەی بەرهەمی هەموو ئەو مێژوونووسانەوە ئامادە کراوە«(2).**

-لێرەدا سوعبەتێک دەکەم، ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە، کە برۆدویل ناچارە ڕەخنە بگرێت، وەڵامەکەی ئەو هیچ لەو بابەتە ناگۆڕێت، کە فیلمێکی پێنج خولەکی دەربارەی ئەسینای سەدەی پێنجەم دەتوانێت بە قوڵی ئەو تێڕوانینەمان بگۆڕێت کە مێژوونووسەکان بۆیان دروستکردووین. پێشتر وتم تێبینیی ڕاستەوخۆ دەبێت وزە پێدراو و ئامادەکراو بێت و زەمینەی بۆ سازکرابێت، بەڵام هیچ شتێک جێگای ناگرێتەوە.

**- هەر لەم وتارەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەیتەوە، کە مێژوو و ئێتنۆلۆژیا هەمان ئوبێکتی لێکۆڵینەوەیان هەیە و بابەتەکەیان هاوبەشە: تێگەیشتن لە ژیانی کۆمەڵایەتی، بۆئەوەی لە حاڵەتی ئەوەی یەکەمیاندا گوزارشتی ئاگایانەیان لەبارەوە بڵێین و، لە حالەتی دووەمیاندا گوزارشتی نائاگایانە. ئەم ڕستەیە گفتوگۆی زۆری وروژاند.**

- سەرزەنشتەکە لەلایەن مێژووسەکانی «سالانەنامەکان»ەوە بوو. ئەوان لەوە تێنەگەیشتبوون کە من، وەک خاڵی دەستپێکی گوتارەکەم، دوو حاڵەتی دیاریکراوم لەبەرچاو

گرتووە: مێژووی هەرە تەقلیدی (کە تایبەتە بە پاشایان و پەیمان و جەنگ و ڕێکەوتنەکان)، ئەمە لەلایەک، ئێتنۆلۆژیا کە بە کەرەستەکانی شیکاریی بونیادگەریی مومارەسە دەکرێت، لەلایەکی دیکەوە. بەم جۆرە ئەوە ڕاستە کە یەکەمیان بە تەواوەتی پشت بە بەڵگە و دیکۆمێنتە نووسراوەکان، ئینجا پشت بە گوزارشتە ئاگایانەکان دەبەستێت و، دووەمیشیان هەوڵدەدات لە پشتی واقیعە تێبینیکراوەکانەوە بگات بەو کەرەستە نائاگایانەی کە بەڕێوەی دەبەن.

ئەم لێکدژییە لەنێوان ئێتنۆلۆژیا و مێژوودا لە کارەکانی لوسیان ڤیڤەر و پەیڕەوکەرانیدا دەسڕدرێتەوە و نامێنێت، بەڵام ئەم پەرەسەندنە لەسەرەتادا قەرزاری ئەو ڕێنماییانەیە کە لە سۆسیۆلۆژیای دورکهایمییەوە وەریگرتووە (کەمێکی لەو دەسەڵاتە خراپە وەرگرتووە کە دەیویست مێژووی لێ ڕزگاربکات). دواتر، ئەم پەرەسەندنە زۆر قەرزارباری ئەوەیە، کە ئێتنۆلۆژیا بۆ مێژوونووسەکانی هەڵگرتووە. «مێژووی نوێ» –وەک دەڵێن– لە ئێتنۆلۆژیا

ئاو دەخواتەوە و وزە وەردەگرێت. سەرجەمی وتارەکەم دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە سەردەمەکە لە لێکدژییەکی زیانمەند ئاوی خواردۆتەوە و وزەی وەرگرتووە، بۆیە دەبێت کارێک بخرێتە جێی کە ئیتر لەمەودوا ئێتنۆلۆژیستەکان و مێژوونووسەکان پێکەوە و بەپاڵ یەکترییەوە و بە هاریکارییەکی پتەو، بتوانن بیکەن.

**- هەر وایش بوو.**

- ماوەی سی ساڵە گفتوگۆیەک لەنێوان هەردوو سیستەمەکەماندا دەستی پێکردووە. مێژوونووسەکان لە گرنگی و بایەخی ڕووداوە بچووکەکانی ژیانی ڕۆژانە، کە ئێتنۆلۆژیا، دەریاندەخات و لێیاندەکۆڵێتەوە، تێگەیشتین. نەوەکانی پێشتری مێژوونووسەکان هیچ گرنگییان بەمانە نەدابوو. جارێکیان، لە ساڵی 1952 دا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە کۆنگرەی ئەنترۆپۆلۆژیستەکاندا، کە Wenner-Gren-Foundation ڕێکی خستبوو، وتم »ئێمە لۆمەی زێدەڕەویی لێکۆڵینەوەی مێژوویی دەکەین و لە

سەبەتە زبڵەکەیدا بەدوای سامانی خۆماندا دەگەڕێین«[3]. ئەمە کاردانەوەی جیاوازی لێکەوتەوە، هاوپیشەکانم ئەم بەراوردەیان پاساو نەدا. لە کۆتایی دانیشتنەکەدا ماگرێت مید هاتە لام و پێیوتم: «هەندێک وشە هەن، کە نابێت هەرگیز بووترێن»، هەر لەو ڕۆژەوە هاوڕێیەتییەکەمان دەستی پێکرد، کە هەتا مردیش هەر وا بووین، بەڵام مێژوونووسەکان ئەوەیان بۆ دەرکەوت، کە ئەم زبڵدانەی کە ماوەیەکی زۆرە فەرامۆشکراوە و، جاروبار لە هەواڵەکان و یاداشت و یادەوەرییەکان و لە ئەدەبدا دەردەکەوتەوە، لە تێبینییە مەیدانییەکانی ئێتنۆلۆژیستەکان دەچێت و، دەتوانن سوودی لێ وەربگرن. دەوروبەری 1950، چێژم لە خوێندنەوەی زنجیرەیەک کتێبی ئەلفرێد فرانکلین بینی، کە تەرخانکرابوون بۆ باسکردنی ژیانی تایبەتی لە فەرەنسای نێوان سەدەی سێزدە و سەدەی هەژدە. ئەم کۆمەڵە کتێبەم لای کتێبفرۆشێکی دەستی دوو لە ژێرەوە دەرهێنا و، هەموویان بیست بەرگ دەبوون. فرانکلین ئەمینداری نهێنیی کتێبخانەی مازارین بوو، لە

هەمان ئەو کاتەی کە پرۆستیش، بۆ ماوەیەکی کاتیی تێیدا فەرمانبەر بووە، پێدەچوو پرۆست هیچ کاتێک نەچووبێت، بەڵام سەرۆککارەکەی بە شێوازی خۆی سەرپەرشتیاریی لێکۆڵینەوەیەکی نایاب بوو دەربارەی «گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو»! کتێبەکانی فرانکلین لە چوارچێوەی ئەو کتێبانەدایە، کە لەمڕۆدا پێیدەڵێین ئەنترۆپۆلۆژیای مێژوویی، ئەمەیش پسپۆڕییەکە و لای مێژوونووسەکان، بۆتە شتێکی باو و وای لێکردوون کە لەمڕۆدا شایەنی ئەوەبن پێشەوەی شانۆکە بگرن. چونکە جەماوەر —ئەمە چەمکێکە- زۆر زیاتر لەوەی بایەخ بە شێوازی ژیانی هندییەکانی ئەمریکای باشوور و میلانیزییەکان بدەن، بایەخ بە شێوازی ژیانی پێشینانمان دەدەن.

**- دەڵێن ئامانجی وتارەکەی برۆدوێل بۆ ماوەیەکی درێژ بەرگریبووە بە ڕووی تۆدا بۆ ئەوەی کاریگەرییەکەت نەگاتە مێژوونووسەکان.**

– غروری ئەوەم نییە ئەم بۆچوونەم هەبێت. پێموایە ئەو هۆکاری گرنگتری هەبوو، لەگەڵ ئەوەی گریمانەی ئەوەم کردبوو ئەو بەختەی

که ئێتنۆلۆژیا لای ڕای گشتی دروستیکردبوو – له سەروەختێکدا- مێژوونووسەکانی خستبووە دڵەڕاوکێوە. هەڵوێستی مێژوونووسەکانی ئەو کاتە بەرامبەر ئێتنۆلۆژیا هەڵوێستەکەی چەند دەیەیەک لەوەوبەری ڤیڤەر دهێنێتەوەیاد لەمەڕ قوتابخانەی دۆرکهایمییەوە. له هەردوو حاڵەتەکەیشدا مێژوو زانیویەتی چۆن چۆنی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و دەستبەرداری پاشماوەکانی کێبەرکێکەی ببێت.

**- لەبەرامبەردا مێژوونووسەکانیش بەشدارییەکی گەورەیان له توێژینەوەی ئێتنۆلۆژیدا کردووە.**

– بێگومان. ئەوان لایەنێکیان بۆ سەر ئەو فۆرمە کۆمەڵگایانە که بەلای ئێمەوە گرنگبوون (و پێکهاتبوو لەو کۆمەڵگایانەی که به شوێندا بڵاوبووبوونەوە) زیاد کرد، ئەویش ئەو کۆمەڵگایانە بوون که له زەمەندا، دروستبووبوون، ئەگەر ئەم دەربڕینە بگونجێت. مێژوو ژمارەیەکی زۆر ئەزموونی «ئامادە»مان پێدەدات، که دەتوانین پشتیان پێ ببەستین. بەهۆی ئەمەیشەوە هەڵگەڕانەوەیەکی نایاب ڕوویداوە. له سەرەتادا، قوتابخانەی «ساڵانەنامە» له مێژووی کۆن و

مێژوویی هەواڵدەری و کتێبی یاداشتنامەکان کشابوویەوە و، لە نەزمی دیموگرافی و ئابووری یان لە نەزمی ەزرەکاندا، بایەخی بە بزووتنەوە قووڵەکان دەدا، بەڵام هەر لەو کاتەدا ئێمەیش —ئێتنۆلۆژیستەکان- ڕێگایەکی پێچەوانەمان گرتەبەر. مێژووی ڕووداوەکان و —بگرە مێژووی ڕووداو و شتە دەگمەنەکان- ئەو شتەبوو کە وای لێکردین ئاشنای چۆنیەتی بەستنی پەیوەندییە هاوسەرگیرییەکان و دروستبوونی تۆڕەکانی خزمایەتی و گواستنەوەی سامان لە خێزانە پادشایەتییەکان، یان ئۆرستۆکراتەکاندا ببین، وەک ئەوەی لە ناوەندە گوندنشینییە تەقلیدییەکاندا هەبووە، ئەمەیش وای لێکردین خاڵەکانی گواستنەوە و تێپەڕین و ئەو جومگانە دەربخەین، کە توانای ئەوەی پێداین بەراوردی کۆمەڵگە کۆن و نامۆکان لەگەڵ حاڵەتە دێرینەکانی کۆمەڵگەکەی خۆماندا بکەین. بەم جۆرە دیسانیش ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی ڕێگەی مێژوو و ئێتنۆلۆژیا (ئەمجارە) لەگەڵ ئومێددا یەکتر ببڕن و لەوەبەدوا لەم خاڵی بەیەکگەیشتنەوە بە هەمان ڕێگادا بڕۆن.

**- هێشتایش هەر دەربارەی ئەم وتارەت قسە دەکەین، لەوێدا دەربارەی «چالاکێتی نائاگایانەی فیکر» دواویت کە «فۆڕم بەسەر ناوەڕۆک»دا دەسەپێنێت. ئەوەیشت وتووە کە ئەم فۆڕمانە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا هاوشێوەن. فۆڕمی کۆن و نوێ، سەرەتایی و پێشکەوتوو. ئەمەیش وای لە مێژوونووسەکان کردە کە ڕەخنە لە چەمکە نامێژووییەکەی تۆ بۆ کاری فیکر بگرن.**

– ئەوە بەدحاڵیبوونە. ئەو کاتەی سەرقاڵبووم بە ڕاستکردنەوەی چەمکە کۆنەکە دەربارەی سروشتی مرۆیی، تەنیا باسی ئەوەم کردووە کە مێشکی مرۆیی لە هەموو کات و شوێنێکدا خودی سروشتە، ئینجا کۆتوبەندی هاوشێوە بەسەر کاری فیکردا دەسەپێنرێتە، بەڵام فیکر لە شوێنە جیاوازەکاندا تاوتوێی هەمان پرس و بابەت ناکات. ئەم پرس و بابەتانە بە گوێرەی جیاوازیی و هەمەجۆریی ناوەندە جوگرافییەکان و کەشوهەوا و دۆخی شارستانیی کۆمەڵگە و مێژووی ڕابردووی و ئێستای و، بە جیاوازی تاکەکانیش، بە شێوەی زۆر جیاواز دەخرێنەڕوو: سروشت و مێژوو و دۆخی هەر تاکێک لە کۆمەڵەکەیدا.. کەرەستە و ئامرازەکە

له هەموو شوێنێکدا هەر هەمان شتە، بەڵام دەروازە و دەرەتانەکان جیاوازن.

**- لەگەڵ ئەوەیشدا بەجۆرێك لە جۆرەکان بە ئیلیاتیزمی نوێ[4] (کە میتۆدێکە بۆ ڕەتکردنەوەی جووڵە)، تۆمەتبار کرایت.**

– هەر بە سادەیی، ئەوە شتێکی سەخیفە. ئەو مێژوونووسانەی کە هەندێجار ڕەخنەی ئەوەم لێدەگرن کە من لەگەڵ جێگیریی و نەگۆڕاندام یەکەمین ئەو کەسانەن کە دەبێت دان بە هاوبەشییەکانی کۆمەڵگاکاندا بنێن. دەنا چۆن دەتوانن سەرلەنوێ ئەوە دروستبکەنەوە، کە بەر لە دوو یان سێ یان چوار سەدە بە مێشکی خەڵکیدا هاتووە، ئەگەر بڕوایان بە بوونی هەندێک شتی هاوبەشی ئیمە و ئەو خەڵکانە نەکردبێت و، ئەگەر بڕوایان بەوە نەبێت کە خەڵکی بەشێوەیەکی سەرەکی بە هەمان جۆر بیردەکەنەوە؟ گەر وا نەبێت مێژوو و ئەو شتانەی کە دێرینن لەبەردەستماندا نەدەبوون. ئەو مێژوونووسانە ئەمانە بە نەگۆڕی بەڵگەنەویست دادەنێن و، ئەوە نابینن کە ئەمە چەند پرسوباسێکی فراوان دێنێتە پێش کە ئەوانیتر مافی ئەوەیان هەیە و بگرە دەبێت بەرپەرچی بدەنەوە.

**- ئەوەی لە ڕەخنەی مێژوونووسەکاندا سەرنجڕاکێش بوو ئەوەیە کە جیاکارییەکت خستۆتە نێوان «کۆمەڵگە ساردەکان» کە ئێتنۆلۆژیا لەو شوێنەدا کە مێژووی لێ نییە، لێی دەکۆڵێتەوە و، «کۆمەڵگە گەرمەکان» کە مێژوونووس پێیەوە سەرقاڵە. لێرەیشدا، ئەم جیاکارییە لەبری ئەوەی کۆمەڵێك کێشە چارەسەر بکات، کۆمەڵێك کێشەی ناوەتەوە.**

- ئەم چەمکەم لە «چاوپێکەوتن لەگەڵ جۆرج شاربۆنییە»[5]دا خستەڕوو و، لە وانەی دەستبەکاربوونمدا لە کۆلێژ دو فرانسیش دووبارەم کردەوە بۆ ئەوەی هەندێک بەدحاڵیبوون بڕەوێنمەوە. کاتێک دەربارەی «کۆمەڵگە ساردەکان» قسەدەکەم کۆمەڵێک حاڵەتی دیاریکراوم لەبەرچاوە. سەدجار وتوومە و نووسیومە و دووبارەم کردۆتەوە کە کۆمەڵگەی «سارد» و «گەرم» بە ڕەهایی بوونی نییە. ئەوانە کۆمەڵێک چەمکی تیۆریین کە پێویستمانن بۆ دارشتنی گریمانەکانمان. کۆمەڵگە واقیعییەکان بە درێژیی کەمەرەکاندا بڵاوبوونەتەوە و هیچ یەکێکیان لە قوتبەکاندا نین.

لە ئاستی دووەمیشدا، من جیاکاریی ناخەمە

نێوان شێوازە جیاوازەکانی کۆمەڵگەکانەوە، بەڵکو دەگەڕێمەوە بۆ ئەو هەڵوێستە خودییەی کە کۆمەڵگە مرۆییەکان دەرهەق بە مێژووی خۆیان پشتیوانویی لێدەکەن. کاتێک دەربارەی کۆمەڵگە «سەرەتاییەکان» دەدوێین، ئەوا ئەم وشەیە دەخەینە نێوان دوو کەوانەوە تاوەکو ئەوەمان لە پێشچاو بێت کە ئەم چەمکە دروست نییە و کەچی سەپاوە بەسەرماندا کە بەکاریبهێنین، بەڵام بە شێوازێکی گونجاو: ئەو کۆمەڵگایانەی کە پێیاندەڵێین «سەرەتایی» بە هیچ جۆرێک سەرەتایی نین، بەڵام خۆیان وایان ویستووە. کۆمەڵگەی سەرەتایی خەونی ئەوەی هەبووە کە سەرەتایی بێت، چونکە ئایدیاڵەکەی ئەوە بوو کە چۆن خودا و پێشینانەکان لە سەرەتای زەمەندا دروستیان کردووە هەر ئاوا بمێنێتەوە. هەڵبەت ئەمەیش و هەم بووە و ئەوانیش وەک سەرجەم کۆمەڵگەکانی تر لە مێژوو دەربازیان نەبووە. ئەوانیش ملکەچی ئەم مێژووە بوون، کە گومانیان لێی هەبووە و حەزیان لێی نەبووە، بەڵام کۆمەڵگە گەرمەکانی وەک ئەوانەی ئێمە، لە

بەرامبەر مێژوودا هەڵوێستێکی تەواو جیاوازیان هـەبـووە. ئێمە تەنیا دان بە بوونی مێژوودا نانێین، بەڵکو دەیشیپەرستین، چونکە ئەو مەعریفەیەی کە بڕوامان پێیەتی و دەمانەوێت لەبارەی ڕابردووە هاوبەشەکەمانەوە بەدەستی بهێنین، بە دیاریکراویی لەو شێوازەوە کە ئەم ڕابـردووەی پێ تەفسیربکەین، بۆ یاساڕێژیی یان ڕەخنە لە پەرەسەندنی ئەو کۆمەڵگەیەی، کە تێیدا دەژین و بۆ ئاراستەکردنی داهاتووەکەی، بە کەڵکمان دێت و سوودبەخشە. نموونەکەی سارتەر زۆر بەباشی ئەمە دەردەخـات. ئێمە مێژوومان هەڵدەگۆزێن و دەیکەینە ڕەگەزێک لە ئاگاییە ئەخلاقییەکەمان.

**- لە مشتومڕ لەگەڵ مۆریس گۆدێلییە و مارك ئۆوجێ، کە لە گۆڤاری «مرۆڤ»[6]ـدا، لە ساڵی 1975، بڵاوکراوەتەوە، کۆمەڵێك گوزارشت و دەربڕین هەن، وێڕای ئەوەی کەمیشن، بەڵام زۆر بە باشی تێگەیشتنی تۆ بۆ مێژوو پیشان دەدەن. بۆ نموونە دەڵێیت: »دەبێت لەبەردەم یەکەمین ناپەیوەستەگی مێژوودا بنوشتێینەوە«.**

- من ڕستەی کۆتایی «لە هەنگوینەوە بۆ خۆڵەمێش»م نووسیبوویەوە، کاتێک مارکسیستەکان و مارکسیستە نوێیەکان، ڕەخنەی ئەوەیان لێگرتم کە مێژووم فەرامۆش کردووە، وەڵامم دانەوە: ئەوە ئێوەن کە مێژووتان فەرامۆش کردووە یان باشتر بڵێین پشتتان تێکردووە. ئێوە ئەو یاسا گەورانەی پەرەسەندنتان خستۆتە بری مێژووی واقیعی و دیار، کە تەنیا لە سەری خۆتاندا بوونیان هەیە. ڕێزی من لە مێژوو و ئەو مەیلەی کە بۆ مێژوو هەستی پێدەکەم، لەو هەستەوە دێت کە مێژوو پێمدەدات و دەمگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە هیچ بونیادێکی فیکری نییە، بتوانێت جێگای ئەو ڕێگا پێشبینینەکراوەی کە شتە واقیعییەکان لەسەری دەڕۆن، بگرێتەوە. پێموایە ڕووداو لە «نا پەیوەستییەکەیدا» «پێشوەختە» پێدراوە. دەبێت شیکاریی بونیادگەرانەیش بە بوونی ئەمە کار بکات.

**- تۆ بوونی «یاسای مێژوو» ڕەتدەکەیتەوە!**

- ژمارە گۆڕاوەکان زۆرن (ئینجا ژمارەیەکی زۆر پێوەریش هەن). تا ئەو ڕادەیەی کە تەنیا

خودا دەزانێت لە ئەزەلەوە چی ڕوویداوە و چی ڕوودەدات، یان دەبێت ئێمەیش ئەم دەرکە خوداییەمان هەبێت، بۆئەوەی ئەمە بزانین. مرۆڤەکان هەمیشە هەڵە دەکەن و مێژوویش هەمیشە ئەمە دەسەلمێنێت. دەڵێن: »شتێک لەم دووانە ڕوودەدات«، کەچی هەمیشە سێیەم ڕوودەدات.

**- ناپەیوەستەگیی ڕەها ئەم شوێنە بۆ شیکاریی مێژوویی جێدێڵێت؟**

– بێگومان. ڕووداوەکان قابیلی پێشبینیکردن نین، لەبەرئەوەی هێشتا ڕوویاننەداوە، بەڵام کاتێک ڕوودەدەن، دەتوانین هەوڵبدەین لێیان تێبگەین و تەفسیریان بکەین. هەروەک دەکرێت ڕوودەوەکان پێکەوە ببەستینەوە و بە شێوازێکی ڕوولەدوا retrospcti vement لەم لۆژیکە تێبگەین، بەڵام لە ئێستادا هیچ شتێک ڕێگەی ئەوەمان پێنادات کە پێشبینیی ئەوە بکەین چی ڕوودەدات، ئەوەیش بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆری ئەگەرەوە: هەندێکیان شایەنی ئەوەن وێنا بکرێن و هەندێکیتریشیان قابیلی وێناکردن نین.

**پەراوێزەکان:**

-1 کلود لیڤی شتراوس: انشطار التمثيل في فنون اسيا و امريكا، في النهاه، نيويورك، المجلد (2-3)، 1944-1945، أعيدت طباعته في الانثروبولوجيا البنيويه، الفصل (13). لوسيان فيفر: اقتباسات أو أعماق مشتركه للإنسانيه؟، في حوليات، باريس، 1951، ص380-381.

-2 فيرناند بروديل: كتابات حول التأريخ، باريس، فلاماريون، سلسله افاق، 1969، ص58.

-3 لێرەدا لیڤی شتراوس بەراوردێک لەنێوان کاری ئێتنۆلۆژیستەکان و کاری مێژوونووسەکاندا دەکات. ئێتنۆلۆژیستەکان گرنگی بە ڕووداوە بچووکەکانی ژیانی ڕۆژانە دەدەن: شێوازی ژیان، نیشتەجێبوون، پۆشاک، خواردن و..هتد، ئەمانەیش شتانێکن کە مێژوونووسەکان هیچ گرنگییەکی پێنادەن و پێیانوایە ئەو زبڵانەیە، کە دەبێت لە نووسینەوەی مێژوودا فڕێبدرێن. مێژوونووسەکان بایەخ بە ڕووداوە گەورە مێژووییەکان و جەنگەکان و پەیماننامەکان و هاوپەیمانێتییەکان دەدات.. لێرەدا لە سەبەتەی فەرامۆشکراوەکانی مێژوودا ئێتنۆلۆژیستەکان هەموو ئوبێکتەکانی لێکۆڵینەوەی خۆیان دەدۆزنەوە» ئەوەیش ڕوونە کە لیڤی شتراوس بە مەبەستێکی کینەبازانە و سەرکوتکارانە ئەم بەراوردە ناکات، ئەگەرچی وایش دەربکەوێت، وەک ئەوەی ئەندامان و

هاوڕێکانی لە کۆنگرەکەدا تێیگەیشتبوون.

4- ئیلیاتیزم، ناوەکەی لە شاری ئیلیای گریکی و قوتابخانە فەلسەفییە بە ناوبانگەکەیەوە هاتووە، کە کزینۆفۆن و پارمەندیس و زینۆنی ئیلیایی ئەندامە دیارەکانی بوون.

5- جۆرج شاربونییە، لقاء مع کلود لیفی شتراوس، باریس، الاتحاد العام للمنشورات، 1961، أعید نشره فی سلسله 18/10، باریس، بلون-جولیار، 1969.

6- الانثروبولوجیا، التأریخ، الإیدیولوجیا، فی «الإنسان»، تموز/ کانون الثانی 1975، ص177-188 .

**سەرچاوە:**

کلود لیڤی شتراوس: من قریب و من بعید (الدوائر البارده)، حوارات مع دییه اریبون، ترجمە: مازن م. حمدان، دار کنعان للدراسات و النشر و التوزیع، دمشق، الطبعه الاولی، 2000، ص193-201.

# دەربارەی ئەدەب

**لە عەرەبییەوە: هاوار محەمەد**

**- لەڕێگەی خوێندنەوەی ئەو دەقانەوە کە بۆ ئەدەبت تەرخانکردوون، وا دەردەکەوێت کە تۆ دووریت لە ڕەخنەی ئەدەبی بونیادگەرییانە؟**

– من دوورم لەو ڕەخنەیەی کە وا خەیاڵی خۆی دەکات گوایە بونیادگەرییانەیە و وشەی «بونیاد» هەر لەخۆیەوە بەکاردهێنێت و »دەیلکێنێت بە هەموو جۆرە کالآیەکەوە«. هەستەکەم من بوومەتە قوربانیی تەڵەکەبازییەکی فیکری، کاتێک داواکرا بەرهەمە ئاستنزمەکان بخرێنە ڕیزی بەرهەمە نایابەکانەوە، ئەویش لە ڕێگەی هەڵبژاردنیان وەک بابەتی توێرژنەوە، ئەمە ئەو شتەیە کە زۆرجار ڕوودەدات (دەرەتانی تێپەڕین لە بەرهەمە نایابەکاندایە). ئەم ئەمەی کە وەک بونیادگەری جاڕی خۆی دەدات لە واقیعدا هیچ نییە، جگە لە پاساوی ئاستنزمی. لە «کۆتایی» مرۆڤی ڕووتدا ئەمەم ئاشکرا وتووە.

**- باوەڕت بە هیرارشییەتی بەرهەمەکان هەیە؟**

– ئەگەر بمەوێ شیکارییەکی بونیادگەرانە بۆ بەرهەمی ئەدەبی بکەم، ئەوا شعرەکانی بۆدلێر هەڵدەبژێرم نەک قسەی گۆرانینووسان.

**- ئەمە زۆر قەشمەرییانەیە، نامەیەکی چکۆلەی تەنزئامێز بە دنەدەرێکی بزووتنەوەیەکت دادەنێت، کە کار بۆ سڕینەوە هیرارشییەتی نێو بەرهەمە کولتوورییەکان دەکەیت.**

- ئەم کتێبەم نەخوێندۆتەوە و هیچیشی لێ نازانم، تەنیا لە ڕۆژنامەکانەوە هەندێ شتم لەسەر بینیووە.

**- بەڵام بۆچوونت چییە لەوبارەی ئەوەیە، کە تۆ بەوە تۆمەتبار دەکرێیت، بەهۆی دەقەکانتەوە دەربارەی ڕێژەگەرایی کولتووری، بەشداریت لە سڕینەوەی ەیرارشییەتەکاندا؟**

- دەبێت دوو واتای وشەی کولتوور تێکەڵی یەکتر نەکەین. کولتوور لە واتا گشتییەکەیدا واتای زۆرکردنی ڕۆشناییە بۆ حوکمدان و سەلیقە، بەڵام لە زمانی تەکنیکیی ئەنترۆپۆلۆژیستەکاندا واتایەکی تری هەیە. بەپێی پێناسە کلاسیکییەکەی تایلەر، کە بۆ ئێمە گرنگییەکی زۆری هەیە و بەم هۆیەوە ئاماژەی پێدەدەم، »کولتوور بریتییە لەو مەعریفە و بیروباوەڕ و هونەر و ئەخلاق و یاسا و نەریت و هەموو ئەو توانا و عادەتانەی تر، کە مرۆڤ وەک ئەندامێک لە کۆمەڵگادا وەریدەگرێت«.

کولتوور –بە واتای دووەمی– واتای ئەوەیە کە هەموو شتێک بابەتی توێژینەوەیە: واتە بەرهەمە هەرە نزمەکان (بە واتای یەکەمی وشەکە) و بەرهەمە هەرە بەرزەکانیش. ڕێژەگەرایی کولتووری تەنیا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هیچ کولتوورێک نییە پێوەرێکی ڕەهای هەبێت کە مافی ئەوەی پێبدات ئەو جیاکارییەی پێشتر بەسەر بەرهەمی کولتوورەکانی دیکەدا پراکتیزە بکات. لەبەرامبەردا، هەموو کولتوورێک دەتوانێت، بگرە پێویستیشە، ئەمە دەربارەی بەرهەمە تایبەتییەکانی خۆی بکات، واتە بەسەر بەرهەمەکانی خۆیدا پراکتیزەی بکات، چونکە ئەندامەکانی ئەم کولتوورە –بۆ ئەم کولتوورە– لە یەک کاتدا هەم بکەرن و هەم تێبینەرن.

من لە پێگەی خۆمدا وەک کارمەندێک agent هەرگیز وێنە جوڵاوەکان یان ڕۆک سەرنجم ڕاناکێشیت و حەزم پێیان نییە، بەڵام وەک تێبینەرێک لە بڵاوبوونەوەی ئەم دوو جۆرە دیاردە سۆسیۆلۆژییەدا، پێموایە دەبێت وەک خۆیان توێژینەوە بکرێن بە بێ لەبەرچاوگرتنی حوکمی بەهای ئەخلاقی و

ئێستاتیکی، کە دەربارەیان لای دروستدەبن. دەربڕینی دەستەواژەی «کولتووری ڕۆک» یان «کولتووری وێنەی جوڵاو» بریتییە لە گۆڕینی واتای وشەی کولتوور لە واتایەکەوە بۆ واتایەکی تر و ئەنجامدانی شوشتنەوەی فیکری، بەڵام بۆچوونەکەی بەرامبەر ئەمە (واتە تۆمەتبارکردنی ئێتنۆلۆژیا بە تێکدانی فیکری میللی، تەنیا لەبەرئەوەی ئەم کایەی لێکۆڵینەوەیەی دیارییکردووە و بۆی دیاریی کراوە) تاڕادەیەکی زۆر لە تۆمەتبارکردنی کارمەندانی تاقیگە پزیشکییەکان وایە بەوەی کە ئەوانە خوێنگرن یان حەزیان لە پیساییە.448

**- باسی بۆدلێرت کرد. مەبەستت شیکارکردنی ئەو بڕگە شیعرییە sonnet بوو کە لەگەڵ یاکۆپسن کردووتانە ؟**

- بەڵێ، ڕۆژێک لە پاریس، یاکۆپسن باسی ئایدیاکانی خۆی بۆ کردم دەربارەی شیکارکردنی بونیادگەرییانەی شیعر، چوندین نموونەیشی پێدام: ئینگلیزی و ڕوسی و ئەڵمانی، ئەوەیشی وت کە دۆخی شیعری فەرەنسی دەیشلەژێنێت. ئایدیاکانی زۆر کارییان لێکردم، تا ئەو ڕادەیەی کە

کە قەناعەتم وابوو ناشێت لە شعریشدا تپراکتیزە نەکرێن. دوای ئـەوەی ڕۆیـشـت، «پشیلەکان» –ئـەوە لـەو شیعرە دەگمەنانەبوو کـە هـەر بە شاراوەیی دەیپارێزم– هات بە خەیاڵمدا. هێدی هێدی کێشانی هێڵە سەرەتایی و سەرەکییەکانی لێکدانەوە لەنێو ئەو هێلەدا کە پاکۆپسن کێشای، دەستیانپێکرد. بەم جۆرە خۆم خەریک کرد بە شیکارییەکەوە کـە، تـۆزێـک بـە خۆپارێزییەوە دەتـوانـم نـاوی بنێم شیکاری زماننـاسی، –جا لەبەرئەوەی ساکار و ئاستنزم بوون– بەرەنجامی تێڕامانەکانم بۆ یاکۆپسن نـارد. ئەمە ئەویشی هاندابوو، بۆیە ئەو تۆزێک دەستکاریی کردبوو، هەندێک لـە ڕەگـەزەکـانـی شیکارییەکەی منی هێشتبوویەوە و هەندێکیشیانی دەستکـاری کردبوو و زۆر ڕەگەزی دیکەیشی بۆ زیادکردووە. نامەگۆڕینەوەمان لەبارەی ئەم بابەتەوە بەردەوام بوو، کماتێک گەڕایەوە بۆ پاریس بەیانییەکیان لەم نووسینگەیە دانیشتین، قەڵەمم گرت بە دەستمەوە و پێکەوە دەستمانکرد بە نووسین، دانیشتبووین و مشتومڕمان لەسەر وشە بە وشە دەکرد، ئەمە هەموو ڕۆژەکەی خایاند.

**- ئەی نەدەکرا ئەو بەشە تەواو بکەیت؟**

– من زمانناس نیم، بە تەنیاییش نەمدەتوانی پەیڕەوی لەم جۆرە ئەزموونە بکەم، بەڵام یاکۆپسن بەردەوام بوو، بە هەمان ڕۆحییەتەوە شیکاریی دیکەی بۆ شیعری تر بڵاوکردنەوە.

**- لەبەرئەوەی دەربارەی ئەدەب قسە دەکەین، دەتوانیت پێم بڵێیت، بەلای تۆوە کام نوسەرانە باشن؟**

–وەک پێشتر وتم، کۆنرا، هەروەها بالزاک و شاتۆبریان.. پرۆست و بەڵدنیارییەوە ڕۆسۆیش.

**- پێموایە کاتێك باسی شاتۆبریان دەکەیت، مەبەستت شاتۆبریانی «یادەوەرییەکانی ئەودیوی مەرگ»، وا نییە؟**

– بەلێ، بەڵام هەمان ئەو تێڕوانینانەی تەنانەت لە کتێبێکی جیاواز و وەرزکەری وەک «عەبقەرییەتی مەسیحییەت»دا دەبینین.

**- ئەی بالزاك؟ هەندێك لە بەشەرکانی «ئەفسانەییەکان» ناونیشانیان ئاوایە «وەرزەکانی ژیانی تایبەتی» یان «وەرزەکانی ژیانی گوند»ە.**

– دەبوو هەموو بەرهەمەکانی بالزاک دەیانجار بخوێنمەوە، جا لەبەرئەوەی یادەوەریی من تیژ نییە، هەموو جارێک پێموابوو، ئەمە یەکەمجارە دەیانخوێنمەوە. هەموو چەند ساڵ جارێک خوێندوومنەتەوە.

**- چ ڕۆمانێکت زۆر پێباشە؟ «باونی خزم»؟**

– ڕەنگە سەدان هۆکار هەبێت، بۆئەوەی ئەوەم پێباش بێت، بەڵام «پێچەوانەی مێژووی هاوچەرخ» گیرۆدەی کردم. لێرەدا بالزاک لە دیکنز نزیک دەبێتەوە، کە ئەمەیش هەر لەنێو ئەو نووسەرانەدا دادەنێم وا من پێمباشن («ئومێدە گەورەکان» جوانترین ئەو کتێبانەیە کە من بینیومن). من لای دیکنز و بالزاکیش، بەتایبەت لە «پێچەوانەی مێژووی هاوچەرخ»دا، زنگێک دەبیستم کە من زۆر پێی هەستیارم: ئەوەی زەنگێکی نایابی مەدەنییە.

**- ئایا دەتوانین ڕۆسۆیش لەنێوان ئەو نووسەرانەدا دابنێین، کە لە ڕووی فیکرییەوە کاریگەرییان لەسەرت هەبووە؟**

– دەربارەی ڕۆسۆ و هەروەها دەربارەی ئالامبێریش دەڵێم: »قەناعەتم پێناکەن، بەڵام دەمجوڵێنن«. مەیلی من بۆ فیکری سیاسی ڕۆسۆ شەیداییە بۆ بونیادە قەشەنگەکەی. سەرسوڕمانی من بە ڕۆسۆ پێش هەموو شتێک ئێستاتیکییانەیە: وای لەو ستایلە! ئەو لە پێنج وشەدا شتێک دەڵێت کە من پێویستم بە پانزە وشەیە بۆ ئوتنی هەمان شت. دوای ئەمە هەموو

فۆڕمە ئاڵۆزەکانی تر دێن، بەو ڕادەیەی کە بە زەحمەت دەتوانم ڕوونیان بکەمەوە. ڕۆسۆ لەو کەسانە بووە کە هەر زوو پێشبینیی داهاتووی لێکۆڵینەوە ئێتنۆلۆژییەکانیان کردووە، هەروەها ویستوویەتی زانستە سروشتییەکان لە ئەدەب نزیک بخاتەوە. ئەمە کردۆتە حەتمییەتێکی نائاسایی و ناباو، تێبینەرێک کە زۆر هەستیار بووە. ئەو لە هەموو کارەکانیدا بە دوای یەکێتیی هەستی و عەقڵییەوەیە intelligible، ئەمەیش وای لە من کرد بە ڕێگەی دیکە هەمان شت بکەم و شتەکانم لە گۆشەیەکی دیکەوە تاوتوێدەکرد: واتە لەو گۆشەیەوە کە عەقڵ لە پێشترە نەک هەست، بەڵام لای هەردووکمان هەمان هەوڵ هەیە بۆ ئاشتکردنەوە و یەکخستنی ئەم دوو لایەنە.

لە گفتوگۆیەکی پێشتردا وتم مارکس یەکەم کەس بووە، کە میتۆدی مۆدێلی لە زانستە مرۆڤایەتییەکانتدا پراکتیزە کردووە، ڕەنگە وا باشتر بێت ئەم بدەینەوە پاڵ ڕۆسۆ ئەویش لە «گوتارێک دەربارەی نایەکسانی»، ئەگەرچی نموونەکانی زۆر دوورن لە واقیع

و یەکتر نابڕن. «دانپێدانانەکان» وایان لێکردم لە کۆمەڵگەیەکی پەرشوبڵاودا بژیم کە بە توندی و ئاوازی پتەو وەسفدەکرێت و هەردوو سیفەتەکەیش لە تابلۆکانی شاردان یان درۆلنگدا هەن. دواجار «ەیلوئیزی نویێ»، کە کەس نایخوێنێتەوە لە کاتێکدا بە تەواوی یەکەم ڕۆمانی مۆدێرنە (مەدام دولافاییت ڕەگەزێکی ڕۆمانی ئەفراندووە)، باس لەوە دەکات: کچێک لە خێزانێکی باشدا عەشیقێکی دەبێت، بەڵام دەدرێت بە پیاوێکی بە تەمەن. هەموو شتێکی بۆ دەگێڕێتەوە و هیچی لەدەستنایەت تەنیا ئەوە نەبێت، کە دەستوبرد بکات و عەشیقەکە بهێنێتە ماڵە خێزانییەکەوە، ئەمەیش دەبێتە مایەی بێزاری و داماویی هەمووان. نازانین ئەم بە هۆی پاڵنەرێکی سادیستییەوە ئاوا هەڵسوکەوتی کردووە، یان بەهۆی پاڵنەری مازۆخییەوە، بەناوی ئەخلاقی تەممژاوییەوە یان هەر بە گەمژەیی ڕەفتاری کردووە. پەیوەندییەکی لەم جۆرە لەنێوان نووسەر و کارەکتەرەکانیدا هێلەکانی تێدا کەشف نابێت

و هەر بە تاریکی دەمێنێتەوە، وەک ئەوەی لە ژیاندا هەیە. دواتر ئەمە لای دیستۆیڤسکی و کۆنرا دەبینینەوە. نووسەر هەموو ئەم شتانە دەخاتە هەستکردنێکی بەهێزەوە بە سروشت —هەروەک زیندەخەون–.. ئەوەتا تۆ دەبینیت، ڕۆسۆ دەمجوڵێنێت.

**- بەڵام من مەبەستم کاریگەریی فیکری بوو، چونکە ناونیشانی یەکێك لە گەرگوتارەکانت ئاوا بوو: «ڕۆسۆ، دامەزرێنەری زانستە مرۆڤایەتییەکان»، لە بەشی دووەمی ئەنترۆپۆلۆژیای بونیادگەریدا بلاوت کردۆتەوە.**

– لە ژنێف ئاهەنگێکی پڕ شکۆ دووسەد وپەنجاهەمین ساڵیادی لەدایکبوونی ڕێکخرا، بۆیە ئەوەی وتم تۆزێک زێدەڕەوی تیابوو، بەڵام بە تەواوەتی هەڵە نەبوو.

**- لەم دەستگوتارەدا وتوتە: »هەموو ئیتنۆلۆژییەك دانپێدانانەکانی خۆی دەنوسێتەوە«، لەوێدا دەبێت بە مندا تێپەڕێت تاوەکو لە من ڕزگاری ببێت، بەڵام تۆ هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکەیتەوە نابێت هەست بە بوونی شوناسی کەسییانەی من بکەین.**

– لێرەدا لێکدژییەک نابینم. ئەگەر هەست بە شوناسی کەسییانەی خۆمان نەکەین، ئەوا دەبێت هەوڵێکی زیاتر بدەین بۆ ئەوەی خۆمان وەک منەکان بەدەستبهێنینەوە لە کگاتی دەرچوون لە دۆخە هەڵاوێردییەکان. ئەزموونی ئیتنۆگرافی لێکۆڵینەوەیەکی ئەزموونییە دەربارەی شتێک کە لێت دەترازێت و لە دەستت دەخزێت. ئەگەر بە باشی بمزانیایە ئەبم بە چی، ئەوا پێویستم بەوە نەبوو لە ڕیسکی سەیر و سەرمەرەدا بەدوای خۆمدا بگەڕێم.

**- تۆ ئەوە نازانی؟**

– زۆر بە خراپی دەیزانم.

**- هەر تۆ وایت یان ئەمە هەر خاسییەتێکی فیکری مرڤایەتییە؟**

– من خۆی بە تاقانەییەوە بانادەم. پێموایە کۆمەڵگە هەستکردن بە شوناسی کەسییانە دەسەپێنێت...

**- ... وا لە کەسێکیش دەکات کە کتێبەکانی بە ناوی «کلۆد لیڤی شتراوس، لە ئەکایمیای فەرەنسی»ەوە واژوو بکات؟**

– ... بەڵێ، کۆمەڵگەیە دەیەوێت ئەو ببێتە «کەسێک»، تاوەکو ئەم «کەسێک»ە بکاتە بەرپرس لەوەی، کە دەیکات و دەیڵێت. ئەگەر ئەم فشارە کۆمەڵایەتییە بوونی نەبووایە ئەوا لەوە دڵنیا نەبوون، کە ئاخۆ هەستکردن بە شوناسی کەسییانە تا ئەو ڕادەیە بەهێز دەبوو کە زۆرینەی خەڵکی هەستیان پێدەکرد یان نا.

**- با بگەڕێینەوە بۆ ڕۆسۆ: دەڵێن گوایە لە سەردەمێکدا پرۆژەی ئەوەت هەبووە کتێبێکی لەبارەوە بنووسیت؟**

– ئەوە بە خەیاڵمدا هات، بەڵام بە خێرایی ئایدیاکەم ڕەت کردەوە، لەبەر دوو هۆکار: هۆکاری سەرەکی ئەوەبوو، کە هەر لە ساڵانی خوێندنمدا وەکو قوتابی، ئەدەبیاتێکی ڕۆسۆیی گەورەم لەپێشمدا دەرکەوت. جا بۆئەوەی هەڵەی زەق نەکەم، یان بە دەرگا کراوەکاندا نەچمە ژوورەوە، دەبوو دەیان بەرهەم کۆبکەمەوە کە ەی پەنجا ساڵی ڕابردوو بوون، ئەمە زەندەقی بردم.

هۆکاری دووەم، پەیوەندی من بە ڕۆسۆوە تۆزێ ئاڵۆزە. فرۆید و مارکس وایان لێکردم

بیر بکەمەوە، بەڵام ڕۆسۆ تووشی هەوکردنی کـــردم. بۆیـە مـن بـە زەحـــەت سوبێکتی و ئۆبێکتیم بۆ جیا دەکرێتەوە، لێرەدا ئەوەیش دەڵێم کە هەڵوێستم بەرامبەر ئەو زیاتر بەرەو پێشچووو، یان لایەنیکەم ئەو شوێنەم لێگۆڕا کە لە ژیانی خۆمدا لە بەرهەمەکانیم دەڕوانی: لـە سـاڵانـی پەیوەستبوونم بـە سۆشیالیزمدا لێی دوورکـەوتـمـەوە، لایـەنـیـکـەم لـە فیکرە سیاسییەکانی دوورکەوتمەوە.

- **بۆچی؟**

– «پەیمانی کۆمەڵایەتی» کتێبێکی سەختە، ڕەنگە لە هەموو فەلسەفە سیاسییەکان قورستر بێت. هـەرتـا توانیم لـەو ڕووبـەڕووبـوونـەوە ڕاسـتـەوخـۆیـەی نـێـوان تــاک و کـۆمـەڵ collective دوورکەوتمەوە، کە ئەو دەیوست بیچەسپێنێت، دوورکەوتمەوە لەو بۆچوونەی ئـەو کـە هـەر نێوانکارێک لـەنـێوان ئـەم دوو لایەنەدا ڕەتدەکاتەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە من پێموایە نێوانکارانە گۆشت و خوێن بە ژیانی کۆمەڵایەتی دەبەخشن.

**پەراوێزەکان:**

الان فینکیلکراوات، انـزام الفکر، باریس، غالیمار، 1987.

(«القطط» لشارل بودلیر)، فی «الإنسان»، 2، 1، 1962، رۆمان یاکوبسون، أسئله شعریه، باریس، سوی، 1973، ص401-219، مختارات III، العاغ، باریس- نیویورک، موتون، 1981، ص 447-464 و ص783-785، دولاکـروا و غیرتز، «القطط» لبودلیر، مواجهه المناهج، باریس، 1980 ،puf.

**سەرچاوە:**

کلود لیفی شتراوس، من قریب و من بعید (الدوائر البارده)، حـوارات مع دیدییه إریبون، ترجمه: مازن م. حمدان، دار کنعان للدراسات و النشر و التوزیع، الطبعه الآولی 2000، دمشق، ص257-264.

# لیڤی شتراوس و
# بونیادگەرایی فەرەنسی

لە عەرەبییەوە: هاوار محەمەد

پەرەسەندنی بونیادگەرایی structuralism فەرەنسی لە چلەکاندا، لەوێوە دەستپێدەکات، کە کلۆد لیڤی ستراوس کارەکانی یاکۆبسنی لەگەڵ ئەنترۆپۆلۆژیادا تێهەڵکێشکرد، ڕەنگە لاکانیش هەندێک لە چەمکە سۆسۆرییەکانی لەگەڵ شێوازە دەروونشیکارییە تایبەتییەکەی خۆیدا گونجاندبێت. ئەم پەرەسەندنە لە سەرەتای شەستەکاندا گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی، ئیدی لەو کاتەدا بووە جۆرە جەزبە و سەرشێتییەکی فیکری و تووشی هەموو ئەو باسانە بووبوو کە دەیتوانی بیانگرێتەوە، هەر لە مێژووەوە هەتا بیرکاری، سەرشێتییەک کە ئەستەمە لێرەدا (یان لە هەر جێیەکی دیکەدا) کورتی بکەینەوە، بەڵام ڕەگەزە زمانییەکان لەو قۆناغەدا، لە باشترین حاڵەتدا هیچ نەبوو، جگە لە کۆمەڵە ڕەگەزێکی پەژموردەی ناڕێک و پێک (بڕوانە پیاجە 1968). ئەمە لە کاتێکدا کە ڕووداوی جێی سەرنج دەرهەق بە تیۆری ئەدەب، ئەو هەوڵە بوو کە دەیویست نموونەی زماناسی و فەلسەفەی سوبێکتی مرۆیی کە لە فەرەنسا باو بوو، پێکەوە کۆبکاتەوە و یەک

بخات، لەوێ وەها تەفسیری عەقل و کۆمەڵگە دەکران کە شوێنەوار و بەرەنجامی کاریگەریی بونیادەکانن، ئەم بونیادانەیش بە زۆری زمانین. هەر لەو ماوەیەدا بوو کە سۆسۆر دیسانیش وەک فەیلەسوف وێناکرایەوە. دەوروبەری 1967 پرۆژەی بونیادگەری بەهۆی کاریگەری لاکان و دێریدا و هەندێک فەیلەسوفی دیکە و، بەهۆی ڕووداوە سیاسییەکانەوە، دارما، بەدوای ئەم پرۆژەیەیشدا فۆڕمە هەمەڕەنگە پاش-بونیادگەرییەکان سەریهەڵدا، کە بەسەرجەم ئەوروپا و ئەمریکادا بڵاوبوویەوە.

**1-1: پەیامبەخشی زمانییانەی بونیادگەرایی:**

لیڤی شتراوس یەکێک بوو لە ئەندامانی دەستەی فێرکاری، کە لە نیویۆرک ئامادەی دەسگوتارەکانی یاکۆبسن بوون. پێشتر لیڤی شتراوس فەیلەسوف بوو، بەڵام لەو کاتەدا ئەنترۆپۆلۆژیست بوو، (وەک دواتر دەبینین) جارێکی دیکەیش دەبێتەوە بە فەیلەسوف. ڕاستییەکەی مەبەستی لیڤی شتراوس لە ئامادەبوون لەو دەرسگوتارانەدا تاڕادەیەکی زۆر

ئامانجێکی پراکتیکی هەبوو، بەڵام ئەوەی گوێی لێبوو هیچ نەبوو، جگە لە جۆرێک خەونی فیکری:

« هێشتا یش زۆر باش دەرک بەو دژوارییە دەکەم کە ڕووبەڕووم بوویەوە، لەبەرئەوەی من ئەزموونێکی زۆرم نەبوو، بە درێژایی ماوەی سێ یان چوار ساڵ هەوڵمدا کۆدێکی قاییلکەر بدۆزمەوە کە زمانەکانی ناوەڕاستی بەرازیلی پێ تۆماربکەم، بەخۆمم وت باشتروایە بچمە دەرسگوتارەکانی یاکۆپسنەوە، تاوەکو ئەو سەرەتایانە بەدەست بهێنم کە پێویستم پێیانە، بەڵام ئەوەی لە وانەکانی ئەو وەرمگرت لە ڕاستیدا شتێکی زۆر جیاواز بوو، ڕەنگە پێویست نەبێت بڵێم شتێکی زۆر گرنگتر بوو، ئەویش پەیامبەخشی زمانناسی بونیادگەری بوو، کە وای لێکردم لە دواتردا لە کۆمەڵێک ئایدیای هاوبەند و ڕێک و پێکدا، تێڕوانینێک دروستبکەم، کە توانای تێرامانی لە گوڵە وشکاوەکییەکان، لە شوێنێکی نزیکی سنوورەکانی لۆکسمبۆرگ، لە سەرەکانی ئایاری ساڵی 1940دا پێی بەخشیم...

هەروەها هەندێک لەو پرسە تەکنیکییانەی کە وروژاندبوونی، چارەسەری مارسێل

گرانییه بوو بۆ ئێتنۆگرافیای چینی کۆن، که لەو کاتەدا سەرقاڵیی کردبوو (لیڤی شتراوس ئەوەیشی بۆ زیاددەکات، که گەڕاوەتە بۆ ئەزموونگەرایەک)»، (بڕوانە پێشەکییەکەی شتراوس بۆ کتێبی دەنگ و واتای یاکۆبسن، 1976).

ئەوەی بەلای منەوە گرنگە جەختی لێبکەمەوە ئەو هێزە پەیامبەخشیەیە، کە ڕوانگەی ڕێکخستن و نەزمی فیکرییە، کە زمانناسی هەیبوو. ڕاستییەکەی ئەم پەیام و ئیلهامە، نەک هیچ پراکتیزەکردنێکی کردەیی نموونەی زمانناسی یان هیچ بەرەنجامێکی گەورەی ئەم کارە، پاڵهێزی سەرەکی ئەو بونیادگەرییە بوو، کە لە قۆناغی سێیەمیدا لەسەر زمانناسی دامەزرابوو، قۆناغی خولیای گشتیی فیکری، قۆناغی شێوازی ئایینی لە شەستەکاندا. ئەگەرچی ئەم خەونە لە سەرەتایدا زانستی بوو، بەڵام وەک دەبینین ئەوەی لە دواتردا مایەوە تەنیا هەر خەون بوو، لە کاتێکدا دیوە زانستییەکەی پاشەکشە دەکات و کاڵ دەبێتەوە، بەمەیش بوار بۆ شیرعییەت و ئەفسانەگەرایی دەکاتەوە تاوەکو تێیدا زاڵ بێت.

لیڤی شتراوس لەم قۆناغەدا زۆر لەژێر کاریگەری ئەو زمانناسییەدا بوو، کە لە دەرسگوتارەکانی یاکۆبسنەوە وەری گرتبوو، ئینجا دواتر بە خوێندنەوەیەکی چڕ بەدوای ئەم بابەتەدا ڕۆیشت. ئەو لە پێشەکەیدا بۆ کتێبی «دەنگ و واتا»ی یاکۆبسن ئەو شتە پیشان دەدات کە لەم دەرسگواتارانەوە فێری بووە، هەروەها چوار بەشی سەرەتای بەرگی یەکەمی کتێبی «ئەنترۆپۆلۆژیای بونیادگەری»ی لیڤی شتراوس، ئەو وتارانەن کە ەی چلەکان و پەنجاکانن (یەکێکیان «شیکاریی بونیادگەری لە زمانناسی و ئەنترۆپۆلۆژیادا»یە، کە پێشتر لە گۆڤاری زمانناسی Word، لە ساڵی 1945دا بڵاوکرابوویەوە). ئەم وتارانە قووڵبوونەوەن لە بابەتەکەدا بۆ بەکارهێنانی نموونە زمانناسییەکان لە ئەنترۆپۆلۆژیادا، شیکارییەکی ئاستبەرز و سەختیان تێدایە، لەوە بەولاوەتر دەڕۆن تەنیا بەکارهێنانی تەکنیکە زمانناسییەکان بێت لە شیکاریی پێکهێنەرەکانی چەمکەکانی خزمایەتیدا، هەروەها دەیەوێت کاریگەرییەکی زۆر قووڵتریش دابنێت.

ئـەوەی لـە چـلـەكـانـدا جێی بـایـەخـی لیڤی شتراوس بوو، تۆكمەییە زانستییەكەی زمانناسی و سەركەوتنە تەفسیرییەكانی بوو، ئەمەیش كاریگەرییەكی قووڵی لەسەری جێهێشت. ئەو دەڵێت:

«ئێمـەی ئـەنـترۆپـۆلـۆژیـست لـەبـەرامـبـەر زمانناسەكاندا خۆمان لە حاڵەتێكی ناخۆشدا دەبینین. ئێمە لەگەڵ ئەواندا، بە پاڵ یەكترییەوە، بۆ ماوەی چەندین ساڵ كارمان كرد، لەناكاو زانیمان كە زمانناسەكان لێمان دەكشێنەوە، بینیمانن كە دەپەڕنەوە ئەوبەری ئەو پەرژینەوە، كە زانستە وردەكار و سروشتییەكان لە زانستە كۆمەڵایەتی و مرۆییەكان جیا دەكـاتـەوە، كە ئێمە بۆماوەیەكی درێژ پێمانوابوو پەرینەوە لەو پەرژینە شتێكی مەحاڵە. وەك بڵێی ئەوان دەیانویست دیقمان پێبكەن، شانیان كرد بە ئیشدا و خـۆیـان خستنە نێو كـارەوە، هەر بـەو شێوە پتەو و تووندەی كە ئێمە بەلایدا نەچووبووین، چونكە پێمانوابوو ئەوەی تەنیا تێمای زانستە سروشتییەكانە و پەیوەندی بەوانەوە هەیە. ئەوە ئازارێك بوو بۆ ئێمە كە

غەمی پێدایین، –با ددان بەوەیشدا بنێینم– کە ئێمە زۆر حەسوودیمان پێدەبردن. ئێمە دەمانەوێت لە زماننناسەکانەوە نهێنیی سەرکەوتنەکەیان فێرببین. ئایا ئێمەیش ناتوانین ئەو میتۆدە توند و وردەکارانە، کە زماننناسی هەموو ڕۆژێک کاراییەکەیان دەسەلمێنێت، بەسەر ئەم کایە ئاڵۆزەی لێکۆڵینەوەکانماندا پراکتیزە بکەین، کە لێکۆڵینەوەکانمان دەربارەی خزمایەتی، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، ئایین، فۆلکلۆر، هونەرە؟« (لە وتارێکەوە کە ساڵی 1952 نووسراوە و کراوەتە بەشی زچوارەمی کتێبی ئەنترۆپۆلۆژیای بونیادگەری، بڕوانە ل69).

لە بەرهەمەکانی سەرەتای لیڤی شتراوسدا لەم جۆرە بڕگانە زۆر و زەبەندەن، ئەمەیش ئەو پاڵنەرە سەرەکییە دەردەخات، کە لە پشت ئەسڵی بزووتنەوەی بونیادگەریی فەرەنسییەوەیە. ئەم پاڵنەرەیش ئەو ئومێدە بوو، کە زانستە مرۆڤایەتییەکان بکرێنە زانستی تۆکمە و وردەکار، لەو سەردەمەدا هێشتا یش وەک یەکێک لەو شتانەی وا خواستیان لەسەر کەمە، سەیری پێشکەوتنی زانستی دەکرا، بەو ڕادەیەی

کە کەس وای بۆ نەدەچوو ئەم پێشکەوتنە لە زانستە مرۆڤایەتییەکانیشدا ڕوودات. ئەم ئومێدە بەردەوامبوو، لەگەڵیشیدا گەشبینییەکی زۆر لە ئارادابوو کە هەتا شەستەکانی خایاند، لەدوای ئەوەوە ئیدی شەپۆلێکی دژ بە زانست سەریهەڵدا، ئەمە هەستێک بوو، کە نەک تەنیا دەریدەخست مەحاڵە شەقڵی زانستی بدرێتە زانستە مرۆڤایەتاییەکان، بەڵکو ئەمجارەیان گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە نەیدەویست ئەم زانستانە ببنە زانستی ورد. ڕاستییەکەیشی ناوی «پاش-بونیادگەری» (پۆست-ستراکچرالیزم) کە ڕۆژنامەکان برەویان پێدا، تەنیا پەیوەندی بەم بەرهەمە فیکرییانەوە هەیە کە لەم ڕەوتە دژە زانستەوە، بگرە بە بڕوای من دژ بە عەقڵانییەتەوە پەیدابوون، کە هێشتایش تا ئەمڕۆمان بەردەوامە.

ئەگەرچی لیڤی شتراوس هەرگیز نەبۆتە پۆست بونیادگەرا، بەڵام بەڕادەیەک پاشەکشەی لەم خولیا زانستییانەی کرد کە خەریک بوو هەر بە تەواوەتی لە بیرکردنەوەییدا نەمێنن. لە حەفتاکاندا پێیوابوو کە توێژینەوەی وەسفی

له ئەفسانە جۆرێکە لە بونیادنانی ئەفسانە دەربارەی ئەفسانە، ڕێک وەک ئەوەی کە پاش بونیادگەراکان پێیانوایە «تیۆری ئەدەبی» وەک فۆڕمی ئەدەبی وایە دەربارەی ئەدەب، نەک کۆمەڵێک تەفسیر کە دەکرێت ملکەچی لێکۆلینەوەی ئەزموونگەری بکرێن. ڕاستییەکەی ئێمە لە پێشەکی بەرگی دووەمی ئەنترۆپۆلۆژیای بونیادگەریدا دەبینین، کە دوای یانزە ساڵ لە بڵاوبوونەوەی بەرگی یەکەمی هەمان کتێب و دوای بیست و یەک ساڵ لە بڵاوکردنەوەی ئەو وتارەی کە پێشتر هەندێک بڕگەیمان گواستەوە، بڵاوی کردەوە، ئێمە تۆنێکی تەواو جیاواز لەو تۆنەی پێشوو هەست پێدەکەین. لەوێدا شتراوس دەڵێت:

بگرە دەتوانین بپرسین کە تۆ بڵێی پێوەرێک کە «دەشێت پووچەڵ بکرێتەوە» بە ڕاستی بەسەر زانستە مرۆییەکاندا بچەسپێت. پێگزەی ئەپستمۆلۆژی ئەم زانستانە هەرگیز وەک پێگەی زانستە فیزیکی و سروشتییەکان نییە. ئەم جۆرە زانستەی دووەمیان جۆرێک لە تەبایی و هارمۆنی و پێکەوە گونجانیان تێدایە

و هەمیشەیش دەسەڵاتی خۆی لەنێوان ئەو کەسانەدا سەپاندووە، کە لەسەر ئاستێک پراکتیزەی دەکەن کە پەیوەندیدارە بە دۆخی لێکۆڵینەوەی هاوچەرخەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە زانستە مرۆییەکان هەرگیز بەم جۆرە نییە. لێرەدا هەندێک مشتومڕ لە بارەی ڕەوایەتی ئەم جۆرە گریمانە جیاوازانەوە کراوە. مشتومڕەکە لەبری ئەوە چڕبۆتەووە لەسەر تاقیکردنەوەی ئاستێکی دیاریکراوی مەرجەع کە ئەم گریمانەیە ئاماژەی بۆ دەکات، نەک ئاستێکی تر کە دەشێت لایەنە دژەکە حەزی پێی بێت.

ئەوە دەگمەنە دەرهەق بە ئەنترۆپۆلۆژیستە بونیادگەراکان بووترێت: «لێکدانەوەی ئێوە بۆ ئەم دیاردەیە یان بۆ ئەم کۆمەڵە دیاردەیە، ئەو لێکدانەوەیە نییە کە بە باشترین شێوە حسێبی واقیعەکان دەکات«. بەڵکو لەبری ئەوە دەبێت پێیان بووترێت:

«بابەتی زانستە مرۆڤایەتییەکان مرۆڤە، بەڵام ئەو مرۆڤەی کە لە ڕێگەی زانستە مرۆییەکانەوە لە خۆی دەکۆڵێتەوە، دەبێت لێگەڕێ خواستەکان و لایەنگیرییەکانی تەداخول

لەو شێوازە پێناسەیەدا بکات، کە بۆ خۆی دەکات. ئەوەی لە مرۆڤدا سەیر و جێی سەرنجە ئەوەیە، کە ملکەچی بڕیاری زانستی نابێت، بەڵکو لە بژادەیەکەوە بەرهەم دێت و بەرهەم دێتەوە کە لە جەوهەرەکەیدا ریزبەندییەکی فەلسەفیی هەیە.

بۆیە دەبێت دەرک بەوە بکەین کە گریمانەکانی زانستە مرۆییەکان ناشیت پووچەڵ ببنەوە، نە ئیستا و نە هیچ کاتێکی تر». (ئەنترۆپۆلۆژیای بونیادگەری، بەرگی دووەم، 1973، ل8-9).

لیڤی شتراوس واز لەو ئامانجە زانستییە دێنێت کە لە سەرەتادا بۆ خۆیی دانابوو، ئەو بڕوا دهێنێت کە ئەوانەی لە زانستە مرۆییەکاندا کار دەکەن تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر ئەم بۆچوونە کۆکن. ئەو بەم قسەیەی ڕۆشناییەکی درەوشاوە دەخاتە سەر هەلومەرج و دۆخەکانی کولتووری فەرەنسی، کە تا ئەو سەردەمە زۆر لە هاوشانە ئەنگلۆ-ئەمریکییەکەی جیاوازبوو. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لیڤی شتراوس لەلایەن ڕەخنە گرە ئەنگلۆ-ئەمریکییەکانەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی تووند کرایەوە، بە بۆچوونی ئەوان شتراوس لە

ئەزموونـدا نوقسان و لە لێکدانەوەدا خەیاڵپڵاوە. هەندێک لەو ڕەخنانە لە وتارێکدا کۆکراونەتەوە کە «نیڤین دایسـن-ەدسـن» نووسیویەتی و لە کۆنگرەیەکدا لە ساڵی 1966دا پێشکەشی کردووە، ئەمەیش کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەوەی کە پاش بونیادگەری بچێتە نێو کولتوری ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە. (بڕوانە: ماکزی و دوناتو 1970).

تا ئەمڕۆ، هێشتا یش ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵناسی ڕۆژئـاوایـی هـەن کـە پێیانوایە مومارەسەی زانست دەکەن، بە واتا تەقلیدییە تەواوەکەی ئەم وشەیە، بۆیە دەبێت تەنیا بەو گریمانانەوە بگیرسێنەوە کە شیاون بۆ پووچەڵ کردنەوە یان سەلماندنی ساختەییەکەیان، لەژێر ڕۆشنایی پێدراو و زانیارییە ئەزموونییەکاندا. لەم ڕوانگەیەوە ڕەخنەیەکی توونـد لـە کلۆد لیڤی شتراوس گیرا لەلایەن مارڤن هاریسەوە، لـە کتێبە قـەبـەکـەیدا «پـەیـدازبـوونـی تیۆری ئەنترۆپۆلۆژی» (1968)، کە لەوێدا لە مێژووی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆڵیوەتەوە. هاریس یەکێکە لەو شوێنکەوتوانی ئەو ڕێبازەی کە دەشیت

بە ماتریالیزمی کولتووری ناوی ببەین، ئەم ڕێبازەیش هەڵوێستێکی تیۆرییە دەربارەی ئەنترۆپۆلۆژیا (هەڵبەت نابێت لەگەڵ ماتریالیزمی کولتووری لای ڕەخنەگرێکی ئەدەبی وەکو ڕایمۆند ولیامزدا تێکەڵی بکەین)، هاریس لەوەدا هاوڕای مارکسیستە تەقلیدییەکانە کە دەشێت هەموو هەمەرەنگییەکانی کولتوورە مرۆییەکان لەسەر بنەمای فشاری ئابووری تەفسیر بکرێن، بەڵام هەندێ ڕهەندی دیکەیش بۆ ئەم تیڕوانینە زیاددەکات، لەوانە: فشاری دانیشتووان و گۆڕاوەکانی ژینگە، بۆیە دیالەکتیکی مارکسی ڕەتدەکاتەوە. ئەمەیش بنچینەیەکی ماتریالیی زانستیی گشتگیر و تەواو بۆ هاریس دەڕەخسێنێت تاوەکو بتوانێت ڕەخنەی ئەو ئایدیالیزمە بکات کە لە مامەڵەی شتراوس لەگەڵ بابەتەکەیدا دەردەکەوێت، ئینجا کورتکردنەوەی ئەم بابەتە لە بایەخدان تەنیا بە زنواندنەوە زەینییەکاندا. هەڵبەت هاریس تاکە ڕەخنەگرێک نییە کە پەیڕەوی لەم شێوازە ڕەخنەیە کردبێت.

### 2ـ1: فۆنیمەکان:

دەتـوانـیـن بـە لـەبـەرچـاوگـرتـنـی مـامـەڵـەی شتراوس لەگەڵ چەمکی فۆنیم و ئەو جیاکارییە بنچینەییەی کە زماننا‌سەکان لەنێوان ئاستی دەنگی و ئاستی ماتریالیستی زماندا، لەنێوان ئاستە فۆنیمییەکەی و ئاستی سیستماتیکییەکەیدا دروسـتـیـدەکـەن، ڕۆشـنـایـی بـخـەیـنـە سـەر ناکۆکییەکە. وەک پێشتر گوتمان، لیڤی شتراوس بۆ یەکەمجار لە یاکۆپسنەوە گوێی لەم قسەیە بـوو، کـە دەیـەوێـت فۆنیمەکان بگەڕێنێتەوە بۆ خەسلەتە تایبەتییە ماتریالی و پتەوەکان. ئاساییە لە ئەنترۆپۆلۆژیستێک کە ئەنترۆپۆلۆژیا بە زمانناسی پێوانە دەکات و لەسەر ئەم بنەمایە کار دەکات، چاوەڕوانی ئەوەبین کە بایەخێکی تایبەت بدات بە هەولمەرجە ماتریالییەکان و ژیانی کۆمەڵایەتی و بە بیۆلۆژیا، بە تایبەتیش کاتێک ئەم ئەنترۆپۆلۆژیستە ئەوە ڕاگەیەنێت کە هەریەکە لە مارکسیزم و زانستە سروشتییەکان و بەتایبەتیش جیۆلۆجیای بۆ گرنگە. بگرە چاوەڕوانی ئەوەیشی لێدەکەین کە ئایدیایەک دەربـــارەی ئـاسـتـەکـانـی «...یـەکـان» و «... مییەکان» (واتە ئاستە ماتریالییەکان بەرامبەر

ئەو ئاستەی کە واتای کۆمەلایەتییان هەیە) پێشکەش بکات، پێوانەکردن بە دەنگەکان و فۆنیمەکان. ئەمە ئەو شتەیە کە زماننासی ئەمریکی «کینیت بیک» خستوویەتییە ڕوو، کاتێک هەوڵیدا بەشیوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی زماننासی بگشتێنێت (زمان لە پەیوەندیدا بە تیۆرێکی یەکگرتوو دەربارەی ڕەفتاری مرۆیی، 1964)، بەڵام هەردوو چەمکی «...یەکان» و .... یەمیە» ەی مارڤن هاریسن.

بەڵام بەداخەوە لیڤی شتراوس بەم ئاڕاستەیەدا نەڕۆیشت. ئەوەی هەڵوەستەی لەسەر دەکەم، پرەنسیپی فۆنیمە، پرەنسیپی هاوبەرامبەرێتی پەتیی نێوان نیشانە sign بیشومارەکاندا و، توانای هەڵوەشانەوەی ئەم نیشانە بەرامبەرانەیە بۆ بەرامبەرێتییە سەرەکییەکان، کە دەبێتە بنچینەی و بە تەواوی دەکەویتە دەرەوەی ئاگایی سوبێکتەوە. دواتر لیڤی شترازوس ئەم پرەنسیپەی بەسەر ئەفسانەدا پراکتیزە کرد، پێشنیاری ئەوە دەکات ئەفسانەکان هەڵوەشێنرێنەوە بۆ یەکە سەرەکییەکانیان کە لە واتا خاڵین و ناویان

دەنێت «ئەفسانەییەکان» (بڕوانە پێشەکی لیڤی شتراوس بۆ کتێبەکەی یاکۆپسن، 1976). ئێمە زۆر ڕێکەوتی ئەم «...یەکان»ە دەکەین. ئەمە هەمیشە ئاماژە بۆ میتافۆرێک دەکات کە بەندە لەسەر فۆنیم، پێویستە هەمیشەیش بە وردی بیپشکنین.

ئێمە زۆر ستایشی ئەو گواستنەوەیە ناکەین، کە لیڤی شتراوس کردوویەتی، بەڵام پێویستە باسیبکەین وەک چرکەساتێکی بنچینەیی بۆ دامەزراندنی بونیادگەرایی فەرەنسی. ئەوەی لیڤی شتراوس پێیوابوو لە فۆنیمدا بینیویەتییەوە ئەوەبوو کە فۆنیم یەکەیەکی خاڵییە لە واتا و لە خۆیدا مانایەکی نییە، بەلام هەر کە دەکەوێتەوە پەیوەندییەوە لەگەڵ یەکەیەکی تری هەمان جۆردا یەکسەر بونیادێک دروست دەکەن کە واتایەکی هەیە. لە ڕاستیدا ئەم بونیادەیش لەسەر ئەو بەرامبەرێتییە دوالیتسیانە دادمەزرێت، کە لە نائاگایی مرۆییدا هەن. لاکان لە پەنجاکاندا هەڵوێستێکی نزیک لەم بۆچوونەی هەبوو دەربارەی نائاگایی فرۆیدی، ئەگەرچی لە وردەکاریدا جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە.

ئـــەوە زۆر روونـــە کـە هـەردووکـیـان هەڵەیانکردووە، چ لە تیۆرەکانیاندا و چ لە لێکدانەوەی سەرچاوەکاندا. سۆسۆر بڕوایەکی تـەواوی بەو تیۆرە نەبوو کە دەکدرایە پاڵی، بـەڵام یاکۆپسن هـەر بە ڕوون و ڕاشـکـاوی رەخنەی دەکـات، بە هەرحاڵ ئـەوە لە ڕووی لۆژیکییەوە مەحاڵە. ڕاستییەکەی ئەم هەڵەیەی کە ئەو کاتە کردی، لای کەسانێکی تریش کە ناوبانگیان کەمترە جار لە دوای جار دووبارە دەبێتەوە. ئەمە ئەو هەڵەیە کە هێشتا یش لە ئەدەبیاتی هەشتاکان و نەوەدەکاندا دەیبینینەوە.

**3ـ1: بونیادی بنچینەیی خزمایەتی:**

زۆریـــنـــەی ئـەنـتـرۆپـۆلـۆژیـسـتـەکـان پێیانوایە سیستەمی خزمایەتی دامـەزراوە سـەرەکـیـیـەکـانـی ئـەو کـۆمـەڵـگـایـانـەن کە لێیان دەکۆڵنەوە. کتێبەکەی لیڤی شتراوس «بونـیـادی بنچینەیی خزمایەتی (1949)، کتێبێکە دەربـارەی ئـەم بابەتە. ئـەوەی لـەم کتێبەدا جێگای سەرنجە ئەو خاڵەیە کە دەڵێت کۆمەڵگە لەسەر بنەمای قەدەغەی سێکسکردن

لەگەڵ نزیکەکاندا (مەحرەکان) دامەزراوە، واتە قەدەغەکردنی سێکس لەنێو خێزاندا، ئەمەیش وای لە پیاوان کردووە، بە مەبەستی هاوسەرگیری، ژنانی خێزانەکەی خۆیان لەگەڵ ژنانی خێزانەکانی تردا بگۆڕنەوە. ئەمەیش بونیادێکی کۆمەڵایەتی گشتیی دروست کردووە کە لە خێزانی ناوەکی (باوک و دایک و منداڵەکان) گەورەترە.

ئەم کۆمەڵگایانە سێ فۆڕمە سەرەکیی ئاڵوگۆڕیان تێدا بووە، ئەم سیانەیش پێکەوە کۆمەڵگایان دروستکردووە و هاوبەندییەکەییان ڕاگرتووە، فۆڕمی یەکەم ئاڵوگۆڕی دیارییە، کە هاوشێوەی بونیادی کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگە ئاڵۆزترەکاندا، دووەم، ئاڵوگۆڕی ژنان، بەگوێرەی ڕێسایەکی زۆر ئاڵۆز، ئەمەیش بونیادی خزمایەتی پیکهێناوە، سێیەم، گۆڕینەوەی پەیامە زمانییەکان و قسە لەڕێگەی زمانەوە، کە بەشە گەورەکەی کولتوری کۆمەڵگەی پێکهێناوە، ئەمەیش لە بەرهەمەکانی دواتری لیڤی شتراوسدا دەبێتە بونیادی ڕەمزی یان سیستەمی نیشانەکان.

کاریگەری ئەو ڕێسایانەی کە وایانکردووە هاوسەرگیری لەنێو خێزانی ناوەکیدا نەکرێت و لەنێو گروپە سەپێنراوەکاندا نەکرێت، ئەوەیە کە بونیادی بنچینەیی خزمایەتی خێزانی ناوەکیی نییە کە لە ژن و مێرد و منداڵەکان پێکهاتووە، بەڵکو ئەو خێزانەیە کە پیکهاتووە لە ژن و مێرد و منداڵ و خاڵ، یان کەسێکی نێرینە کە لەلایەن ژنەکەوە ڕەمەزامەندی لەسەر نوێنراوە و لە بنەڕەتدا دەسەڵاتی بەسەر ژنەکەدا هەیە و دەستی لێ هەڵدەگرێت. ئەم بونیادەیش فۆڕمی هەمەجۆر وەردەگرێت هاوڕییە لەگەڵ ئەو هەڵوێستە هەمەجۆرانەدا کە ئەندامی بونیادی خزمایەتی بەرامبەر ئەندامێکی دیکە وەریان دەگرێت (ئەم هەڵوێستانەیش هەڵوێستی کەسی تاکە دیاریکراوەکان نین، بەڵکو پەیوەستە بە پێگەی ئەو کەسانەوە لەنێو خێزاندا). بەم جۆرە منداڵی نێرینە لە هەندێک کۆمەڵگەکاندا باوکێکی توند، بەڕێزی هەیە کە ئاستەمە سوکایەتی پێبکات، لە کاتێکدا پەیوەندییەکەی لەگەڵ خاڵیدا پەیوەندییەکی خۆش و ناخەکییە، کەچی لە هەندێک کۆمەڵگەی تردا ئەم پەیوەندییانە بە پێچەوانەوەن.

ئەنترۆپۆلۆژیستەکان هەوڵیاندا تەفسیری ئەم ڕێسا و هەڵوێستانەی خزمایەتی بکەن، لەنێو ئەم تەفسیرانەدا خوێندنەوەیەکی ئابوری هەیە، لەو جۆرەی کە مارکس و هاریس کردوویانە. ئەمان پێیانوایە ئەم ڕێسایانە بونیادێکی جەوهەرییانەی ئابووریی هەیە کە دەبێتە مایەی مانەوەی کۆمەڵگاکان. هەڵبەت ئەم تەفسیرە لیڤی شتراوس ڕازی ناکات. تەفسیرێکی دیکە تەفسیری مێژووییە، کە پێیوایە بوونی چەند دیاردەیەکی دیاریکراو دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی و پەرەسەندنە مێژووییەکانیان. ئەم تەفسیرەیش کێشەی زۆرە، زۆرجاریش باس لە مێژوویەک دەکات، کە بەندە بە تێرامانەوە، بەتایبەتی ئەم کێشانە لەوێدا زەقدەبنەوە کە لە ئەنترۆپۆلۆژیادا پشتیوانی بکرێت، چونکە لە بنەڕەتدا گرنگی بە کۆمەڵگە نەخوێندەوارەکان دەدات کە نووسین نازانن و ئاستەمە ڕووپۆش لە مێژووکەیان هەڵبماڵرێت، بەڵام تەفسیری بونیادگەری جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دەتوانین لەسەر بنەمای پەیوەندیی نێوان بەشەکانی بونیادی باو، بەبێ تێڕامانی مێژوویی، لەم کۆمەڵگایانە تێبگەین.

لێرەیشدا پێوانەکە بە گوێرەی توێژینەوەی زماناسی ئەو سەردەمە، زۆر روونە.

ڕاستییەکەی من پسپۆری بواری ئەدەب و زماناسی نیم تاوەکو حوکم لەسەر سەرکەوتن، یان ئاستی لۆژیکیبوونی گریمانەکانی شتراوس، بۆ تەفسیرکردنی سیستەمی خزمایەتی بدەم. ئەمە یەکێکە لە کایە تەکنیکییەکان لە ئەنترۆپۆلۆژیادا کە تەنیا پسپۆرەکانی ئەو بواری دەوێرن خۆیان لە قەرەی بدەن. هەروەها لێرەودا دژوارییەکانی لێکدانەوەیش بۆ خۆی سامناکە. لەنێوان لیڤی شتراوس و «ڕۆنی نیدهام»ی ئەنترۆپۆلۆژیستی بەناوبانگدا، ناکۆکییەکی ئاشکرا سەری هەڵدا، دەربارەی ئەو شتەی کە دەشێت بابەتی ڕاستەقینەی نووسین بێت، ئەم ناکۆکییە لە چاپی دووەمی لیڤی شتراوسدا زەق بوویەوە، بەتایبەتی لەو کۆمێنتی ئاڵۆز و سەرسوڕهێنەری لیندهامدا دەربارەی وەرگێرانەکەی، بەڵام لەڕوانگەی منەوە شتێک بە ڕوونی ماوەتەوە، لایەنیکەم وەک ڕێسایەکی زگماکی، ئەویش ئەوەیە کە لیڤی شتراوس گرنگی بە واقیعەکان بەو جۆرە نەداوە کە چاودێرەکان

له دەرەوە دەیبینین، بەڵکو زیاتر گرنگی بە نواندنەوە دیاریکراوە زەینییەکانی واقیعەکان داوە لە عەقڵی بەشداربووەکانی ئەو واقیعانەدا. ئەو ئەم ڕوانگە تایبەتییە دەخاتە نێو دووەمین بەرهەمییەوە کە لێکۆڵینەوەیە لە کێشەی تەوتەمیزمی کۆن (1962) لە ئەنترۆپۆلۆژیادا، هەروەها لە کتیبەکەیدا دەربارەی فیکرزی کێوی (1962)، کە وەها وەسفکرا فراوانکردنی چوارچێوەی بەرهەمەکەی پێشترە تا ئەو ڕادەیەی کە بوارێکی نوێیش بگرێتەوە.

**4ـ1: لێکۆڵینەوە لە بونیادی زەینی:**

بایەخی سەرەکی هەریەکە لە تەوتەمیزم و فیکری کێوی لەمڕۆدا، ئەوەیە کە عەقڵ بە چ شێوازێک زانیارییەکان ڕێک دەخات. ئەنترۆپۆلۆژیستەکانی سەرەتا بۆ نموونە ئاماژەیان بەوە داوە کە کردنی ئاژەڵەکان بە تەوتەم بۆ نواندنەوەی کۆی گروپە کۆمەڵایەتییەکان، یەکێکە لە شوێنەوارە مێژووییەکانی ئەو ڕۆژانەی کە ئەم کۆمەڵانە ئەو ئاژەڵانەیان خواردووە (کە لەو سەردەمە

تەوتەمییەدا لێیان قەدەغە بووە). ئەمە تەفسیرێکە لە پاڵ دەیان تەفسیری تردا، بەڵام لیڤی شتراوس پێیوایە تەواوی کێشەی تەوتەمیزم، ئەوەی تاوەکو ئێستا وەسف کراوە، جۆرێکە لە وهەم و فریوودان. لەبری ئەوانە، ئەو وایدەبینێت دەبێت سەیری سیستەمی پەیوەندییەکان بکەین، سیستەمی بەرامبەرکردنەوە ئاژەڵە تەوتەمییەکان شێوازێکی کولتوورییانەی ڕێکخستنی جیهانە. ئەوەی لێرەدا دەبێت بکرێتە پنتی لێکۆڵینەوە شێوازی بیرکردنەوەیە بەهۆی سیستەمی پۆلێنکردنەکانەوە، کە ئاژەڵە تەوتەمییەکان بەرجەستەی دەکەنەوە. ئەم شێوازە مامەڵەکردنە لەگەڵ بابەتەکەدا زۆر خاڵی هاوبەش و لێکچووی تێدایە لەگەڵ ئەو شێوازەدا کە مەعریفەناسەکانی شوێنەوار بۆ لێکۆڵینەوە لە شوێنەواری شێوازە سەرەتاییەکانی بیرکردنەوە، بەکاری دهێنن.

ڕاستییەکەی، سەرجەم بەرهەمەکانی لیڤی شتراوس، بە ئاراستەی لێکۆڵینەوە لە نواندنەوەی ئەو بونیادانەدا دەڕۆن، کە لە عەقڵدا بوونیان هەیە، لەمەیشدا لە بەرهەمەکانی ڕێسای

زگماکییەوە نزیکە،بۆئەوەی ئەم لێکچوونە باشتر ببینین، دەڵێین: کلۆد لیڤی شتراوس هەمیشە ویستوویەتی بەم شێوە بڕواتە پێش، تا ئەو ڕادەیەی کە بتوانێت پەردە لەسەر خەسلەتەکانی عەقڵی نائاگایانەی گەردوونی هەڵبماڵێت. دوور لە بۆچوونی ئەو کەسانەی کە هۆگری هەردوو شێواز و ستایلی چۆمسکی و شتراوسن، ئێمە پێمانوایە ئەم دوو بیرمەندە، هەر یەکەیان لە بوار و کیشوەری خۆیدا، هەردووکیان بە دوای گشتێتییە زەینییەکاندا دەگەڕێن، ئەگەرچی هەرگیز باس لە کاریگەرییان لەسەر یەکتری نەکراوە، دیارە وێڕای ئەوەیش، کە چۆمسکی پێیوازیە کارەکەی لیڤی شتراوس کارێکی بەتاڵە.

بەڵام یەکێک لە جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان ئەم دووانە، ئەو چاڵە بەرفراوانەیە کە ئەو دوو نەرویتە فیکرییە لە یەکتر جیا دەکاتەوە کە هەر یەکەیان لە چوارچێوەیدا کاریان کردووە. چۆمسکی لە سەرەتای پەنجاکاندا لە ئەمریکا بەرپەرچی قوتابخانەی ڕەفتارخوازی باڵادەستی دایەوە–بەرهەمەکانی دەروونناسی ڕەفتاریی گەورە ب. ف. سکینەر، نموونەی ئەم

قوتابخانەیەیە- کە دەیانویست تەنانەت زمانی مرۆییش بگێڕنەوە بۆ «ڕەفتاری ئاخاوتنگەری» و نکوڵییان لە بوونی هیچ توانایەک دەکرد بۆ کردنی دیاردە زەینییەکان بە بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستی، بەڵام فەلسەفەی باڵادەست فەلسەفەی ئەزموونگەریی بوو، ئەگەرچی لە ڕەفتارگەری باجی قورستر بوو، ڕەنگە «کوین»، هاوتای «ڕاسل»، گرنگترین فەیلەسوفی تەواو ئەزموونگەرا بێت، بەڵام بەلای زمانناسییەوە فەلسەفە بایەخێکی کەمتری لە ڕەفتارگەری گشتێنراو هەبوو، چونکە ئەمەیان لێکۆڵینەوە لە هەموو شتێک دەکات، تەنانەت ئەو دەلالەتانەی کە زمانناسەکان پێیانوایە لێکۆڵینەوە لێیان چالاکییەکی نازانستییە و نامانگەیەنێت بە هیچ.

لە بەرامبەردا، لیڤی شتراوس بەر بوونگەرایی سارتەر کەوت. بەلای ئەم فەلسەفەیەوە، ڕوانگە زانستی و ئوبێکتییەکان دەربارەی مرۆڤ هەرگیز هیچ بایەخێکی نییە، ئەمە بایەخ بە «مێرووناسی» (علم الحشرات) دەدات، بەڵام ئاگایی -یان «بوون بۆ خۆی»- جۆرێکە لە عەدەم یان نەبوونی کەینونە، کە ویڕای ئەوەیش

جیهانی شتەکان یان ئۆبێکتەکان لە تۆپەڵێکی جیانەکراوە لە بوون لەخۆیدا، دەخولقێنێت. خۆ ئەگەر ئەم ئاگاییە دەروبارەی جیهان بێت، بە تایبەتیش دەربارەی ڕابردووی خۆی بێت، ئەوا لە هەڵبژاردنی بژاردە هەنوکەییەکاندا ئازاد دەبێت، بەڵام ڕەتکردنەوەی ئەمە ئیمانێکی فاسیدە و هیچیتر. مرۆڤ لە ڕێبازی مرۆیی بوونگەراییدا خۆی دەکاتە ئەوەی کە هەیە و هەموو ساتێک خۆی تازە دەکاتەوە، ئەوەیش لە ئازادییەکدا کە کۆتوبەندەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی، یان هەلومەرجە ماتریالییەکان، یان پاڵنەرە نائاگاییەکان، یان بایۆلۆژیای کەس، قەتیسی ناکەن. ئەمە ئەو فەلسەفەیە کە دواتر سارتەر هەوڵیدا لەگەڵ مارکسیزمدا یەکیان بخات.

ڕەنگە ئەم سەرنجە کورتە دادوەرانە نەبێت، چونکە غەدر لە وردی و تیژبینی سارتەر دەکات، بێگومان هەڵە دەکەین، گەر فیکری سارتەر هاوتا بکەین بە سەرجەم فیکری فەرەنسی، بەڵام ئەوەیش هەڵەیە، کە بڵێین

فەلسەفەی فەرەنسی بە لوتبەرزییەوە و لە سەرەوە ڕوانیویەتییە پەیوەندی خۆی بە زانستە مرۆڤییە ئەزموونگەرییەکانەوە و گوایە هەر لەگەڵ لەدایکبوونیدا ویستوویەتی بیخنکێنێت. ئەم بابەتە بە درێژی لای یەکێک لە کۆمەڵناسە دەگمەنە فرانکۆفۆنییەکان دەبنینەوە، کە لە پێگە نێو دەوڵەتییەکەیدا دەگاتە هاوشانی لیڤی شتراوس، ئەویش ژان پیاجەیە، لە کتیبەکەیدا «ڕوانینەکان لە فەلسەفە و وهەمەکانی» (1965). ئەم کتێبە تۆماری جەنگێکە کە پیاجە بە درێژایی تەمەنی بەرپای کردووە بۆ دانانان بە ڕەوایەتی ئەو لێکۆڵینەوە ئەزموونیانەدا، کە لە پەرەسەندنی کاتگیۆرییە لۆژیکییەکان لە عەقڵی مناڵدا، دەکۆڵنەوە، ئەمەیش دژ بە دامەزراوەیەک کە پێیوایە هەر لێکۆڵینەوەیەکی لەم جۆرە تەنیا بەڵگەیە لەسەر هەڵەیەکی فەلسەفی تەواو ئاشکرا. ئەزموونی پیاجە لە هێڵێکی تەریبدا دەڕوات لەگەڵ ئەزموونی لیڤی شتراوسدا، بەڵام پیاجە دەستی لە خواوستە ئەزموونگەرییەکەکی هەڵنەگرت.

## 5ـ1: فەلسەفەیەكی نوێ دەربارەی مرۆڤ:

ڕەنگە بە حەتمی ئەنترۆپۆلۆژیای بونیادگەری بە فەلسەفەیەكی ئەڵتەرناتیڤ دەربارەی مرۆڤ لێكبدرێتەوە. ڕەنگە ئەو قسەیە لەجێی خۆیدا بێت، كە دەڵێت ئەنترۆپۆلۆژیای بونیادگەری لەنێوان دوو بژاردەدایە، لەلایەك ببێتە فەلسەفەیەكی نوێ دەربارەی مرۆڤ، یان فەلسەفەیەكی نوێ دەربارەی مرۆڤ بونیاد دەنێت، كە كار دەكات بۆ گونجاندنی ئەنترۆپۆلۆژیا لەگەڵ خۆیدا. لەبەرئەوەی فەلسەفەی سارتەر و زۆرێك لەو فەلسەفانەی لە چوارچێوەی نەریتی فینۆمینۆلۆژیا و بوونگەراییدا بوون، نەیانتوانی ئەمە بكەن. فشاری شەڕی فەلسەفی بووە مایەی گۆڕینی بۆچوونەكانی لیڤی شتراوس دەربارەی ئەنترۆپۆلۆژیا، ئەمە لەو بڕگەیەدا دەردەكەوێت كە پێشتر لە بەرگی دووەمی «ئەنترۆپۆلۆژیای بونیادگەری»یەوە گواستمانەوە. شتراوس، كە ناچاربوو پرسیاری فەلسەفی بوروژێنێت، زۆر بە بەهێزی بەرەو ئەوە دەچوو ببێتە فەیلەسوف، ئەمە بە ڕادەیەك روون بوو كە دەبوو شتراوس هەندێجار خوێنەرەكانی دڵنیا بكاتەوە لەوەی غەمی سەرەكی ئەو گرنگیدانە

بە زانیارییە ئێتنۆگرافییەکان، جارێکیش هەندێک کاری پراکتیکی کرد، بێگومان لە بنەڕەتدا فەلسەفە باسە بوو کە شتراوس لێیەوە دەستی پێکرد.

ئەو پرسیارەی کە خۆیشی کردی ئەوەبوو داخۆ دەکرێت بونیادگەری وەک هەڵوێستێکی فەلسەفی پیشانبدرێت؟ بونیادگەری ئەو تێڕوانینەیە کە پێیوایە کۆمەڵگە لەڕێگەی کۆمەڵێک نواندنەوەی نائاگایانەی زەینی، کە لەنێوان تاکەکاندا هاوبەشە، پێناسە دەکرێت. ئەمەیش لە ڕهەندێکی گرنگییەوە واتای ئەوەبە کە سیستەمی نواندنەوە نائاگاییەکان لەپێشترێتی لۆژیکیی هەیە بەسەر هەریەکە لە کۆمەڵگە و تاکەکانیشدا. نواندنەوەی نائاگایانە بنچینە سەرەکییەکەیە نەک کۆمەڵگە و تاکەکەسەکان. سوبێکتە تاکەکەسییەکان بەرهەمی ڕیزکردنی تاکەکەکانن لەنێو ئەم جۆرە سیستەمەدا، کۆمەڵگەیش لە شێوازی بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە سیستەمە زەینییە ڕەفتارییە کۆمەڵایەتییەوە دروستدەبێت، کە ئەگەر ئەو بنچینەیە نەبووایە ئەوا بێواتا دەبوو. جیهانی کۆمەڵایەتیی ئۆبێکتی

له دەرەوەی نواندنەوە زەینییەکانی بوونی نییە، سوبێکتی ئازاد بە بێ ئەم نواندنەوانە بوونی نییە. ئەمەیش لە جەوهەردا ئایدیالیزمی نیو کانتیزمە. ئەمە خاڵی دەستپێکردنی بیرکردنەوەی لاکان و ئاڵتوسێر و فۆکۆیشە.

### 6ـ1: ئەفسانە دەربارەی ئەفسانە:

شتراوس زۆربەی بەرهەمەکانی دواتری تەرخان کرد بۆ شیکاریی ئەفسانە، لەوێیشدا دەبینین کاریگەری زمانناسی هێشتا یش قووڵ و کاریگەرە، بەڵام لەمەدا شتراوس جۆرە پێوانە و لێکچواندنێکی ئێجگار کرچوکاڵ و فشۆڵ بەکاردهێنێت. بە بڕوای ئەو ئەفسانە جیاوازەکان، کە گەلە جیاوازەکانی نێو یەک کیشوەر دەیگێڕنەوە، بەشێکن لە یەک زمان و بەڵگەن لەسەر پۆلێن یان کاتیگۆرییە گەردوونییەکان. بە واتایەک ئەم ڕوانگە کۆچوکاڵ و فشۆڵە وەک بەرهەمەکانی یۆنگن دەربارەی ئاگایی دەستەکۆیی. کاتێک شتراوس کارەکە خۆی بە ئەفسانە دەربارەی ئەفسانە وەسفدەکات، لەمەدا لەسەر هەقە.

وێرای ئەو کارە زۆر بەرفراوانانەی کە لیڤی شتراوس لە کایەی ئەفسانەناسیدا کردوونی، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی پەیرەوی لەو بنەما شیکارییانە دەکات کە پێشتر لە ساڵی 1955دا لە وتارێکدا بەناوی «تویژینەوەی بونیادگەریی لە ئەفسانە»، باسیکردوون. شتراوس بە درێژایی هەموو ژیانی بایەخی بە ئەدەب و ئەفسانە داوە. هاوکاری یاکۆپسن بووە لە شیکاریی بونیادگەرانەی ئەدەبدا، بەناوبانگترین کاری هاوبەشیشیان شیکارکردنی قەسیدەی «پشیلەکان»ی بۆدلێرە، کە لەوێدا یاکۆپسن وەک هاوبەشێکی باڵادەست دەردەکەوێت، چونکە ئەو تەکنیکە شیکارییەی لەوێدا بەکاریانهێناوە، زۆر لەو تەکنیکە تایبەتییانەی یاکۆپسن دەچێت کە لە لێکترازاندنی جومگەکانی سۆناتای شکسپیردا بەکاری هێناوە، تاوەکو بەرامبەرێتییە گرامەری و دەنگییەکان و دەلالەتە گریمانەکراوەکانی نێوی کەشفبکات.

بەڵام تەکنیکی تایبەت و جێ دەستی لیڤی شتراوس لەو شیکارییەدا دەردەکەوێت، کە بۆ ئەفسانەی ئۆدیپ کردوویەتی، ئەم کارەی لە ریزی بەرهەمەکانی سەرەتایدایە، بەڵام

خاڵە بەهێز و لاوازەکان لە شێوازی مامەڵەی ئەو لەگەڵ ئەفسانەدا بە گشتی، دەردەخات. شتراوس، ئەفسانە بەسەر ئێپسۆدەکان (ڕووداوەکان)دا پارچە پارچە دەکات و لە تۆڕێکدا ڕێکیان دەخات، کە دوو ڕهەندی هەیە، تاوەکو بەرامبەرێتییە مانادارە گرنگەکانی لێوە بەدەستبهێنێت، کە ئەفسانەکە لەبارەیانەوە دارێژراوە. ئەفسانەی ئۆدیپ بە بێ ئەم تۆڕە، ئەم جۆرەیە:

کادیمۆس بەدوای ئەوروپای خوشکیدا دەگەڕێت، کە زیۆس ڕفاندوویەتی، کادیمۆس دراگۆنەکە دەکوژێت. سپارتۆی، کە لە ددانی دراگۆنەکەوە دروستبوون یەکتری لەنێو دەبەن. لابداکۆس، باوکی لایۆس، شەلە (؟). ئۆدیپ لایۆسی باوکی خۆی دەکوژیت. لایۆس واتە چەپلەرە (؟). ئۆدیپ دەعباکە لەنێو دەبات، ئۆدیپ واتە ئەوەی کە قاچێکی هەڵئاوساوی هەیە (؟). ئۆدیپ هاوسەرگیری لەگەڵ جۆکاستی دایکیدا دەکات. ئیتیۆکلیس پۆلینۆسی برای دەکوژێت، ئەنتیگۆنە پۆلینۆسی برای دەنێژێت، بەوەیش یەکێک لە قەدەغەکان پێشێل دەکات.

ئەم دابەشکردنە بەسەر ڕووداوەکاندا دابەشکردنێکی زۆر ڕێکەوت و لەخۆوەیە، زۆرێک لە ڕووداوەکانی دیکە، کە لە سەرچاوە سەرەکییەکاندا باسکراون و خوێنەر بە گرنگیان دەزانێت، پەراوێز خراون. پاشان لیڤی شتراوس ئەم ڕووداوانە لە چوار ستووندا دادەنێت، بە پێی ئەم پێوەرانە:

• زێدەڕەویکردن لە پەیوەندییە خزمایەتییەکاندا: (کادیمۆس بەدوای ئەوروپادا دەگەڕێت، ئۆدیپ هاوسەرگیری لەگەڵ جوکاستدا دەکات، ئەنتیگۆنە پۆلینۆس دەنێژێت).

• کەمکردنەوەی بەهای پەیوەندییە خزمایەتییەکان: (سپاتۆری یەکتری لەنێو دەبەن، ئۆدیپ باوکی خۆی دەکوژێت، ئیتیۆکلیس براکەی دەکوژێت).

• ئەستەمی بە پێوە وەستان: (لابداکۆس شەلە، لایۆس چەپلەرە، ئۆدیپ قاچێکی هەڵئاوساوی هەیە).

ئەم پێوەرانەیش تارادەیەکی زۆر ڕێکەوت و لەخۆوەن.

دوای ئەوە لیڤی شتراوس دوو گروپەکەی

کۆتاییان لێکدەداتەوە -کوشتنی وەحشەکان و ئاستەمی بە پێوەوەستان-، وای دەبینێت ئەمانە بە دوای یەکدا واتای نەفیکردنەویە لەدایکبوونی خودییانەی مرۆڤ و بەردەوامێتی لەدایکبوونی خودییانەی مرۆڤ. بەم جۆرە ئەفسانە دەبێتە واتایەکی پەیوەندیدارییانە، »زێدەڕەویکردن لە نرخاندنی پەیوەندییە خزمایەتییەکان و سیلەی ڕەحمدا دەبێتە زێدەڕەویکردن و خەیاڵپڵاویی لە نرخاندنیدا بەو جۆرەی، کە ئەو هەوڵەی کە بۆ وازهێنان لە دۆکترینی لەدایکبوونی خودیی دەدرێـت، مەحاڵە ئـەم وازهێنانە دەستەبەر بکات«. ئەم ئەفسانەیە وەکو لیڤی شتراوس دەڵێت، گوزارشتە لـەو مەحاڵێتییەی کە ئەو کۆمەڵگەیە تێیدەکەوێت وا بانگی لەدایکبوونی خودییانەی مرۆڤ دەکات... کاتێک دەیەوێت لەم تیۆرەوە بپەڕێتەوە بۆ دانانن بـەوەدا، کە هەر یەکێکمان لە ڕاستیدا لە نزیکبوونەوەی پیاو و ژنێکەوە لەدایکبووین«.

دەبـێـت بڵێم مـن بـە هیچ وشـەیـەکی ئەم حیکایەتە درێژە باوەڕناکەم. ئەوەی بە تایبەتیش جێی باوەڕم نییە ئەوەیە، کە گوایە ئەم میتۆدە

میتۆدێکی زانستییە لە لێکۆڵینەوەدا. ئەو بابەت و خاڵانەی کە لێکۆڵەر دەتوانێت لەبارەیانەوە بڕیارە سەرپێییەکان بدات پەیوەستە بە ناوەڕۆکی ئەفسانە یان پۆلێنی یەکەکانییەوە، بە جۆرێک کە بەرەنجامەکان ئەوە بسەلمێنن کە دەیانەوێت بیسەلمێنن، جا هەرچی بن، ئەمانە کۆمەڵێک بابەت و خاڵی زۆرن. هەر وەک ئەوەی لێکۆڵەر دەتوانێت هەتا حەزبکات کتێبە بەرهەمبهێنێت. ڕاستییەکەی ئەوەی لیڤی شتراوس لەبارەی ئەفسانەوە نووسیویەتی ڕەنگە شتێکی وەک ئەمە بێت.

**7ـ1: بونیاد و نیشانە و گەمە**

**لە گوتاری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا:**

دەبێت لێرەدا ئەم کاردانەوە زبرەی من تیۆرسێنی نوێی ئەدەبی —و ڕەنگە خوێنەر- یشی داچڵەکاندبێت. پاڵنەری دژ بە میتۆدی زانستی، کە لای لیڤی شتراوس دەیبینین، تا ئەو ئاستە پەرەی سەند کە رەخنەگرە کۆنەکانی ئەم بوارە بە زمانێکی دیکە دەدوان. گۆڕانە یەکلاکەرەوە لە ساڵی 1967 دا ڕوویدا،

لەگەڵ وتـاری «بونیاد و نیشانەکان و گەمە لە گوتاری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا»ی «ژاک دێـریـدا»دا، کـە لـە هـەمـان ئـەو کۆنگرەیەدا پێشکەشیکرد وا «نیڤین دایسن-هێدسن»یش ئەو ڕەخنە ئەزموونگەرییەی خستەڕوو کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، بـەڵام ئەم دوو وتارە سەر بە دوو جیهانیی فیکری لێکجیاواز بوون. دایسن-هێدسن پێیوا بوو لیڤی شتراوس وەک پێویست ئەزموونگەرا نییە و وایدەبینێت ئەو بۆنوبەرامە خەیاڵی و ئەدەبی و فەلسەفییەی کە لەو دەروازە و پێشـەکییانەوە بەرز دەبێتەوە وا لەلایەن کەسی نەخوێندەوارەوە بۆ بەرهەمە ئەنترۆپۆلۆژییەکانی شتراوس دەنووسرێن، وەکـو جـۆرج شتاینەر و سـۆزان سۆنتاگ، بۆنوبەرامەیەکی جێی گـومـان و دوودڵـییـە، هەمان بۆچوونیوشی دەربـارەی ئـەو بنەچە فەلسەفییە دوورودرێــژە هەیە کە شتراوس خۆی بانگشهەی بۆ دەکات.

بـەڵام دێـریـدا پێیوایە لیڤی شـتـراوس لە کێشەیەکدا گیری خواردووە کە لە جەوهەردا کێشەیەکی فەلسەفییە، بـەڵام، بە واتـایـەک لە

واتاکان، ئەو بە تەواوی فەیلەسوف نییە تا بتوانێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکات. ئێتنۆلۆژیا (و ئەنترۆپۆلۆژیا) زانستێکی ئەوروپییە و چەمکە ئەوروپییە تەقلیدییەکان بەکاردەهێنێت (هەڵبەت بە سەرجەم ئەو چەمکانەیشەوە دایسن-هێدسن و سەرجەم ئەنترۆپۆلۆژیستە ئەزموونگەراکان بەکاری ئیشی پێدەکەن). جا لەبەرئەوەی ئەم زانستە لە کۆمەڵگە نائەوروپییەکان دەکۆڵێتەوە، ئەوا دەبێت ڕەخنە لە هەموو کاتیگۆرییەکانی ئێتنۆسەنتەریزم بگرێت، بەو چەمکە زانستییانەیشەوە کە خودی ئەو زانستەیشی لەسەر دامەزراوە. دەنا گەر وانەبێت ئەم زانستە سیفەتە زانستییە تایبەتییەکەی خۆی لەدەست دەدات تەنانەت ئەگەر لەنێو دەستی پیادەکەرێکی لێهاتووی وەک لیڤی شتراویسدا بێت (چ جای لە بەردەستی ئەو ئەزموونگەراییە ڕەق و تەقەدا بێت کە دایسن-هێدسن نوێنەرایەتیی دەکات).

لێرەدا لیڤی شتراوس لەسەر هەقە کە دادگایی بەرامبەرێتی میتافیزیکییانەی تەقلیدیی نێوان هەستی و زەینی دەکات و دەچێتە سەرووییەوە، ئەم بەرامبەردانانە کە زانستە مرۆییەکانی

شپرزە کردووە بە کۆمەڵێک پرسیار وا پەیوەستن بەوەی کە داخۆ ئەم زانستانە لە شتە ماتریالییەکان و ڕەفتارە فیزییکییەکان و شتی لەم بابەتە دەکۆڵنەوە یان لە واتا دەکۆڵنەوە؟ بەڵام لیڤی شتراوس ئەم دادگاییە دادمەزرێنێت و ئەم ترانسێندنتە باڵاتر دەبات لەو ڕێگەیەوە، کە هەر لە سەرەتاوە خۆی دەخاتە ئاستی نیشانەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە چەمکی نیشانە خۆی، وەک پێکەوەنووسانی دال و مەدلول، گرێدراوی بەرامبەرێتی نێوان هەستی و زەینییە، ئەستەمە بە بێ ئەم بارمبەرێتییە ئەمە لەمە تێبگەین. بەم جۆرە ئیتنۆلۆژیا، وەک رەخنە لە بیرکردنەوەی ڕۆژئاوایی، تەنیا لەڕێگەی چەمکێکی سەرەکی نێو چەمکەکانی میتافیزیکای ڕۆژئاواییەوە دەتوانێت وەزیفەی خۆی جێبەجێ بکات.

بە هەمان شێوە، لیڤی شتراوس، جیاکارییەکی بەناوبانگ لەنێوان دوو جۆری بیرکردنەوەدا دەکات. یەکەمیان، ئەو شێوازەیە کە تێیدا چەمکە نوێیەکان بۆ تەفسیرکردنی جیهان دادەڕێژرێن، بەو جۆرەی کە ئەندازیارێک لە چەم بەشێکی نوێیە ئامرازێک، بە دیزاینێکی جوان دروست

دەکات (بە شاراوەیی لە لیڤی شتراوسەوە تێدەگەین کە ئەم بیکردنەوەیە هی تیۆرسێنی نوێیە)، بەڵام دووەمیان، ئەو شێوازەیە کە ئەو پۆلێنانەی تێیدا بەکازردێت وا پێشتر ئامادە کراون، وەک ئەوەی جیاوازی لەنێوان جۆری ئاژەڵی و جۆری تردا دەکات، بە مەبەستی مەعریفی زۆر جیاواز، وەک پۆلێنکردنی کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤ، وەک ئەوەی هەمیشە بەر لە لیڤی شتراوس بە تەوتەمیزم ناوبراوە (وا لەمە تێدەگەین کە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە شێوازی بیرکردنەوەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکانە، کە بە تێرم و چەمکە ئەفسانەییەکان بیریان کردۆتەوە). ئەم میتۆدە فیکرییە لە کاری بریکۆلەر Bricoleur دەچێت کە شتەکان لەو پارچە ئامێرە کۆنانە دروستدەکاتەوە کە پێشتر بۆ مەبەست و کاری دیکە هەبوون. ئێمە هەمووومان بە چەمکە ئامادەکان بیردەکەینەوە، کە لە بنەمادا بۆ مەبەستی دیکە دروست کراون، ئێمەیش دەستکارییان دەکەین و لەگەڵ کاری ئێستای خۆماندا دەیانگونجێنین، کەواتە جۆرێکی تایبەت و سەرەتایی و بنچینەیی بیرکردنەوە

بوونی نییە، کە بریکۆلاج bricolage بچێت، بەڵکو هەموو بیرکردنەوەیەک بریکۆلاجە.

دێریدا لەوپەڕی دڵخۆشیدایە چونکە بابەتەکە هەر بەم جۆرەیە. ئەوەی لە بریکۆلاجدا بۆ ئەو سەرنجڕاکێشە زانستیبوونەکەی نییە، بەڵکو هێزە ئەفسانەییە-شیعرییەکەیەتی. ئەوەی بەشێوەیەکی سەرەکی مایەی دڵخۆشیی دێریدایە ئەو شیکارییەیە کە لیڤی شتراوس، لە یەکێک لە بەرهەمەکانی کۆتایی خۆیدا، بۆ ئەفسانەیەک لە ئەفسانەکانی گەلی بۆرۆرۆی کردووە و ناوێکی زۆر گونجاوی بۆ داناوە «نەکولاو و کولاو»، نەبوونی هیچ ئەفسانەیەکی مەرجەعی و ئەسڵییە کە جیاوکێکی تایبەتی هەبێت، ئینجا بوونی توانای ڕاستەوخۆ بۆ شیکارکردن لە هەر کوێوە بتەوێت، بەهۆی نەبوونی هیچ «سەنتەر»ێکەوە، یان نەبوونی هیچ بنەمایەکی بنچینەییەوە کە بکرێت وەک کلێشە و بەڵگەنەویست وەریبگرین، بەلام ئەمە پێویستی بەوەیە دەستبەرداری گوتاری زانستی، یان فەلسەفی ببێت، گوتاری بونیادگەری لە فۆڕمدا گوتارێکی ئەفسانەییە، بەرهەمی ئەفسانەیە دەربارەی ئەفسانە.

که ئەم شێوازە لێکدانەوەیە دژە زانستە لە هەندێک کایەدا بووە لێکدانەوەی باڵادەست، بەتایبەتیش لە ئەدەبدا، یەکسەر خولیا سەرەکییەکانی لیڤی شتراوس بە تەواوی دایە کزی. نموونەی ئەمە ئەم کۆمێنتەی ساڵی 1982ی دێریدایە دەربارەی مامەڵەی شتراوس لەگەڵ ئەفسانەی ئۆدیپدا:

ئەم لابردنە و ئەم گەڕانە بەدوای ناوەڕۆکی شاراوەدا، یان بەدوای «بونیادی قووڵ»دا، ناتوانێت هەر لە پێشەوە گریمانەی بوونی مانایەکی جەوهەری بکات، مەگەر بە هەمان ڕادە گریمانەی بوونی مانایەکی حەرفییش بکات. خۆ ئەگەر لیڤی شتراوس ئەوەی کەشفکردووە کە زئەفسانەی زئۆدیپ لە کۆتاییدا گوزارشت لە بەرامبەرێتی نێوان لەدایکبوونی خودی و زۆربوونی دوو ڕەگەزییانە دەکات، ئەوا ئەمە واتای ئەوە نییە کە دەکرێت ئەفسانە لەم دەلالەتە کدیاریکراوەدا کورتبکەینەوە. بەهای شیکارییەکە بە پلەی یەکەم وا لە لێکترازانی پەیوەندییە سیمیۆلۆژییەکانی دەقەکە لەسەر هەموو ئاستەکان، ڕێک وەک ئەوەی

بایەخی بەرامبەرێتی لەدایکبوونی خودی و زۆربوونی دوو ڕەگەزییانە وا لەو ڕۆڵەدا کە ئەم بەرامبەرێتییە لە سیستەمی تەواوی کۆدە کولتوورییەکان، یان ڕێسا کولتورییەکاندا دەیگێڕێت –پەیوەندیگیریی و یاسایی و ئابووری– لەوێدا کە تەنیا دەبێتە دالێکی دیکە.

(ئالوین باوم، سیپانوس و ئەوانیتر، 1982، ل91).

یارۆیەک دەڵێت کە باوم نووسەری ئەم بڕگەیە بە هیچ کلۆجێک لێکترازنگەرێکی «سەرکێش» نییە، ئەو پێیوایە باوم »بەشدارە لە گەڕان بەدوای شیعرییەتی بونیادگەری، یان تیۆری سیمیۆلۆژییدا بە شێوەیەکی گشتی«، بەڵام بڕوانن ئەم تیۆرەی وا ئەو هەوڵی بۆ دەدات چەند فشۆڵ و میتافۆرییە. ئەو تێرمی «بونیادی قووڵ» لە ڕێسا زگماکییەکانەوە 1965 دەخوازێت، کە وەک تێرمێکی تەکنیکی بەکاریدهێنێت، بەڵام ئەو دەیخاتە نێوان دوو کەوانەوە، تاوەکو ئاماژە بەوە بکات کە ئەو واتا تەکنیکییەکەی بەکاری ناهێنێت. ئەوەی لە بنەڕەتدا ئەو نیگەران دەکات تەفسیری شتەکان

نییە، بەڵکو خۆبواردنە لەوەی کورتیان بکەینەوە و بەم جۆرە مامەڵەیان لە گەڵدا بکەین. لە کۆنتێکستی گوتارێکی لەم جۆرەدا، ڕەنگە کۆن و نەشیاو بێت داوای ئەوە بکەین کە تیۆرێک لە زانستێک لە زانستەکانی کۆمەڵگادا، دەبێت لەسەر بنەما ئەزموونگەرییەکان دابمەزرێت و توانای تەواوی بۆ تەفسیرکردن هەبێت و کورتکەرەوە بێت، بەو واتایەی لەو واقیعانە سادەتر بێت، کە بانگەشەی تەفسیرکردنیان دەکات، ڕەنگە بازاڕییش بێت داوای ئەوە بکەین، کە تەنیا ئەو شتە بە «کەشفکردن» (دۆزینەوە) لە قەڵەم بدەین، کە پێمانوابێت ڕاستەقینەیە.

**1-8: ئەنترۆپۆلۆژیای و ڕێسا زگماکییەکان:**

کەواتە، گریمانە و بانگەشە نوێیەکان لەلایەک مۆرکی ڕاستەقینەی بەرهەممان لێدەشارنەوە کە لە چل و پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا باو بوو، لەلایەکی دیکەیش ئەو توانا و ئەگەررە ڕاستەقینانەی کە تێیاندایە. ئەم بەرهەمە لە مۆرک و ئامانجەکەیدا، وێڕای سروشتە مرۆییە تەقلیدییەکەی زۆرێک لە بابەتەکانی، تاڕادەیەکی

زۆر زانستی بوو. سەرکەوتنی ئەمە پێش هەموو شتێک بەهۆی خستنەڕووی وەسفە بونیادییە سیستەماتیکییەکانی پەیوەندییەکانی خزمایەتی و ئەفسانە و فۆلکلۆر و شیعر و هتد، بوو، بەلام لەسەر ئاستێکی بەرزتر، سەرکەوتنەکە لە کەشفکردنی کۆمەڵێک کاتیگۆریای گەردوونیدا بوو دەربارەی ئیشکردنی عەقڵی مرۆیی، ئەمەیش جۆرێک لە کانتیزمی بیۆلۆژی بوو، نەک کانتیزمی فەلسەفی. (شتراوس ئەوەی قبووڵبوون کە هەڵوێستەکەی بە «کانتیزم بە بێ سوبێکتی ترانسیێندنتاڵ» وەسفبکرێت).

لێرەدا لێکچوونێکی ورد هەیە لەگەڵ ڕێسا زگماکییەکانی چۆمسکیدا، کە زیاتر لە دە ساڵ دوای ئەنترۆپۆلۆژیای لیڤی شتراوس پەرەی سەند. ئەوەتا لێرەدا ئێمە لەبەردەم هەڵوێستێکی زانستی زۆر ئاگامەندانەداین، لە ئاستی پشکنینە زانستییەکەیدا هیچ زانستێکی کۆمەڵایەتی دیکە نەیتوانیوە بگاتە ئەم ئاستە، هەروەها گەشەسەندنێکی بەرفراوانی وەسفی زماننناسانە دەبینین،کە زۆر لە هەموو کارەکانی ئەنترۆپۆلۆژیا سەرکەوتووترە، ئەمەیش لەلایەکەوە بەهۆی

